ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com


ژمارە ٨٠٣ ▌ پێنجشەممە ٣١ی پووشپەڕی ١٤٠٠ _ ٢٢ی جوولای ٢٠٢١

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## مستەفا مەولوودی: ئەو بەربەستانەی ڕێژیم بۆ خەڵکی دروست کردوون دەبێ نەمێنن

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ «کوردستان» لەپێوەندی لەگەڵ هۆکاری سەرهەڵدانەکانی خوزستان ڕایگەیاند لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دیاریی دەسەڵات بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە شەڕ و ماڵوێرانی و بێبەشی و بەشمەینەتی بووە. کاک مستەفا مەولوودی گوتی: کوردستان و خوزستان هەتا ئێستاش کەمترین مافی مرۆیی و نەتەوەییان نەدراوەتێ، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ئەم دوو ناوچەیە خاوەنی سەرەکیی گەورەترین سامانی ئەم وڵاتە، واتە نەوت و ئاون. کەچی کەمترین قازانج و سوودیان لەو ژێرخانە سروشتییە دەوڵەمەندە ژێرزەوی و سەرزەوییانە پێ نابڕێ و ئەگەر داوایەکیشیان هەبێ، بە گوللە و ئاسن وەڵامیان دەدرێتەوە.

لەبارەی هۆکارەکانی پەلنەهاویشتنی نارەزایەتییەکان بۆ هەموو ناوچەکانی ئێران بەڕێزیان گوتی: هێندێک



بابەتی زۆر تایبەت و گرینگ هەیە کە لە ڕوانگەی بەشێک لە ئێرانییەکان زۆر بڤە و تایبەتن و هەموویان ناوێرن خۆی لێ بدەن، وەک داوای سیاسیی خەڵکی کوردستان و خوزستان و بەلوچستان و ئەوەش دەتوانێ هۆیەکی گەلێک گرینگ بێ لەو بە هانانەهاتنەی هەموو ئێرانیەکان.

**(دەقی ئەم لێدوانە لەلاپەڕەی ٣دا بخوێنەوە)**

# خەڵک تینووی ئازادییە




◆ سەروتار

## دەبێ ببین بە باهۆز بۆ گیانی کۆماری ئیسلامی

**عەلی بداغی**

لەم ڕۆژانە دەنگێک پتر لە هەموو کاتێک دەبیستری: "مەرگ بۆ خامنەیی" و "نەمان بۆ دیکتاتۆر". لە "ئیزە"ی خوزستانەوە هەتا "بێستوون"ی کرماشان و "مێترۆ"یەکانی تاران. ئەم دەنگە لەمێژساڵە چیدی هێڵی سوور نییە و خۆپیشاندان نییە بەرز نەکرێتەوە و دارودیوار نەماوە لەسەری نەنووسرێ.

شەپۆلی نوێی نارەزایەتییەکان ئەمجارەیان لە خوزستان و سەبارەت بە بێئاوی سەری هەڵدا. ئەو ئاو و برقەی قەرار بوو بۆ هەمووان بەخۆڕایی بێ، ئێستا بە پووڵ و بە نرخی زۆر گرانیش دەست ناکەون. بەڵام کێشەکە هەر "ئاو" نییە، بەڵکوو تەقینەوەی قەیرانە یەک لە دوای یەکەکانە. ئەو قەیرانگەلەی بەهۆی هەژاری، هەڵاواردن، پەراوێزخستن و بەهەند وەرنەگرتن لەسەر یەکتر کەڵەکە بوون. وەڵامی حکوومەت بەو نارەزایەتییانەش هەروەک پیشەی جارانی ڕێژنەی فیشەک و ئاگر، گرتن و کوشتن، خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتی و بەستنەوەی مافخوازیی خەڵک بە پیلانی دەرەکی بووە. هەر ئەو توندوتیژی و نابەرپرسیارەتیی ڕێژیم و بێبایەخکردنی ویست و داخوازە ڕەواکانی خەڵک وادەکا ئەم نارەزایەتییانە -بەهەر هۆ و هۆکارێکی دیکەش- لە فۆڕمی ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## ١٠٠ هەزار هێکتار لە دارستانەکانی زاگرۆس سووتاون

دوو حەوتووە دارستەکانی زاگرۆس دەسووتێن و دەبنە خەڵووز، حکوومەت بە لای ئاگرەکاندا ناچێ و ژینگەپارێزان و چالاکانی مەدەنییش شەکەت و ماندوو بەتەنیا شانیان وەبەرداوە.

بەهمەن ئیزەدی، کارناسی ژینگە دەڵێ هەرنەبێ تا ئێستا زیاتر لە ١٠٠ هەزار هێکتار لە دارستانەکانی زاگرۆس سووتاون و لەبەر ئەوەش شینبوون و ڕووانی دارەکانی زاگرۆس تایبەت بە قۆناغێکی تایبەتن، ئەم خەسار و زیانە قەرەبوو ناکرێتەوە و بووژانەوەی زاگرۆسیش ئیدی ئەستەمە. ئەو کارناسە و زۆر چاودێری سیاسییش لەسەر ئەو باوەڕەن کە زۆربەی هەرە زۆری سووتمانەکانی زاگرۆس دەستی ئانقەستیان لەپشتە و بۆ ئەوەیە زاگرۆس نەمێنێ و خەڵکەکەی لەو شوێنە بار بکەن.

ناسر کەرەمی، هەرێمناس و کارناسێکی دیکەی ژینگەش پێیوایە کە ناوەندە ئەمنیەتییەکان بەرپرسیاری سەرەکیی ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە لە بناری زاگرۆسن، چونکی لەلایەک تاوانبارن بەوەی دەستیان لە سووتمانەکاندا هەبێ، هەروەها هەموو ئیمکاناتێکی کوژاندنەوە و بەرگرتن بە بڵاوبوونەوەی ئاگرەکان لە پاوانی ئەوان دان، کەچی نە بۆخۆیان هیچ هەوڵێک بۆ کۆنترۆڵی ئاگرەکان دەدەن، نە ئەو ئیمکاناتەش دەنێنە بەردەستی ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزی؛ هەر ئەوەش گومانەکان لەسەر خۆیان بەهێزتر دەکا.

## لە مانگی پووشپەڕدا ٢٧ کۆڵبەر کوژران یا بریندار بوون

لە مانگی پووشپەڕی ئەمساڵدا ٢٧ کۆڵبەر کوژراون یان بریندار بوون، هەروەها ٤٢ کەس گیراون و ٨ بەندیی کوردیش ئێعدام کراون. کوژران و برینداربوونی ٢٧ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە مانگی پووشپەڕ لەحاڵێکدایە کە لە ماوەی سێ مانگی سەرەتای ئەمساڵیشدا ٥٣ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد درابوونە بەر دەسترێژ کە لەو ٥٣ کۆڵبەرە ١٥ کەسیان کوژراون و ٣٨ کۆڵبەریش بریندار بوون. بەو پێیە ژمارەی ئەو کۆڵبەرانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا کوژراون یان بریندار بوون گەیوەتە ٨٠ کەس.

لەو مانگە هەروەها ٨ زیندانیی کورد ئێعدام کراون و بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا ئێعدام کراون لانیکەم ١٩ کەس بووە. ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە ماوەی مانگی پووشپەڕدا لانیکەم ٤٢ کەسیان بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی دەستبەسەر کردووە و بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا گیراون گەیوەتە ١٦٨ کەس. ساڵی ڕابردوو (١٣٩٩)یش لانیکەم ٦٤٠ کەس لە چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئیتلاعاتتییەکانەوە گیران.

لەو مانگەدا لانیکەم ٨ کەس لە کوردستان بەهۆی تەقینەوەی مین کوژراون و بەو پێیە ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە بەهۆی تەقینەوەی مین کوژراون یان بریندار بوون لانیکەم ٢٥ کەس بووە.



### میراتی مەعنەویی د. قاسملوو لەبەردەم تێپەڕینی کات و گۆڕانی هەلومەرجدا

گرینگترین پرەنسیپ کە بناخە و پێوەری بەشی زۆری سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەردەمی دوکتور قاسملوو و لەدوای دوکتور قاسملووشە، سەربەخۆیی سیاسییە...

(٢)



### ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

ئەگەر دوکتور قاسملوو کورد نەبوایە، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەم خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی پێ دەبەخشرا و هەم پەیکەری برۆنزی لە ڕێکخراوە و ناوەندە جیهانییەکان بۆ دروست دەکرا...

(٥)



### بینای ژمارە پێنج

### Linke Bahngasse, wien

کێ بوو دەیگوت ئێرە شاری مۆسیقایە، شاری دیالۆگ، شاری ڕاوێژ و لێکتێگەیشتن، شاری پێکەوەژیانە؟ چ ڕووی دا کە لە بری سەمفۆنیای بێتهۆوێن و شمشاڵە سێحراوییەکەی موتزارت دەنگی گوللە دێ؟...

(٨)

◆ درێژەی سەروتار

## دەبێ ببین بە باهۆز بۆ گیانی کۆماری ئیسلامی

... خۆپیشاندانی بەربڵاوی دژیحکوومەتیدا بەردەوام بن.
خەڵکی ئێران پێش ڕاپەڕینەکەی خوزستان و هەر لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری و دوای ئەوەی کرۆنا پتر لە ساڵێک نارەزایەتییەکانی خەڵکی وەدوا دا، چەخماغەی قۆناغێکی نوێ لە خەبات و بەربەرەکانێ دژی حکوومەتیان لێدا، ئەویش لەجیدا بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و ئەستاندنەوەی دەنگی ڕەواییەتی خەڵکی لە ڕێژیم و دەسەڵاتەکەی بوو. هەر لە بەیانیی ڕاگەیاندنی ئاکامی بەناو هەڵبژاردنەکانیشەوە مانگرتنی کرێکارانی شیرکەتی نەوت، کەرتەکانی پیشەسازی، ئاژەڵداران و... لە زۆر شوێن و ناوچەی وڵات دەستی پێ کردووە و تا ئێستاش هەردێ و بەربڵاوتر دەبن.
قەیرانەکانی کۆمەڵگەی ئێران -بێئاوی یەک لەوان- لە تەواوەتیی خۆیدا دەرەنجامی دەسەڵاتی ناکارامە و نابەرپرسیارن کە ڕێگەی خۆیان لە خەڵک و هەر بەوپێیەش بەرژەوەندیی خۆیان و خەڵکیان لە یەکتر جیا کردووەتەوە. بۆیەشە بەجێی داننان بە هەڵە و بەرپرسایەتییەکانیان و مشوور خواردن لە چارەسەرکردنیان، یان حاشایان لێ دەکەن، یان بە هۆکارگەلی سیاسی و ئەمنیەتیی دیکەی دەبەستنەوە. کۆماری ئیسلامی جێی حاشای بۆ کەس نەهێشتۆتەوە کە بە چاوی ئەمنیەتییەوە لە کوردستان، بەلووچستان، خوزستان و ناوچە پەراوێزخراوەکانی دیکەی ئێران دەڕوانێ و خاک و ئاو و سەرچاوە سروشتی و ژێرزەوییەکانی ئەو ناوچانەشی هەر بۆ چەند پارێزگایەکی ئێشکەڵانی ناوەند دەوێ. بۆ نموونە دەیان ساڵە کانگاکانی بەرد و ئاسن و زێڕی کوردستان دەردەهێندرێ و بە پشتی کامیون بەڕێی تاران، ئەراک، سمنان و یەزد و ئیسفەهان دەکرێ. دەیان ساڵە سپای پاسداران بە لێشاو بەنداو لەسەر چۆم و ڕووبارەکانی کوردستان، بەلووچستان و خوزستان لێ دەدەن و ئاوە گلدراوەکانی پشت ئەو بەنداوانە بۆ پارێزگا ناوەندییەکانی ئێران بەرێ دەکەن، بێئەوەی بە تۆسقاڵ ئێکۆسیستم و ژینگە و ویشکبوونی تاڵاوەکان، مایەپووچ هاتنەوەی ئاژەڵداران و وەرزێران و کۆچی بەناچاری خەڵکی ئەو ناوچانەیان بۆ گرینگ بێت.
نموونەیەکی دی: چوار سەرۆککۆماری ئێران لە ۳۲ ساڵی ڕابردوودا خەڵکی سێ پارێزگای سمنان و یەزد و کرمان -لە ئێشکترین ناوچەکانی ئێران- بوون و هەموو هەوڵ و پرۆژەکانیشیان ڕاکێشانی ئاوی ناوچەکانی دیکە -خوزستان بۆ نموونە- بۆ ئەو شوێنانە بووە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران بە هەموو سەرچاوە سەرزەوی و ژێرزەوییەکانیانەوە دەبێ لە خزمەت ئەو چەند پارێزگایەی ناوەندا بن و ئەمە ئیدیعا و قسەی ڕووت نییە، ئەگینا کام ئەقڵ و ئاوەز و کام مشوور و تێبینیی زانستی و کارناسیبۆکراو ڕێگە دەدا گەورەکارخانەی تواندنەوەی ئاسن -کە ئاوێکی ئێجگار زۆری دەوێ- لە پارێزگای کەمئاو و تەنانەت بێئاوی «ئیسفەهان» دابندرێ؟ یان لەسەر چوار چەمی پارێزگای خوزستان کە نەوتەکەشی بە تاڵان دەبرێ، ۷ بەنداوی گەورە لێبدرێ و خەڵکەکەشی بۆ ئاوی خواردنەوە دابمێنن؟ هەموو ئەو پرۆژانەش لەلایەن قەرارگای خاتەمولئەنبیای سپای پاسداران و لەسەر ڕەزامەندیی خامنەیی جێبەجێ دەکرێن و تەنانەت خەرجەکەشی لە سندووقی پەرەپێدانی میللی هەڵدەگیرێ، تا بەمجۆرە پارێزگاکانی سنە، ئیلام، لوڕستان، چوارمەحاڵ و بەختیاری و خوزستان لە ئاوی خۆیان بێبەش بن بۆوەی چەرخی پیشەسازیی نەوت، پێترۆشیمی، پۆڵا و گازی سپای پاسداران لە پارێزگا ناوەندییەکان بەبێ کێشە بگەڕێ.
پلانەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان و ئاڵقەی تەسکی دەسەڵات هەر بەوەندە نابڕێنەوە.
ئەزموونی چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی پێمان دەڵێ کە وەدیهێنانی سەرەتاییترین مافەکانی گەلانی ئێران لە نەبوونی کۆماری ئیسلامیدا و لەگرەی هاوپێوەندیی سەراسەریی خەڵک دایە. ئەمڕۆ هاواری ئەو مافخوازییە بەگوڕتر لە خوزستانەوە دەبیسترێ و نابێ ڕێگە بدرێ ئەم دەنگە کپ و ئەو خەڵکە بێپشتیوان بمێننەوە. وەک چۆن خەڵکی خوزستان سیمبولیک دەستیان بەسەر چاڵە نەوتێک داگرت، لە هەموو ئێراندا دەبێ پەلی داگیرکەران و تاڵانچییەکان بپەڕێندرێ و وڵات بکەوێتە دەست خاوەنانی. بەڵام ئەم مەبەستە چۆن دێتە دی؟
دەبێ لە نسکۆ و سەرنەکەوتنی جووڵانەوەکانی پێشوو فێر بووبین کە نەبوونی یەکرێزی و بەردەوامی و هەروەها نەبوونی ڕێبەریی وایکرد سەرکوتی بێبەزییانە پاشەکشەی کاتی بە خەڵک بکا. بەڵام ئەمجارەیان دیارە بە سەرکوتیش دەرەقەتی خەڵک نایەن. خەڵک ترسیان ڕژاوە و ئامادەن لەپێناو مافەکانیاندا گیانیان دابنێن. پوتانسیەلی نارەزایەتی دەربڕینی خەڵک لەو ماوەیەدا کە لە چوارچێوەی مانگرتنی کرێکاران، خۆپیشاندانی خانەنشینکراوان، کۆبوونەوەی ماڵلەدەستچووان و خەڵکی نارازی بە نەبوونی ئاو و بەرق و، وەزاڵەهاتوو لە گرانی و بێکاری خۆیان دەنوێنن، پێویستە یەک بخرێن و ڕەشەبایەکی گەورە و بەربڵاوی سەراسەرییان لێ وەرێ بخرێ کە بتوانێ کۆشکی بێدادیی ئەم ڕێژیمە لە بنەوە ڕاماڵێ.
دەنگی خەڵکی نارازی دەبێ ببیسترێ، هەم لە لایەن ئۆپۆزیسیۆن و دژبەرانی سیاسیی ڕێژیمەوە، هەم کۆمەڵگەی جیهانی. هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری و نارەزایەتییە سەراسەرییەکانی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو لەم وڵاتە پێشانیان داوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ شەرعییەتێکی لای خەڵکی ئێران نییە و گەلانی ئەم وڵاتە لەمێژە لە تەواوەتیی ئەم ڕێژیمە تێپەڕیون. بۆیە کات بۆ ئۆپۆزیسیۆن درەنگە هەتا بەسەر گەورەترین خاڵی لاوازی خۆیان کە نەبوونی یەکیەتیی بەکردەوە و یەکرێزی لەهەمبەر ڕێژیمە سەر بکەون، ئەگینا جووڵانەوەکان لە بەردەوامیی خۆیاندا، ڕێبەریی خۆیان لە هەناوی خۆیاندا دەبیننەوە. ئەم دەنگە دەبێ لەلایەن ئەمریکا و ڕۆژئاوا و هاوبەشە ئابوورییەکانی ئێرانیشەوە ببیسترێ. ڕێژیمێک کە خەڵکەکەی لەسەر داوای ئاو و بەرق و کار و نان و نارەزایەتی بە گرانی و بێکاری دەکوژێ، ڕێژیمێک کە خەڵکەکەی خۆی بەبارمتە گرتووە، ناتوانێ بۆ ئەوانیش جێی بەقا و دڵنیایی بێت، بۆیە پێویستە ئەوانیش هەڵبژاردنێکی دیکەیان هەبێ و پشتیوانی لەو خەڵکە بکەن.

# میراتی مەعنەویی دوکتور قاسملوو لەبەردەم تێپەڕینی کات و گۆڕانی هەلومەرجدا

(بەشی یەکەم)



د. ئاسۆ حەسەن‌زادە



**هەرگیز دوکتور قاسملوو داوای لە قوتابیان و درێژەدەرانی ڕێبازەکەی نەکردووە کە هەرچی ئەو لە سەردەمی ژیانیدا کردوویەتی و گوتوویەتی، ئەوانیش لەپاش مەرگی هەر وا بکەن و بۆ هەموو شتێک هەمیشە لەسەر هەمان ڕێچکە بڕۆن. بەپێچەوانەوە، کارکردن بە شێوازی دوکتور قاسملوو بریتییە لە بەرنامەدانان و جێبەجێکردنی کردەوەی سیاسی لەسەر بنەمایەکی مەعریفی و بە پشتبەستن بە مێتۆدی زانستی کە ئەویش ڕامان و شرۆڤەی ئۆبژێکتیڤ و بەدوور لە مێتافیزیک و ئامادەیی بۆ تاقیکردنەوە و پێداچوونەوەی بەردەوام دەخوازێ**

میراتی مەعنەویی ڕێبەرێکی سیاسی بریتییە لەو کۆمەڵە ڕەمز و باوەڕ و بەها و کارکردە سیاسی و فەلسەفییەی لەپاش مەرگی بۆ وەچە یان وەچەکانی پاش خۆی دەمێنێتەوە. میراتی مەعنەوی بە پلەی یەکەم بەرهەمی گوتار و کرداری سەردەمی ژیانی ڕێبەرەکەیە، بەڵام ئەو ڕاڤە و کارپێکردنەش کە لە پاش مەرگی ڕێبەر لە گوتار و کرداری وی دەکرێ، بۆخۆی شکڵ و ماهیەت بە میراتە مەعنەوییەکەی دەبەخشێ. لەگەڵ ئەوە کە جەوهەری تێکست بەبێ لەبەرچاوگرتنی کۆنتێکست میسداقیەتی نییە، ئەوە تێپەڕینی زەمان و زیندوو ڕاگرتنی میراتە مەعنەوییەکە لەلایەن نەوەکانی دواترەوەیە کە خیسلەتی میراتبوون و ماهیەتی ئەو میراتە نیشان دەدا. بە واتایەکی دیکە زۆر جار پێویستە زەمان تێپەڕێ بۆ ئەوەی دەربکەوێ ڕێبەرێک چ میراتێکی زەینیی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە. تەنیا ڕێبەرانی گەورە و شوێندانەریش خاوەنی میراتی مەعنەویین.

دوکتور قاسملوو لەو دەگمەن ڕێبەرە سیاسییانەیە (بەتایبەتی لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست) کە دەکرێ بڵێین میراتێکی مەعنەویی پڕ و دیاری لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە. ئەو هەم لە سەردەمی هەستیار و درەوشاوەی ژیانیی سیاسیی خۆیدا (کە چەقەکەی دەکەوێتە نێوان ساڵانی ۱۹٦۸-۱۹۸۸) داهێنەر یان لانیکەم شکڵدەری زۆر چەمک و پرەنسیپ و هەڵوێستی سیاسی بووە کە لە دارشتن و جێخستنی ناسنامەی سیاسیی ئەو حیزب و بزوتنەوەیەدا کە ئەو ڕێبەرایەتیی دەکرد سروشتێکی ستروکتوری (پێکهاتەیی)یان هەیە، هەم زیاتر لە سێ دەهە لە پاش نەمانی فیزیکیی، جیا لە زیندوویی هەستەکی و سەمبولیکی ناو و یادی لەنێو درێژەدەرانی ڕێگاکەی و خەڵکی کوردستاندا، ئیرادەیەکی بەدایم ڕاگەیەندراو و دووپاتەوەبوو بۆ بەردەوام بوون لەسەر دەرس و ئەزموونەکانی لەنێو بژاردەی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی لە ڕێبەرایەتی و لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا (بە هەردوو بەشی حدک و حدکایەوە) هەیە.

دیارە سامانی مەعنەویی دوکتور قاسملوو لە مێژووی پێش خۆی دابڕاو نییە و زۆر شتی میراتی زەینیی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لەپێش سەردەمی ژیانی سیاسیی چالاکی قاسملوو بەتایبەتی ئەوە کە لە کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد بەجێ ماوە، بووە بە بەشێکی میراتی مەعنەویی دوکتور قاسملووش، بەتایبەتی ئەگەر قاسملوو لە خوێندنەوە و بنەماسازی و بە تیئۆری کردنیدا نەخشی بووبێ.

هەرگیز دوکتور قاسملوو داوای لە قوتابیان و درێژەدەرانی ڕێبازەکەی نەکردووە کە هەرچی ئەو لە سەردەمی ژیانیدا کردوویەتی و گوتوویەتی، ئەوانیش لەپاش مەرگی هەر وا بکەن و بۆ هەموو شتێک هەمیشە لەسەر هەمان ڕێچکە بڕۆن. بەپێچەوانەوە، کارکردن بە شێوازی دوکتور قاسملوو بریتییە لە بەرنامەدانان و جێبەجێکردنی کردەوەی سیاسی لەسەر بنەمایەکی مەعریفی و بە پشتبەستن بە مێتۆدی زانستی کە ئەویش ڕامان و شرۆڤەی ئۆبژێکتیڤ و بەدوور لە مێتافیزیک و ئامادەیی بۆ تاقیکردنەوە و پێداچوونەوەی بەردەوام دەخوازێ.

بەو حاڵەش، لەگەڵ ئەوە کە دوکتور قاسملوو وەک هەر ئینسانێکی دیکە شوێنەواری سەردەمی ژیانی خۆی بەسەرەوە بووە، بەهۆی ژیری و باوەڕمەندی و دوور ڕوانینی، زۆر لەو بەها بنەڕەتی و پرەنسیپە کارییانەی ئەو داهێنەر و جێخەریان بووە و زۆر لە قەناعەت و پێشبینییەکانی، بۆ ئێستا و ئایندەی بزووتنەوەی کورد بەتایبەتی لە ئێران هێشتا موعتەبەر و لە شوێنی خۆیاندان. بەشێکی ئەو ئیعتبارە ئیعتبارێکی فەلسەفییە واتە تابعی زەمان و زەمینەی عەینیی نییە، بەڵکوو زاتەن هەڵگری بایەخێکی نەگۆڕە، چ لەبەر ئەوەی سروشتێکی ئەخلاقی و بەرپرسیارگەرایانەی هەیە، چ لەبەر ئەوەی پێوەندیی بە کوردایەتییەکی دروست و ڕاستگۆیانەوە هەیە. بەشێکی ئەو ئیعتبارەش ئیعتبارێکی زانستییە، واتە لەبەر ئەوە لە شوێنی خۆی ماوە کە وڵامدەری هەمان ئەو خوازیاری و بوارە عەینی و زەینییەیە کە دوکتور قاسملوو دەیدیتن و ئێستاش وەک خۆیان ماون، یان ئەگەر قەرار بێ بگۆڕێ دەبێ بە وەبەرچاوگرتنی ڕادەی وەدیهاتنی ئەو مەرجانە بێ کە قاسملوو بۆخۆیشی بۆ گۆڕینی سیاسەت و ئاقارێکی ستراتژی ئاماژەی پێ کردبوو.

بێگومان ئەوە کە دوکتور قاسملوو وەک گەورەپیاوێکی هەرە دیار و خۆشەویستی نێو مێژووی کورد لە ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و لە ئەنجامی پیلانێکی نائینسانی و ناجوامێرانەدا گیانی بەخشیوە، حاڵەتێکی بەهێزی عاتیفی و ویژدانیی لەنێو خەڵکی کوردستاندا دروست کردوە کە وا دەکا بیرەوەریی دوکتور قاسملوو لەهەر حاڵدا بارێکی زەینیی سەنگین و درێژمەودای بۆ نەوەکانی دواتر هەبێ. بەڵام ئەگەر لەسەر بنەمای ئەو پێوەرەی لە سەرەوە باس کرا، میراتی مەعنەویی دوکتور قاسملوو ورد بکەینەوە و پۆلێنی بکەین، بەسەر دوو دەستە لە چەمک و بەها و پرەنسیپدا دەکەوین: لەلایەک میراتی مەعنەویی نەگۆڕی قاسملوو، لەلایەکیش ئەو توخم و پارامێترانەی شیاوی گۆڕانن.

لەنێو ئەو بەشە لە میراتی مەعنەویی دوکتور قاسملوودا کە تێپەڕینی کات و گۆڕانی هەلومەرج نە توانیویەتی و نە دەتوانێ لەنێوی ببا یان کەمڕەنگی بکاتەوە، سەرەتا کۆمەڵێک پرەنسیپی کاری و ئەسڵی مێتۆدیک وەبەرچاو دەکەون. بۆ دوکتور قاسملوو سیاسەت پێش هەموو شتێک بریتی بوو لە خەبات لەپێناوی ئامانج و ئیدەئالێکی ڕوون بە ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک بەها و پرەنسیپی چەسپاو. لە عەینی حاڵدا، دوکتور قاسملوو کەسێکی واقیعگەراش بوو. لەگەڵ هەموو خوێندەواری و باوەڕمەندیی بە پرەنسیپ و بەهاکان، ئەو لە باوەڕەدا بوو کە سیاسەت ئەوەیە کە لەسەر ئەرزی واقیع دەکرێ. کریس کۆچێرا لێی دەگێڕێتەوە کە گوتوویەتی "ئەوەی گرینگە تێزەکانی میخائیل سۆسلۆڤ [ئیدئۆلۆگی گەورەی شووڕەوی] نین، بەڵکوو ئەو بیرانەن کە هەڵقووڵاوی کۆمەڵگەی خۆمانن". ("خەباتخوازیی کورد"، ۱۹۹۷).

ئەو واقیعگەراییە وای لە دوکتور قاسملوو کردبوو کە ڕووبەڕوو (نەک هەر بە دروشم یان لەلاوە) مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەو نالێکییانە بکا کە پرسی کورد و بەگشتی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێیانەوە گرفتارە: تەزاد لەنێوان خەون و واقیع، تیئۆری و کردەوە، نەریت و مۆدێرنیتە، سێکۆلار بوون و تەعامول لەگەڵ مەزهەب، کورد بوون و لە ئێران ژیان، مەیدانداری و ئەخلاق، شۆڕشگێڕ بوون و دێموکڕات بوون، خەباتخوازی و ئاشتیخوازی، ... هتد. واقیعگەرایی لەلای دوکتور قاسملوو دوو شتی دیکەشی لێ دەکەوتەوە : یەکەم، ئەولەویەتدان نەک بە فۆڕم و ڕواڵەت، بەڵکوو بە جەوهەر و ناوەرۆک. شتێک کە بۆ نموونە لە ڕەخنەگرتنی لە سۆسیالیزمی مەوجود (بڕوانە "کورتەباس") یان لە ڕوانینی بۆ جۆری چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا (بڕوانە دەقی قسەکانی لە دانیشتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە ڤیەن) بە ڕوونی دیارە. دووەم، پراگماتیسم و کارکردن بۆ مومکینەکان وێڕای پاراستنی دوورەدیمەنی خواست و ئامانجەکان. بۆ نموونە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، تەنانەت دوای ئەوە کە حیزبی دێموکڕات لەژێر کاریگەریی دوکتور قاسملوودا ڕێفراندۆمی دیاریکردنی نیزام بایکۆت دەکا، ئەو حیزبە و خودی دوکتور قاسملوو بەمەبەستی نیشاندانی پێگەی جەماوەری و شەرعیەتی دێموکڕاتیکی خۆیان، زیاتر لە جارێک لە مەوعیدە نیمچە ئازادەکانی هەڵبژاردن لەدوای ئینقلابدا بەشدار و تەنانەت کاندید دەبن.

پرەنسیپێکی دیکەی کاری بۆ دوکتور قاسملوو پەنابردن بۆ مێتۆدی زانستی بەو پێناسەیە بوو کە لە سەرەوە باس کرا. ئەمەش جیا لە هەوڵدان بۆ ژێرخانسازیی فیکری بۆ خەبات و جووڵەی سیاسی، دەبووە هۆی ئەوە کە دوکتور قاسملوو لە پێداچوونەوە بە شتەکان و ڕەخنەگرتن لە ڕابردوو و ڕەخنە لەخۆگرتن نەترسێ. ئەو، سەرباری هەموو ڕێز و هۆگرییەک کە بۆ ئەزموونی کۆماری کوردستان و شەخسی پێشەوای هەبوو، لە "چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی" (۱۹۸۵) لەو شوێنەدا کە دەبێ ڕەخنەیان لێ بگرێ، پێشڕەو بوون و شۆڕشگێڕ بوونی حیزبێکی سیاسی بەوە دەبەستێتەوە کە ئەو حیزبە چۆن لە ڕابردووی خۆی و هەڵەکانی دەڕوانێ و پێی وایە حیزبێکی ئەوتۆ نابێ لەوە نیگەران بێ کە بە ڕەخنەلەخۆگرتن و داننان بە هەڵەکانی، دژمن بە خۆی شاد دەکا یان لە ئیعتباری کەم دەبێتەوە.

ئەو جۆر و ڕادەیە لە ئازایەتیی بەرپرسیارانەی قاسملوو لە بنەڕەتەوە بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئازادیخوازبوونی بە مانای ڕاستەقینەی وشە بوو. بۆ دوکتور قاسملوو کە زۆر پێداگریی لەسەر بایەخی ئازادی بۆ کەرامەتی ئینسان دەکرد، نەدەکرا ئازادیت بوێ، بەڵام ئازاد بیر نەکەیەوە. ئەوەش لە فەزای خەستی ئیدئۆلۆژیی ئەو ڕۆژگارەدا تایبەتمەندییەکی بۆ ئەودەم یەکجار دەگمەنی لەلای دوکتور قاسملوو دروست کردبوو: پێڕەویی بێئەملاوئەولای لە هیچکام لە ئۆردووگا فیکری و سیاسییەکانی زاڵ لەدنیادا نەدەکرد و بەگشتی ملکەچی هیچ دۆگمێک نەدەبوو. ئەگەریش قەرار با هەگبەیەکی ئیدئۆلۆژیک بۆخۆی و حیزبەکەی بئاخنێ، ئەو هەگبەیە تێهەڵکێشی ئازاد و ژیرانە و دووبارە خوێندراوە و گونجێندراوی چەمک و بەها جیهانییەکان لە گۆشەنیگای بەرژەوەندی و

درێژە بۆ لاپەڕەی ۱۰

# چەمکی کۆمەڵگەکان لە دەوڵەتاندا



شاروخ حەسەنزادە

لە زانستە سیاسییەکاندا "کۆمەڵگەکان" لە بواری کارکردی سیاسییەوە دەخرێنە پێوانە و شرۆڤەکردن. بەپێی قیاس و تێکچڕژاویی کۆمەڵگەکان دەکرێ دەستەبەندیی وەک، ئەتنیک، هۆز و لەوپەری خۆیدا کۆمەڵگەی دەوڵەتیی بۆ لەبەرچاو بگیرێ. ئەم کارکردە یا ئەم چێکردە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوشی کولتووری، جوگرافیایی و دیرۆکی کە ئەم کۆمەڵگەیانە هەیانە و دەکرێ بە شێواز و فۆرمی جیاواز هێزی سیاسیی خۆیان دەربرن. بە ڕوانینی کۆمەڵناسی و بەپێی بۆچوونی "پیتەر ئێڵ بێرگێر"، کۆمەڵگە واتە "دەستکەوتێکی مرۆڤایەتی و ئیتر هیچ، بەم جیاوازییە کە ئەم دەستکەوتە بەردەوام لە حاڵی گۆڕانە و کاریگەریی بەسەر بەرهەمهێنەرەکانی خۆیدا هەیە". واتە مرۆڤەکان، کۆمەڵگەیان پێکهێناوە بەڵام ئەم خوڵقێنەرە هەموو ڕۆژێک دەگەڕێتەوە و پارادایمەکانی خۆی سەرلەنوێ پێناسە دەکا. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگە، گرووپەیلی ئینسانین بەو مەرجەی دەگەڵ یەکتر پێکبێن و لە بواری نیشتمانی، حاکمییەت یا چاوەڕوانیی کولتووری دەگەڵ یەکتر لایەنی هاوبەشیان هەبێ.

بە شێوەیەکی گشتی و بە چاویلکەی باسەکەی ئێمە کۆمەڵگە لە دەوڵەتان و بەتایبەت حکومەتە توتالیتەرەکان (کە تۆختر دیارە) بەسەر دوو لک دابەش دەکرێن: کۆمەڵگەی فەرمی و کۆمەڵگەی نافەرمی.

**کۆمەڵگەی فەرمی:** بەو شەبەنگە لە کۆمەڵانی خەڵک دەگوترێ کە سەر بە دەوڵەت و دامەزراوەکانی فەرمین. هەموو ئەو تاکانەی سەر بەم کۆمەڵگەیە، لە سەرۆک و بەرپرسانی پلەبەرز هەتا چاپەز و پاسەوانێک و هەموو ئەوانەی یاسا و ڕێساکانی حکوومەتیان لا پەسەند بێ دەکەونە چوارچێوەی کۆمەڵگەی فەرمی. ئەگە لە پێشوودا بە کۆیلەی دەوڵەت پێناسەیان بۆ کراوە، ئێستا ناوەکەی گۆڕاوە بۆ کارمەندی دەوڵەتی یا نازناوی فەرهەنگی-یان بۆ داناون بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی کە بۆیان داتاشراوە هەتا دەگەڵ کۆمەڵگەی نافەرمی جیاوازی هەبێت، وەک شێوازی قسەکردن، جلوبەرگەکانیان، پرستیژ پێبەخشین لە بانکەکان بۆ دانی زەمانەتی وام و قەرز و دەستەچەک و... .

شێوازی کارکردن لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا ئەستوونییە و دەستەڵاتەکان لە ژێرەوە بۆ ژوور، هەڵدەچنرێ. بۆ میناک لە سیستمی نیزامیی وڵاتێکی دیکتاتۆری وەک ئێران لە سەربازێکەوە هەتا، سەرجوخە، گروهبان، ئوستوار، ستوان، سەروان، سەرگورد، سەرهەنگ، سەرتیپ، سەرلشکر، وەزیری بەرگری، سەرۆککۆمار لە کۆتاییدا و لە بان هەرەمەکە ڕێبەری هەڵکەوتووە. یا لە وزارەتخانەیەکی وەک پەروەردە و ڕاهێناندا لەو کەسەی کە قوتابخانەکان خاوێن دەکاتەوە هەتا مامۆستا، نازم، مودیر، جێگری بەرپرس، بەرپرسی پەرەوەردە و ڕاهێنان لە شارێک، جێگری بەرپرسی گشتی (مودیرکل)، بەرپرسی گشتی لە پارێزگایەک، جێگری وەزیر، وەزیر، سەرۆککۆمار و دیسان ڕێبەری! ئەمە نموونەیەکی بەرچاوە لە کۆمەڵگەی فەرمی یا کۆمەڵگەی سیاسی. لەلایەکی تر و بە ڕوانینێکی حقووقی و یاسایی حکومەتەکان لە ڕەوتی دابەشکردنی دەستەڵاتەکان مکانیزمێکی هەتاڕادەیەک هاوبەشیان هەیە، لێبەڵێ لە ڕێژیمەکانی دیکتاتۆردا هەمیسان ئەم مۆدێلە دەستکاری کراوە.

شارڵ دۆ مونتسکیۆ (١٦٨٩-١٧٥٥)مافزان، لە چاخی ڕەوشەنگەری لە فەرانسە بیرۆکەی سیاسیی خۆی لەمەڕ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان دەنووسێتەوە. ئەو یەکەم کەس بوو کە لە کتێبە بەناوبانگەکەی "ڕوحی یاساکان"دا، دابەشکردنی دەسەڵات بەپێی بەرپرسیارەتیەکان (هێزەکانی بەڕێوەبەری، یاسادانان و داد) لەژێر کاریگەریی تامس هابز و جان لاک و دێکارت و... باس دەکا. مونتسکیۆ کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر شۆڕشی مەزنی فەرانسە و ئەساسنامەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داناوە کە لەلایەن توماس جێفرسۆنەوە بۆ سەربەخۆیی وڵاتی ئەمریکا ئامادە کرابوو (١٧٧٦). ئەو باوەڕی بە دێمۆکراسیی سەردەمی یونان هەبووە بەو دەستەڵاتە و هێزی زۆرەوە هەر وەک بۆچوونەکانی هابز، بەڵام لەهەمان کاتدا پێیوابووە دەبێ هێز لە نێوان هەڵبژاردەکانی کۆمەڵگەدا دابەش بکرێ(١).

لەهەمان کاتدا ئەگە حکوومەت، لەو سێ هێزە سەرەکییە، دەستەڵاتی زیاتری هەبێ و لک و پۆپی تری لێ ببێتەوە و هەمووشی سەر بە کەسێکی دیاریکراو بێ کارەسات ڕوو دەدا، بەتایبەت لە شێوازی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان ئەم دیاردەیە ڕوونتر دەردەکەوێ. (لە ئێران جیا لەو سێ هێزانە ئەوانەش هەن: مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام، مەجلیسی خوبرگان، شووڕای نیگابان، شووڕای عالیی ئەمنیەتی نەتەوەیی، شووڕای عالیی ئینقلابی فەرهەنگی و... . لە ئاکامدا هەموویان سەر بە ڕێبەریی وڵاتن کە ئەویش ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهە! و ئەویش خاوەنی حوکمی حکومەتییە. نموونەیەکی بەرچاو لە دابەشکردنی دەستەڵات کە کارەساتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، نیزامی و... لێ دەکەوێتەوە).

**کۆمەڵگەی نافەرمی**، بەو کۆمەڵگەیە دەگوترێ کە تاکەکانی بەشدار لەو فۆرمە کۆمەڵایەتییە سەر بە دەستەڵاتی سیاسییەوە نین و بەپێچەوانە لە کۆمەڵگەیەکی سڤیلدا و لە بەشی جۆراوجۆرەکانی یا توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە (کرێکارەکان، شۆفیران، بازارییەکان، ژنان، خوێندکاران، جووتیاران و...)پێکدێن. لە نێوەڕۆکی ئەمجۆرە کۆمەڵگەیە دوو ڕەوت سەرهەڵدەدا.

یەکەمیان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی"ڕێکام" (سەمەنەکان، NGO-یەکان) و دووهەم، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.



### پێناسەگەلی گشتی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی

- کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ڕاگرتنی بالانسی نێوان دەسەڵات و خەڵکە.
- کۆمەڵگەی مەدەنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن.
- کۆمەڵگەی مەدەنی ڕایەڵەی پێوەندییەکانە.
- کۆمەڵگەی مەدەنی ئەنجومەن و دامەزراوەکانن.
- کۆمەڵگەی مەدەنی باشترین و کەمتێچووترین جۆری ڕێکخستنە لە چێکردنی دەستەڵاتی خەڵکی بۆ گۆڕان.
- کۆمەڵگەی مەدەنی ئاگا لەیەک بوونە.
- کۆمەڵگەی مەدەنی هێمای پێوەندییە مۆدێرنەکانە لەنێو کۆمەڵگەدا.
- کۆمەڵگەی مەدەنی خوازیاری شەفافسازی لە کارەکانی حکوومەتە.
- کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکخستنی سێنفییە بۆ بەرگری لە مافی کار.
- کۆمەڵگەی مەدەنی زەبری دروستکردنی "گوفتمان"ـە(وێژەمان) لەنێو کۆمەڵگە.
- کۆمەڵگەی مەدەنی پردی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەیە.
- کۆمەڵگەی مەدەنی نەقدی سیاسەت و کارەکانی دەوڵەتە.
- کۆمەڵگەی مەدەنی یارمەتیدەری حکوومەتی دێمۆکراتیکە.
- کۆمەڵگەی مەدەنی پشتیوانی دێمۆکراسییە.
- کۆمەڵگەی مەدەنی هەستی متمانەیە لە نێوان کۆمەڵگەدا.
- کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵێکە بۆ برەودان بە پێشکەوتنی بەردەوام و ئینسانی.
- کۆمەڵگەی مەدەنی تژی لە ڕێکخراوەکانە.
- کۆمەڵگەی مەدەنی مەتاڵ و لەمپەرە بەرامبەر دیکتاتۆرەکان.
- کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئاشتی و ئازادی، بۆ پاراستنی ژینگە و ڕۆشنگەری بەیداخە.
- کۆمەڵگەی مەدەنی ڕمبی خەڵکە بۆ دیکتاتۆران.
- کۆمەڵگەی مەدەنی پشتیوان و هاندەری خەڵکە بۆ بەشداریپێکردنی خەڵک لە چارەنووسی خۆیان.

- کۆمەڵگەی مەدەنی سەنگەری پێواژۆ کۆمەڵایەتییەکانە.
- کۆمەڵگەی مەدەنی بەگژداچوونەوەی ناعداڵەتییەکانە.
- کۆمەڵگەی مەدەنی چڵغووی ئەتنیکە ڕەنگییەکانە بۆ ڕامالینی دیکتاتۆرەکان(٢).

و کۆمەڵگەی مەدەنی... .

### تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

١. کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمەڵگەیەکی یاسامەندە کە یاساکانی بۆ سەرجەم شارۆمەندانە.

٢. کۆمەڵگەی مەدەنی لە نێوخۆوە کۆنترۆڵ دەکرێ، ئەم کردەوەیە کەمتێچوو، بەردەوام و دڵخوازانەیە.

٣. چالاکی و بەشداری لە کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوەی بەربڵاو لە نیزامی جڤاکییە کە دەبێتە هۆی هەست بە بەرپرسیارەتیکردن و لە ئاکامدا "متمانەی کۆمەڵایەتی" لە ئاستی کۆمەڵگەدا پەرە پێ دەدا (بۆ نموونە کەمپەینە خێرخوازییەکان و هاوکاری و یارمەتییەکان بۆ خەڵکی بوولەرزە و سێڵاولێدراو کە خەڵک متمانەی بە کۆمەڵگەی مەدەنی کرد نەک بە ئۆرگانەکانی حکوومەت).

٤. کۆی گشتیی دامەزراوەکان و ئەنجوومەنەکان لە کۆمەڵگەی مەدەنی، سەربەخۆ و جیا لە دەوڵەت، چالاکن.

٥. چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بە واتای ئەمڕۆیی هی سەردەمی مۆدێرنە.

٦. تاکەکان لە کۆمەڵگەی مەدەنی خۆ لە هەر کردەوەیەکی توندوتیژی دەبوێرن و باوەڕیان بە دیالۆگ و پێکهاتن هەیە.

٧. چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بەپێی گەشە و گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتی، دەگۆڕێ.

٨. پلۆرالیسم و ئاڵوگۆڕی هزر و ئەندێشە لە فەزای گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی بەردەوام گەشە دەکا.

٩. لە کۆمەڵگەی مەدەنی پێوەندییەکانی گرووپی بەشیوەی ئاسۆییە و دەبێتە هۆی شۆناسی هاوبەشی مرۆڤایەتی.

١٠. لەوەها کۆمەڵگەیەکدا، پێوەندییە مەدەنییەکان لە سەرەوەی پێوەندییە خزمایەتییەکانن.

١١. سیاسەت، بەرنامە، هەڵوێست و چالاکییەکان ڕوونن کە ئەمەیان تایبەتمەندی سەرەکیی کۆمەڵگەی مەدەنییە.

١٢. دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی گشتی بۆ کۆمەڵگە گرێبەستێک لە نێوان ئەندامانی خۆیاندا دەبەستن و هیچ قازانجێکی تر لە دەرەوەی ئەم لێک تێگەیشتنە بوونی نییە.

١٣. دامەزراندنی و بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕووداوێکی خێرا نییە بەڵکوو پرۆسەیەکی ئارام و لەسەرەخۆیە کە جووڵەی تایبەتیی خۆی هەیە.

١٤.کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەتمەندیی پەروەردەیی هەیە چوونکە بایەخی کار و چالاکیی گشتی فێری تاکەکان دەکا.

کەوابوو کۆمەڵگەی مەدەنی لە بۆشایی نێوان بنەماڵە و کۆمەڵگەی سیاسی دەپشکوێ و لە هەناویدا سێ ڕەوت جیا دەبنەوە:

١. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.
٢. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی
٣. ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان.

***

**سەرچاوەکان:**

١- ارنبرگ، جان ، سیر حکمت جامعه مدنی، ترجمه هومن نیک اندیش. آموزشکده توانا. چاپ اول واشنگتن ٢٠١٦

٢- علمداری، کاظم، جامعه مدنی، گفتارها، زمینەها و تجربەها، پروژه آموزشکده توانا ٢٠١٥

## مستەفا مەولوودی:

# ئەو بڤە و بەربەستانەی ڕێژیم بۆ خەڵکی دروست کردوون دەبێ نەمێنن



شەش ڕۆژە ناڕەزایەتییەکان لە خوزستان سەبارەت بە قەیرانی ئاو بەردەوامە و وەڵامی داوای خەڵک دیسان گوللە و سەرکوت و گرتن بووە. لە کاتێکی لەو چەشنەدا چ ئەرکێک دەکەوێتە سەر شانی خەڵکی ناوچەکانی دی و بۆچی وەک چۆن پێشتر "کوردستان" بە تەنیا دەمایەوە، ئێستاش "خوزستان" بە تەنیایە؟ کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ "کوردستان" لەپێوەندی لەگەڵ هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو ناڕەزایەتییانە گوتی:

بۆ خەڵکی خوزستانیش وەک بەشەکانی دیکەی ئێران هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بوو بە نەهامەتی و ماڵوێرانی و چارەڕەشی. سیاسەتی ناردنە دەرەوەی شۆڕش و هاندانی خەڵکی وڵاتانی دراوسێ بە تایبەت خەڵکی شیعە مەزهەب لە عێراق شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئەو دوو وڵاتەی لێ کەوتەوە کە خەڵکی خوزستان و کوردستان تێیدا زەرەرمەندی سەرەکی بوون. شوێنەواری ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە ئێستاش بە وڵات و خاک و ڕوح و ڕەوانی خەڵکی ئەو ناوچانە دیارە و ڕێژیم هیچ هەوڵێکی نەداوە هەر نەبێ بەشێک لەو زیانە ماددی و مەعنەوییانە ئەو خەڵکە قەرەبوو بکاتەوە. سێ دەیە پاش کۆتایی شەڕیش خەڵکی ئەم ناوچانە کەمترین مافی مرۆیی و نەتەوەییان نەدراوەتێ، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە کوردستان و خوزستان خاوەنی سەرەکیی گەورەترین سامانی ئەم وڵاتە، واتە نەوت و ئاون. کەچی کەمترین قازانج و سوودیان لەو ژێرخانە سروشتییە دەوڵەمەندە ژێرزەوی و سەرزەوییانە پێ نابڕێ و ئەگەر داوایەکیشیان هەبێ، بە گوللە و ئاسن وەڵامیان دەدرێتەوە.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەدرێژەدا گوتی: خوزستان و کوردستان لەو ساڵانەی دواییدا غەدرێکی دیکەشیان لێکراوە و ئەویش ڕاگواستنی ئاوی ئەم ناوچانە بۆ شوێنەکانی دیکەی ناوەندی ئێرانە کە بەمە ژیان و بارودۆخی خەڵکی ئەم دوو ناوچەیە ئەوەندەی دیکە تووشی هەڵتەکان و شپرزەیی بووە. بۆ نموونە خوزستان ٥ ڕووباری گەورەی هەیە و سپای پاسداران بۆ ئامانجە ئەمنیەتییەکانی ٧ بەنداویان لەسەر هەڵبەستوون و کار گەیشتووەتە ئەو ڕادەیە کە ئاو بۆ خواردنەوە نەبێ و زەوی شەقار شەقار و مەڕ و مالات لە تالاوە وشکبووەکاندا قڕ ببن. ئەوەش کە دەنگی حەقخوازیی تۆمەتی دەستی دەرەکیی دەخرێتە پاڵ و داوای خەڵک بە گوللە وەڵام دەدرێتەوە هەر بۆ ڕوانگەی ئەمنیەتیی ڕێژیم بۆ ویستی نەتەوە مافخوازەکانی ئێران دەگەڕێتەوە. لایەنێکی دیکەش ئەوەیە کە ڕێژیم نایهەوێ و لە ئێستاشدا بەهۆی سیاسەتە هەڵەکانی پێشووی ناشتوانێ وەڵامێکی بەحەقی ئەو خەڵکە بداتەوە، بۆیە دەیەوێ بە سەرکوت و کوشتوبڕ بێدەنگ و پاشەکشەیان پێ بکا.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی ئەو ناڕەزایەتییانە ناکێشرێتە هەموو ناوچەکان، لە حاڵێکدا زۆر هۆ و هۆکاری هاوبەش بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی ناڕەزایەتییەکان هەیە، گوتی: بۆ ئەوە هۆکار زۆرن کە هێندێکیان بەرچاو و هێندێکی دیکەشیان نادیارن، بەڵام دیارترینیان ئەو خاڵانەن: یەکەم، مەرج نییە داوای توێژێک یان ناوچەیەک لە خەڵکی ئێران داوای سەرانسەری و ویستی هەموو خەڵکی ئێران بێ. جیا لەوەش پێوەندییەکی بەهێزی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە نێو هەموو خەڵکی ئێراندا نییە تا لە حاڵەت و کاتی ئاوادا خەڵکی هەموو ئێران پشیگیری داوای ڕەوای خەڵکی یەکێک لە بەشەکان و ناوچە و پێکهاتەیەکی شوێنە جیاوازەکان بکەن. دووهەم: هێندێک بابەتی زۆر تایبەت و گرینگ هەیە کە لە ڕوانگەی بەشێک لە ئێرانییەکان زۆر بڤە و تایبەتن و هەموویان ناوێرن خۆی لێ بدەن، وەک داوای سیاسیی خەڵکی کوردستان و خوزستان و بەلوچستان و ئەوەش دەتوانێ هۆیەکی گەلێک گرینگ بێ لەو بە هانانەهاتنەی هەموو ئێرانیەکان. سێهەم هۆکاریش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتی غەڵەت و دروستکردنی قەیرانی زۆر و جۆراوجۆر بە گشتی بۆ هەموو خەڵکی ئێران و بۆ هەر ناوچەیەک ئەوەندەی کێشە و گرفتی چارەسەرنەکراوی بە ملی خەڵک داداوە کە خەڵک بە تاک و بە کۆ لە تاو دەردی خۆیان زۆر ناپڕژێنە سەر داواکاری و بابەتە گشتییەکان.

کاک مستەفا مەولوودی لە درێژەدا گوتی: جیا لەوانە لە هەر ناوچەیەک کە بزوتنەوەیەکی خەڵکی و ناڕەزایەتی لێ دروست دەبێ، لە لایەن ڕێژیمەوە زۆر بە توندی سەرکوت دەکرێ و ناڕەزایەتییەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا سنووردار دەکرێن. جیا لە وانەی باسمان کردوون لەڕاستیدا بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی خەڵک لە وڵاتێکدا دەتوانێ گەشە بکا و گشتگیر بێ کە زەمینە و بەستێنی خۆنیشاندانی خەڵک هەبێ کە بەداخەوە لە ئێراندا بە هیچ شێوەیەک تا ئێستاش ئەوە بەدی ناکرێ. بێجگە لەوەش گشتگیرکردنی بزوتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک لە دژی ڕێژیم ئۆپۆزیسیۆنی تۆکمە و کاریگەری پێویستە کە ئەوەش لە وڵاتی ئێراندا زۆر لاوازە.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بەمجۆرە کۆبەندی ئەو باسە دەکا کە هەموو ئەو حاڵەتانە و زۆر حاڵەتی دیکە وای کردووە کە بە داخەوە خەڵکی کوردستان و خەلکی خوزستان و بەشەکانی دیکەی ئێرانیش زۆر جار بەتەنیا بمێننەوە و ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەکان ئەو ئەنجامەی نەبێ کە خەڵک بۆی تێدەکۆشێ. بەڵام بۆ بەردەوامیی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان و سەرخستنی جووڵانەوەی ئێعترازیی خەڵک دەبێ هەموو ئەو کۆسپانە لەسەر ڕێ لاچن و ئەوەش ئەرکی تاک بە تاکی کۆمەڵگەی ئێران بەتایبەت ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتە.

# دیداری هاوبەشی لاوانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان



ڕۆژی پێنجشەممە ١٧ی پووشپەڕ شاندێکی لاوانی باشووری کوردستان لەژێر ناوی "ئەنجومەنی لاوانی کوردستان" سەردانی بنکەی سەرەکیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کرد و لەلایەن لاوانی دێموکرات پێشوازییان لێکرا.

لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوەیەدا پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوان باسێکی لەسەر بارودۆخی هەنووکەیی لاوانی کوردستان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی پێشکەش کرد. ناوبراو بە ئاماژەدان بە یەکگرتوویی دوژمنانی کورد و هەروەها پەرتەوازەبوونی گوتاری کوردی و بێهیوایی لاوانی کورد لە یەکنەگرتوویی لایەنە سیاسییەکان، بەستنی کۆنفڕانسی چوارەمی لاوانی چوار پارچەی کوردستانی بە زەروورەتێکی هەنووکەیی ناو برد و هەروەها بە پشتبەستن بە بڕیارنامەی کۆنفڕانسی سێهەمی لاوانی چوار پارچە، بەستنی کۆنفڕانسی چوارەمی بە ئەرکی لاوانی ڕۆژهەڵات زانی کە پێشەنگایەتیی بەڕێوەچوونی ئەم کۆنفڕانسە بکەن.

لە درێژەی دانیشتنەکەدا بەشداربووان ڕا و سەرنجی خۆیان لەبارەی کاری ڕێکخراوەیی و ئاستی ئیستانداردی ڕێکخراوەیی لاوان خستە ڕوو و هەموو لایەنەکان کۆک بوون کە پێویستە ڕێکخراوەکانی لاوان لە تێکۆشانی خۆیاندا، ڕەچاوی پێوەرەکانی بەڕێکخراو بوون بکەن.

دواتر هەرکام لە بەڕێزانی بەشدار ڕا و سەرنجی تایبەتی ڕێکخراوەکانیان خستە ڕوو و پشتیوانی هەمەلایەنەی خۆیان بۆ بەستن و بەڕێوەچوونی ئەم کۆنفڕانسە لەم دۆخە چارەنووسسازە دووپات کردەوە.

شاندی ئەنجومەنی لاوانی باشووری کوردستان بریتی بوو لە:

- مەیسەر نهێلی، سکرتێری لاوانی پارتی دێموکراتی کوردستان
- ڕێبین عەلی، لێپرسراوی سکرتاریەتی لاوانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان
- هاوڕێ زەعیم لە ڕاپەڵەی لاوانی گۆڕان
- ناجیع حەمە فەرەج لە لاوانی کۆمەڵی دادگەری
- هاوڕێ زانا لە لاوانی بەرەی چاکسازی تورکمانی

شاندی "لاوانی ڕۆژهەڵات"یش بریتی بوو لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرەستیی پێشەوا عەلی پوور و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی پێژمان شەریعەتی.

# بەرەو کۆنفڕانسی چوارەمی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



ڕۆژی شەممە، ١٩ی پووشپەڕ کۆبوونەوەیەکی بەرین بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوو. دوای شیکردنەوەی ئامانجەکانی ئەم کۆبوونەوەیە لەلایەن کاک ڕەحیم مەحموودی بەڕێوەبەری کۆڕەکە کە گرتنی کۆنفڕانسی چوارەمی ئەنجومەن یەک لەوان بوو، کاک سەلاح خزرپوور ،بەرپرسی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسێکی لەسەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

سەلاح خزرپوور لە بەشێک لە قسەکانی باسی لە ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی و قەڵاچۆ و کۆمەڵکوژیی خەڵکی بێتاوانی کورد کرد کە لە کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا تۆمار کراون. ناوبراو هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە نەبوونی یاسای تاوانی سیاسی لە ئێراندا لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، وایکردووە کە زیندانیانی سیاسی بە "محارب" و بەگژداچوونەوەی خودا و ڕەسووڵی خودا و فەساد لەسەر زەوی بناسرێن و سزای زیندانی قورسیان بەسەردا دەسبێنرێ و ئێعدام بکرێن.

بەڕێزیان دواتر تیکشی خستە سەر ئەوەی کە ئەنجومەن بەرەو گرتنی کۆنفرانسی چوارەمی خۆی دەچێ و داوای لە ئەندامان و ئامادەبووان کرد کە بەشداریی جیددی لە دەستنیشانکردنی ئەرک و بەرپرسیارەتییەکانی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەهێزتر و کاراتر ئەرکەکانیان لەو بوارەدا جێبەجێ بکەن.

لە کۆتاییدا بەشداران تێبینی خۆیان لەسەر باسەکانی کۆبوونەوەکە دەربڕی و پێشنیارەکانی خۆیان گەیاندە بەڕێوەبەرانی ئەنجومەن.

# ڕووداوی تێرۆری دوکتور قاسملوو لە دەفتەری بیرەوەریی پێشمەرگەیەک



عومەر باڵەکی

شەوی ٢٢لەسەر ٢٣ی پوشپەری ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد و هێزی پێشەوا لە ئاوایی بەیرەم بە شادیوکەیف خۆشی هاتنەدەر وبەرەو مووچەومەزراکانی ئاوایی سەهۆڵان بەڕێ کەوتن. بەو نیازە سبەی کە جێژنی قوربانە و بنەماڵەی پۆلێک پێشمەرگەی شەهید کە لە گۆرستانی سەیدی کاکەجان بەخاک سپێردراون، بنەماڵەکانیان لە شاری مەهاباد و ئاواییەکانی دوورووبەر بۆ جێژنە پیرۆزە لە ڕۆڵە شەهیدەکانیان ڕوو لەو گۆرستانە دەکەن و ئەوە بۆ ئێمەی کادر و پێشمەرگە هەلێکی باش بوو کە بتوانین لەسەر گۆری شەهیدەکان، بنەماڵەکانیان زیارەت بکەین و دیداریان لەگەڵ نوێ بکەینەوە. هەوراز و لێژمان بڕی و لەبەر تریفەی مانگە شەو خۆمان گەیاندە شوێنی مەبەست، لەبەر هەموو ئەگەرێک نەکا دوژمن پێی زانیبێتین، بەسەر چەند دەستەدا دابەش بووین. باغات و مەزراکانی ئاوایی سەهۆڵان (سەید کاکەجان و شاڵبەست) باوەشیان بۆ پێشمەرگەکان کردبۆوە و بە بەربوومی تازە پێگەیشتووی وەک گێلاس و ئاڵووباڵوو و قەیسی... میوانداریبیان لە پارێزەرانی نیشتمان دەکرد.

شەو ڕاکشا بوو و دەبوا لەو فورستە کەمە کە ماوە کەلک وەربگرین و سەرخەوێک بشکێنین. هەر پێشمەرگەیە و لەپاڵ دارێک و بنپەسیوێک کیسەخەوەکەی ڕاخستووە و چاوەکانی لەسەر یەک داناوە. بەیانی تازە خۆر لە سەرانی داوە کە لە لایەن دیدەبانەکانەوە ئاگادار کراین کە لەسەر پشتی کونەکوتری سەهۆڵان جموجۆڵێک دیارە، بەڵام ڕوون نییە هێزەکانی ڕێژیمن یا خەڵکی ئاساین. کەوتینە ڕوانین، ئەوانە جموجۆڵیان زۆر نائاساییە و بۆیە پێویستە ئامادە بین بۆ بەرپەرچدانەوەی هەرچەشنە بەرنامەیەکی دوژمن. لەو ئان و ساتەدا دوو کەسی خەڵکی ئاوایی سەهۆڵان پەیدا بوون، یەکی تەلیسێکیان بە کۆڵەوە بوو. ئاشنا بوون، دوای چاکوچۆنی گوتیان دەمانزانی لێرەن گۆشتی قوربانمان بۆ هێناون، جاری بەرگوتێک بکەن و گوشتی دیکەش بەڕێوەیە. پرسیاری جموجۆڵەی پشتی کونەکۆترمان کرد ، گوتیان ئەوانە گەنجولاوی ئاوایی عیساکەندن و بە خۆشی هاتوون بۆ ئەو شوێنە. بەو هەواڵە وەزعییەت ئارام بووە و چەند پێشمەرگەیەک خەریکی دابەشکردنی بەشە گۆشتەکەی خێری قوربان بوون کە کەسێکی دیکەی ئاوایی هاتە لامان. ئەو بابی یەکێک لەو پێشمەرگانە بوو کە حیزب بورسییەی خوێندنی بۆ دابین کرد بوو و لە وڵاتی ئوتریش خەریکی خوێندن بوو. نیگەران دیار بوو. ڕووی لە شەهید عەبدوڵڵا شەریفی کە بەرپرسی کومیتەی شارستان بوو کرد و گوتی هیچ خەبەرتان لە ئوتریش هەیە؟ لەسەر وەڵام ڕانەوەستا و گوتی ڕادیو بی بی سی ئەمشەو باسی کردووە کە لە ڤییەن تەقە لە سێ کورد کراوە، منیش نیگەرانم و کە زانیومە ئێوە لێرەن، هاتووم لە ڕێگای ئێوەوە هەواڵێکی کوڕەکەم بزانم. دڵخۆشیمان داوە و گوتمان هیوادارین هیچ نەبووبێ و کوڕەکەت سەلامەت بێ.


سەعات نزیک بە ١٢ی نیوەڕۆ و کاتی بڵاو بوونەوەی بەرنامەکانی ڕادیو دەنگی کوردستان بوو. چەند بنەماڵەیەکی شەهیدان هاتبوون بۆ سەر مەزاری ڕۆڵەکانیان و ئێمە دەمانەویست ڕۆژ دەرنگتر بێت جا سەردانیان بکەین. ڕادیو دەنگی کوردستان بە شمشاڵێکی بەسۆزی نەمر قالەمەڕە دەستی پێ کردبوو ، دەنگی شمشاڵەکە ئەوەندە بەسۆز بوو، بێ ئەوەش هەواڵێکی ناخۆش ببیستی دڵت ڕادەچڵەکی و جۆرێک لە ترس ونیگەرانی دایدەگرتی. ئەو هەواڵەش کە شەوی ڕابردوو لە ڤییەن تەقە لە سێ کورد کراوە، هیندەی دیکەی پەرۆش کردبووین. بۆیە بڕیار دەرا بە بێسیمی ڕاکاڵ بچێنە سەر خەت، هەر کە بێسیمچی دووکمەی هەڵکردنی لێدا، بینیمان تەواوی هێز و کومیتە شارستانەکانی حیزب لەسەر خەت بوون و خەریکی وەرگرتنی پەیام لە دەفتەری سیاسی بوون. لەو سەروبەندەدا ڕادیو دەنگی کوردستان ڕوو بە خەڵکی کوردستان و کادر و پێشمەرگەکان ئەو هەواڵەی بڵاو کردەوە کە دوکتور قاسملوو شەوی ڕابردوو کەوتۆتە بەر هێرشێکی تیرۆریستی و برینداره و... .

دەستمان شل بوو. شادی و خۆشی باری کرد و جێگای خۆی دا بە ماتم. کەس باوەڕی نەدەکرد کە دکتور قاسملوو تەقەی لێ کرابێ . بەپەلە لەگەڵ شەهید عەبدوڵڵا شەریفی لە ڕێگای جەدوەلی ڕەمزەوە خەریکی خوێندنەوە پەیامی دەفتەری سیاسیی بووین. پەیامەکە پێچەوانەی هەواڵەی ڕادیو بوو، بەڕوونی لە چەند خاڵدا گوترابوو کە د. قاسملوو و عەبدوڵڵا قادریئازەر و کوردێکی عیراقی کەوتوونەتە بەر دەستڕێژی تێرۆریستان و شەهید بوون... گوترابوو کە حیزب لە جیگای خۆیەتی و بەوریایی بجوڵێنەوە و نابێ پێشمەرگەکان تووشی ئیحساسات بن و... .

ئەو هەواڵە بۆ ئێمە چاوەڕواننەکراو بوو، بۆیەش باوەرکردنی زۆر سەخت بوو. هەواڵەکە بەخێرایی لەنێو پێشمەرگەکاندا بڵاو بۆوە،، وەزع شیوا و هەر پێشمەرگە لەبن پچکەدارێک هەڵکورمابوو و لەبەر خۆیەوە دەگریا. بۆ ماوەیەک کەس نەبوو بتوانێ دڵی کەسی بداتەوە. هەرچۆنێک بوو وەخۆ هاتینەوە. بە پارستنی ڕێوشوێنە ئەمنییەتییەکان کادر و پێشمەرگەکانمان لە شوێنێک کۆ کردەوە. شەهید عەبدوڵڵای شەریفی لەو کۆبوونەوەیەدا گوتی کە حیزبی دێموکرات ئەو ڕێکخراوەیە نییە کە بە شەهیدبوونی ڕێبەرانی لە پێ بکەوێ، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕێبەرە دوکتور قاسملووش بێ، بۆیە لێرە و لەو گەرمەبرینەدا با هەموومان بەڵێن بدەین ڕێبواری بەوەفای ڕێبازی دوکتور قاسملوو بین و بە دوژمنی بسەلمێنین خەیاڵی خاوە کە پێی وایە بە شەهید کردنی دوکتور قاسملوو حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان لێک هەڵدەوەشێ... دوایە فەرماندەرانی پێشمەرگەمان کۆ کردنەوە و بۆ وریایی زیاتری هێزەکە کۆمەڵە ڕێنوێنییەکمان پێدان و ڕوومان لە ئاوایی سەهۆڵان کرد. خەڵکی ئاوایی هەواڵەکەیان بیستبوو. هەرچەند ڕۆژی جێژنی قوربان بوو، بەڵام شوێنەوارێک لە شادی و خۆشی لە هیچ کوێ بەدی نەدەکرا. لەلایەک هاوخەممان بوون و لەلایەکی دیکە بە هەموو زمانێک سەرکۆنەیان دەکردین کە چۆن ڕێبەری جووڵانەوەیەک ئاوا بە سانایی دەبێتە نێچیری دەستی دوژمن! بارگرانی خەمی لەدەستدانی کاک دوکتور لەلایەک و حەقیقەتی ئەو قسەوباسانەی خەڵک لەلایەکی دیکە کە لە ڕووی دڵسۆزییەوە دەکران ئەوەندەی دیکە برینی لەدەستدانی ڕێبەرمانی بەژان کردبوو...

شەو شەق ببوو لە نێو ماڵئاوایی گەرمی خەڵکی کوردستانیشیان تێدا بوون لە دەشتاییەکی قەراغ جادەکە کۆمان کردنەوە و لەسەر چۆنیەتیی تێرۆری د. قاسملوو، ئامانجی جووڵانەوە و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات و ئیدامەدانی ڕێبازی شەهیدان قسەمان بۆ کردن. دوای ئەو قسانە و بەدیلگرتنی ١٧کەس و دەست بەسەر داگرتنی سێ دەزگا ماشێنی هێزەکانی ڕێژیم، ئیزن درا خەڵک بە شوعاری "قاسملوو هەر زیندووە"، "خەبات درێژەی هەیە"، "بژی پێشمەرگە" و هەڵکردنی چرای ماشێنەکانیان بەرەوە شوێنی خۆیان برۆن و هەر لەویش دیلەکان ئازاد کران. ئەوەی لەو ڕۆژەدا جیگای سەرنج بوو، دوای کرانەوەی جادەکەش خەڵکەکە دەورووبەری پێشمەرگەکانیان بەرنەدەدا وتەنانەت هیندێک لە لاوەکان بیوونە هاوکاری پێشمەرگەکان لە ناساندنی هێزەکانی ڕێژیم. لەو ساڵەدا بەپێی ئامارەکان کە لە "جنگ در کردستان"دا بڵاو بۆتەوە : ١٢٠چالاکیی پێشمەرگانە بەدژی هێزەکانی ڕێژیم لە سەرانسەری کوردستان بەڕێوە چوون کە لەو چالاکییانەدا لەسەریەک ئەوانەی بۆ هێزی پێشمەرگە شناسایی کراون ٤٤٤ کەس لە هیزەکانی ڕژیم کوژران و ٣٥٨کەس بریندار بوون و ٢٥٣کەس بەدیل گیران و لە بەرابەردا ٦٦پێشمەرگە و٥٠کەس لە خەڵکی بێ دیفاع شەهید بوون.

کۆماری ئیسلامی لێکدانەوەی ئەوە بوو کە بە شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بەچووکدا دێنێ و دوای شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو هێزی پێشمەرگە ورە لەدەست دەدا و مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی چۆڵ دەکا، بەڵام هەر زوو



سەهۆڵان ڕوومان لە چیا کرد و بەرەو سەرچاوەی قەمتەرێ کە شوێنێکی ئەستەم بوو وەڕێ کەوتین. وەک شەوانی ڕابردوو نەبوو ، ڕێچکەی پێشمەرگە زۆر بێدەنگ و کپ بوو، خەمی لەدەستدانی د. قاسملوو هەموو تانوپۆی لەشی داگرتبووین، کەسمان نەیدەزانی لە بیرو مێشکی ئەو دیکەدا چ دەگوزەرێ و هەتا بەیانی چ ڕوو دەدا؟

دەورووبەری سەعاتی ١٠ی بەیانی دیدەبان ئاگاداری کردینەوە کە ئاپۆرایەک خەڵک بەرەو سەرچاوەی قەمتەرێ دێن. کاتێک نزیک بوونەوە چەند دایکە شەهیدی پێشمەرگە بوون کە دوای ئەوە هەواڵی شەهید بوونی دوکتور قاسملوویان بیستبوو، لە مەهابادەوە بەنێو ئەو هەمووە بازگە وپێگەومۆڵگەی دوژمندا هاتبوون بۆ ئەوەی ئێمە ببینەوە و هاوخەمیمان لەگەڵ بکەن و ورەمان بدەنێ... هاتبوون بڵێن کوردستان چاویان لە ئێمەیە و دەبێ بەهێز و شێلگیر بین... . هاتنی ئەو دایکە شەهیدانە لە ڕاستیدا وەک برووسکەیەک وابوو کە تەکانێکی ڕوحیی لە پێشمەرگەکان دا. دواتریش

هەتا لە ناوچە بووین و ڕوومان لەهەر ئاواییەک دەکرد، دەماندی کە هاوسۆزی و پشتیوانیی خەڵک لە حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگە پێچەوانەی ویستی دوژمن ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەبوو.

ڕۆژی ١٣٦٨/٧/٨بە بەرنامەیەک توانیمان بچینە سەر جادەی مەهاباد-میاندواو لە دەروازەی شاری مەهاباد بە سەدان ماشێن لەسەر جادە ڕابگرین. سەرنشینەکانی ئەو ماشێنانەمان کە خەڵکی جۆراوجۆر و تەنانەت خەڵکی دەرەوەی

بۆیان دەرکەوت کە جووڵانەوەی مافخوازانە و ئازدیخوازانەی کورد و حیزبی دێموکرات بەوە لەبن نایە. هەر ئەوەش بوو کە سێ ساڵ دواتر (٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١) دوکتور سادق شەرەفکندی و هاورێیانی بە بڕیاری کۆمیتەی تایبەت تێرۆر کران، دوو ساڵ دواتر لە (١٨ی خەزلوەری١٣٧١) بە شەش فرۆکەی جەنگی بە بۆمب هێرشیان کردە سەر کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی حیزب و چوار ساڵ دواتر (١٣٧٥) هێزێکی گەورەی کۆک و پۆشتەی سپای پاسداران بە قسەی خۆیان بە مەبەستی لێدانی زەربەی یەکجاری لە حیزبی دێموکرات سنووری ئێران عیراقیان بەزاند و بە چڕی بنکەوبارەگا و شوێنی بنەماڵەکانی حیزبیان مووشکباران کرد، بەڵام بەدەستی خاڵی گەڕانەوە. ٢٢ساڵ دواتر لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧سپای پاسداران بە ٧مووشەکی دوورهاوێژ کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی حیزبیان کردە ئامانج و... . لە ئاکامدا هەتا ئیستا بە شاهیدی هەموو لایەک لەگەڵ ئەو هەموو هێرش و پەلامارانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ڕێبەری و ڕێکخراوەکانی حیزب لە هەموو ئەو ماوەیەدا؛ حیزبی دێموکرات وەک هێزی سەرەکیی جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لەسەر پێیە و بە هێزوتوانا لە مەیدانی خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی و ڕزگاریی گەلی کورد درێژە بە خەبات دەدا.

کوردستان
ژمارە: ٨٠٣
٣١ی پووشپەڕی ١٤٠٠ _ ٢٢ی جووڵای ٢٠٢١

# ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



د. هۆشمەند عەلی

ئەگەر بمانەوێ هەڵسەنگاندن بۆ کەسایەتیی د. قاسملوو بکەین دەبێ بگەڕێینەوە بۆ چەند خاڵێکی جەوهەری و بە ئاگاهییە لەو قۆناغە بڕوانین کە ئەو تێیدا ژیاوە، نەک بە چاوی ئێستای دوای ڕووخانی بلووکی سۆسیالیستی و گۆڕانی جیهان بە یەک ئاراستە و یەک جەمسەری و هێژموونیی سەرمایەداری. خەباتی دوکتور قاسملوو دەبێ بەسەر دوو قۆناغدا دابەش بکەین: خەبات لەدژی ڕێژیمی پەهلەوی و خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامی. لە هەر دوو قۆناغەکەدا د. قاسملوو ڕۆڵ و کاریگەریی گەورەی هەبووە. هاوکار قۆناغی سەردەمی پەهلەوی و قۆناغی خەباتی نهێنی، قۆناغی خەباتی دەربەدەری و ئاوارەیی لە ئێران و لە بەغدا تا چوونی بۆ ئۆرووپا دەکرێ بە چەند وێستگەیەکی جیاوازتریشدا دابەش بکرێ. لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە، تا هاتنیان بۆ باشووری کوردستان، ئەو قۆناغەی کە دەگوترێ باڵی نەتەوەخوازی زاڵە بەسەر باڵی چەپ و سۆسیالیستیی حیزب کە بووە هۆی دوورخرانەوەی د. قاسملوو هەتا دەگەینە قۆناغی بووژاندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەیەی ٥٠ی زایینی کە دوکتور قاسملوو ڕۆڵی سەرەکیی تێدا گێڕا.

د. قاسملوو ئەو کاتە کە لە دەرەوەش بوو باڵوێزی کورد بووە لە ئورووپا و لە کاری دانیشگاهی و مامۆستایەتیدا هەمیشە هەوڵی داوە دۆست و هاوکار و یار بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد پەیدا بکا. تەنانەت بە تەنیا و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکەی بەدەر لە ئۆرگانی حیزبی دێموکرات، ٢٦ ژمارەیان لە ڕۆژنامەی کوردستان دەر کردووە کە شیکردنەوەی گوتاری حیزب و سیاسەتەکانی ڕێژیمی پەهلەوی بووە بۆوەی خەڵکی ئورووپایی و ڕۆژئاواییەکان ئاگادار بکەنەوە لە زوڵم ستەمەی پەهلەوی بەرامبەر بە کورد دەیکرد.

لە دەیەی ٧٠ ی زایینیدا ئەو دەرفەتە ڕەخسا کە د. قاسملوو بگەڕێتەوە کوردستان و حیزبی دێموکرات بکاتە ئەو حیزبە مۆدێڕن و پێشەنگە و هەروەها میراتێکی گەورە بۆ هەموو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بەجێ بێڵێ. ئەو لەو قۆناغەدا توانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بخاتەوە سەر پێی خۆی، لە ڕووی بەرنامە و پێڕەو، لە ڕووی فکر و سیاسەت و بەرنامەدانان بۆ ئەو حیزبە بەپێی هەلومەرجی ئەوکات. چونکە ئەو قۆناغەی کە ئەو تێیدا حیزبی دێموکراتی ڕێک خستەوە و بەرنامە و مەرامنامەی بۆ دانا، قۆناغێکە کە زۆربەی حیزبەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان کاریگەریی بیری چەپ و مارکسیزم لینینیزمیان بەسەرەوە بوو. بەڵام دوکتور قاسملوو ئەو ڕێچکەیەی بەو شێوەیە سووڕاندەوە کە لەگەڵ باوەڕمەندبوونی بە خەباتی چەپایەتی و بۆ یەکسانیخوازی و دادپەروەری و چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەی خستە بەرنامەی حیزبی دێموکراتە کە لە ڕەوتێکی چەپە گۆڕیی بۆ ڕەوتێکی چەپی نەتەوەخوازی کە وەکوو میراتێک لە کۆماری کوردستانەوە بۆیان مابۆوە و لە بیر نەتەوەخوازێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شەبەنگی دەداوە.

قۆناغی دەیەی کۆتایی تەمەنی دوکتور قاسملوو، لە شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە تا ئەو ڕۆژەی تێرۆر کرا، ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لەسەر ئاستی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بە بەهێزترین حیزب لە ڕووی پێگەی جەماوەری لە کۆمەڵگەی کوردی لە ئێراندا. بەڵام بەداخەوە لە قۆناغی دوای دوکتور قاسملووەوە هەتا ئێستاکەش چەند بەربەستێکی گەورە لەبەردەم ئەو حیزبە دروست بووە و ئەم حیزبە بە زۆر هەوراز و نشێودا تێپەڕیوە و بە خۆشییەوە ڕێبوارانی ڕێگای دوکتور قاسملوو لەسەر خەباتەکەی و ڕێبازەکەی بەردەوامن.

### بۆچی دوکتور قاسملوو لەنێو ڕێبەرانی کورددا بەرچاوترینیان بوو؟

ئەگەر چاو لە مێژووی کورد دەکەین کێشەیەکی گەورە لە بەردەم جووڵانەوەکان ئەوە بوو کە بە نەمانی سەرکردەکان، بە نەمانی سەردارەکان شۆڕش و ڕاپەڕینەکان یان چارەنووسی حیزب و ڕێکخراوەکان بەرەو هەڵدێری نەمان ڕۆیشتووە.

بەڵام دوکتور قاسملوو ئەو سەرکردەیەی سەردەمی خۆیەتی کە پێی دەگوترێ ڕێبەرایەتیی مۆدێڕن. ڕێبەرایەتیی بەدەر لە عەشیرەگەری و بەدەر لە شێخ و مەلا و ئەو قۆناغەی کە سەرکردەی مۆدێڕن لەنێو کورددا دروست دەبێ. ڕێبەری مۆدێڕن بە باوەڕی من لە ئاستی باشوور کۆچکردوو مام جەلال و لە ئاستی ڕۆژهەڵات شەهید دوکتور قاسملووە. ئەوانە لە قۆناغی خۆیاندا سەرکردەی مۆدێڕن بوون و ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەیان تێدا بووە، کە بتوانن ببنە باڵیۆزی کورد لە ئاستی جیهاندا. دوکتور قاسملوو زۆر لە پێش سەردەمی خۆی بوو. ئەوکات کە دوکتور قاسملوو لە دەیەی ٦٠ لە باری فیکرییەوە باسی لە بەهاری پڕاگ و پرسی چێکۆسلواکی دەکرد و ڕەخنەی لە سیاسەتی یەکیەتیی سۆڤیەت دەگرت، ئەمە بە کوفرێکی زۆر گەورە دادەندرا. بەڵام چەند ساڵ دوای مەرگی د. قاسملوو بوو کە دەرکەوت بیروئەندیشەکانی ئەو چەندە کاریگەر و چەندە لەجێی خۆیدا بوون. بێگومان ئەگەر دوکتور قاسملوو کورد نەبوایە، هەم خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی پێ دەبەخشرا و هەم پەیکەری بڕۆنزی لە ڕێکخراوە و ناوەندە جیهانییەکان بۆ دروست دەکرا.



سەرکردەی خاوەن ئیدئۆلۆژی و خاوەن فیکر ئەوەیە کە وەکوو دوکتور قاسملوو توانیی بەربەرەکانی بەرامبەر بە ڕێژیمێک بکا، کە هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بە مافی کورد نەبوو. دوکتور قاسملوو لە مێژووی بڕیار و هەڵوێستەکانیدا سەلماندوویەتی کە دژی شەڕە، بەڵام کە شەڕ یەخەی گرتی، ناچاری بەگژیدا بچێتەوە. ئەوەی لەو ماوە کورتەی قۆناغی ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەدەست هات، ڕۆڵ و کاریگەریی دوکتور قاسملووی ئەوەندە بەسەرە بوو کە توانیان لە ڕێگای ئەنجوومەنی گوندەکانەوە و لە ڕێگای بیر و ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو بەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بتوانن خەڵک فێری ئازادی و دێموکراسی و خۆبەڕێوەبەری بکەن. ئەو خۆسەری و خۆبەڕێوەبەرییە کە ئێستا لە ڕۆژئاوا و لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەیانەوێ بیگرنە بەر و باسی لێ‌دەکرێ، من میراتەکەی دەگەڕێنمەوە بۆ سەردەمانی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژهەڵات بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە سکرتێریی دوکتور قاسملوو. زۆر گرینگە بتوانی لە بەرامبەر ڕێژیمێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی، بە هەموو سیاسەتە توندوتیژەکەی چ لە ڕووی سەربازی، چ سیاسی و هێرش و پەلامار و تێرۆر، تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات توانیان تا نێوەڕاستی ١٩٨٥ لە نێوخۆی وڵاتدا خۆیان ڕابگرن و بەربەرەکانی بکەن و دواتر خەباتی پارتیزانیش هەتا کۆتایی دەیەی ٨٠ی درێژە پێ‌بدەن.

دوکتور قاسملوو باوەڕێکی زۆری بە دێموکراسی هەبوو. هەرچەند نەیاران و ڕەخنەگرانی دوکتور قاسملوو باس لەوە دەکەن کە مادام ئەوەندە پێداگر بووە لەسەر دێموکراسی، بۆچی هەتا ئاخری ژیانی هەر سکرتێر و کەسی یەکەمی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان مایەوە؟ بەشێک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرت لێرەن و شایەتیم بۆ دەدەن کە بە درێژایی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات، تاوەکوو مەرگی دوکتور قاسملوو هیچ جارێک یەکەم دەنگی لە کۆنگرەکاندا بەدەست نەهێناوەتەوە. بەڵام لەنێو ئەندامانی ڕێبەریدا وەکوو سکرتێر و پێشەنگ هەڵیان‌بژاردۆتەوە. لەبەر پێویستیی قۆناغەکە و پێویستیی زەمەنەکە، تێگەیشتنی بۆ تەعامول لەگەڵ بزووتنەوەی مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی وڵاتدا. بەشێک لە هاوڕێیانی کە لە سەرەتای دەیەی ٨٠ لێی جودا بوونەوە، باوەڕیان وا بوو کە کۆماری ئیسلامی لە ئێران خودموختاری بە کورد دەدا و نابێ بەربەرەکانی و دژایەتیی و شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکرێ. دوکتور قاسملوو زۆر لەوان پێشتر تێگەیشتبوو کە کۆماری ئیسلامی ئەو دەوڵەت و سیاسەتەی نییە کە ددان بە لانیکەمی مافەکانی گەلی کورد تەنانەت مافی کولتووریشی دابنێ. دواتر ئەوانیش لە ١٩٨٤وە پەرتەوازە بوون و چوونەوە نێو حیزبی توودەوە.

دوکتور قاسملوو باوەڕی بە ئاشتی و وتوویژ بوو، لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە لەگەڵ بوونی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، بەڵام بۆ دواجار ڕێژیمەکانی داگیرکەر لە کوردستان هەر دەبێ لەسەر ڕێگای مێزی وتوویژ، چارەسەری پرسی کورد بکەن. جگە لەوە دوکتور قاسملوو ڕۆڵێکی گرینگی دیکەی هەبوو لە ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. هەتا ئەوکاتی باوەڕی وابوو کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و ئێرانییەکان و فارسەکان لە دەرەوی کۆماری ئیسلامی ددان بە مافەکانی کورد دادەنێن، هاوسەنگی هێزی لەگەڵ ڕاگرتن. بەڵام کە بینی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەسەر بیری ڕەگەزپەرستی ئامادە نین لە ئۆپۆزیسیۆن بوونیشیاندا دان بە مافەکانی کورد دابنێن، وەلای نان و ئەوە خاڵێکی گرینگ بوو.

خاڵێکی دیکە: دوکتور قاسملوو ڕێچکەیەکی دامەزراند بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەشانازییەکی گەورە بۆی بمێنێتەوە کە نەکەوتە ژێر هێژموونیی ئیقلیمی سیاسەتی وڵاتان، بەتایبەتی عێراق کە دەروازەی هاوکاری و دەروازەی، تێپەڕین و دەروازەی یارمەتیدانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، وەکوو ئەوەی کە دەڵێ دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە. بەڵام لەسەر پاراستنی بنەمای کەسایەتیی سیاسی خۆی و سەربەخۆیی خۆی و سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. من جارێکی دیکە لە قەڵای دێموکرات لە سمینارێکدا لە یادەوەرییەکدا لەسەر دوکتور قاسملوو گوتم، کە ئەوکاتەی ساتەوەختی ئاشکرابوونی بەڵگەنامەکانی "موخابراتی" عێراقی بوو، هەتا وەکوو ئەوڕۆکەش ئێمە بەڵگەنامەیەکمان نەدیوە لەسەر ئەوەی لایەنگریی حیزبی دێموکرات بۆ ڕێژیمی بەعس بەسەلمێنی بە دژی پارتەکانی باشووری کوردستان، بەڵام بەداخەوە بەشێک لە پارتەکانی کوردستانی عێراق کەوتنەوە ژێر کاریگەریی کۆماری ئیسلامی و دژایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لەسەر دوکتور قاسملوو دەتوانم بە کورتی بڵێم:

– دوکتور قاسملوو توانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چوارچێوی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بخاتە سەر ڕێچکە و پێگەیەک کە هەتا ئەمڕۆکەش بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە بەردەوامە.

– دوکتور قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی میراتێکی مەعنەویی زۆری بۆ حیزبەکەی بەجێ هێشت. باوەڕمەند بوون، سەربەخۆیی سیاسی و خەباتی نەتەوەیی بە لەبەرچاوگرتنی پرسی کورد لە چوار بەشی کوردستان‌دا. ئەوەی کە ئێستا بەشێک لە پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان کێشەن بۆ پارچەکانی دیکە دەیانەوێ لەو ڕێبازە لا بدەن. بەڵام ئەوەی کە دوکتور قاسملوو باوەڕی پێی هەبوو، و ئێستاش وەک میراتێکی مەعنەوی ماوەتەوە، سەربەخۆیی سیاسییە و دەستێوەرنەدانە لە کاروباری پارچەکانی دیکە کوردستان.

– دواخاڵ تێهزرین و باوەڕە سیاسییەکانی د. قاسملووە کە لە سەردەمی ئێستاشدا برەویان هەیە و لەگەڵیان دەژین.

## سەردانی شاندێکی حیزب لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستان



ڕۆژی سێشەممە، ١٥ی پووشپەڕ هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی خالید وەنەوشە بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێر و بەرپرسی ناوندی سێ کوردستان و بەرپرسی ناوندی ماڤی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەردانی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستانیان کرد و لەلایەن بەڕێزان دکتور کاوە مەحموود، سکرتێری حیزب و هاوڕێ هاوتا ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی پێوەندییەکان پێشوازییان لێکرا.

لەو سەردانەدا کۆمەڵێک باس و بابەتی تایبەت هاتنە بەرباس و لێکدانەوە لەهەمبەر ئاڵۆزییەکانی ئەم دوایانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست واتە دۆخی نالەباری ئێران و هەڵبژاردنی دوای سەرکۆماریی و دارمانی ژیان و گوزەرانی خەڵک و دەستێوەردانی دەسەڵاتی ئێران لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی دەوروبەر و بەتایبەتی عیراق هاتنە بەرباس و پشتگریی بەردەوامی ئێران لە میلیشاکانی عێراق و ئاڵۆزییەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو لە ئەفغانستان و لە هەمووی گرینگتر کۆک نەبوونی ناو ماڵیی کورد خرانە بەرباس.

## بەڕێوەچوونی سیمیناری «قاسملوو، هزرێک بۆ هەموو سەردەمێک»



سێ ڕێکخراوی گەشەی لاوانی کوردستان، یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢١ی پووشپەڕ، بەبۆنەی ٣٢هەمین ساڵوەگەری شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو سمینارێکیان لە سەنتەری لاوانی کۆیە بەڕێوە برد. لەو سمینارەدا پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد و ڕێکخراوی گەشەی لاوانی کورد لەلایەن خاتوو سەرگوڵ شابازی، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کوردەوە پێشکەش کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو سمینارەدا دوکتور «هۆشمەند عەلی» باسێکی لەسەر "ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە بزاڤی ڕزگاریخواریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" پێشکەش کرد. دوکتور هۆشمەند لە باسەکەیدا گوتی: لەسەر هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی دوکتور قاسملوو دەبێ بە ئاگاهییەوە ئەو سەردەمەی کە دوکتور قاسملوو تێیدا ژیاوە و نەک بە ڕوانگەی ئەمڕۆوە واتا دوای ڕوخانی بلۆکی سوسیالیستی و گۆڕانی جیهان، لێکدانەوەمان هەبێ. بەڕێزیان خەبات و تێکۆشانی دوکتور قاسملووی بەسەر دوو قۆناغی سەردەمی ڕێژیمی پەهلەوی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دابەش کرد کە لە هەر دووکیاندا ڕۆڵی گەوری کاریگەری هەبووە.

لە بڕگەیەکی دیکەی سیمینارەکەدا دیکۆمێنتێک لەسەر ژیان و کەسایەتیی دوکتور قاسملوو پێشکەش بە ئامادەبووان کرا و پاشان دوکتور «ئاسۆ حەسەنزادە» باسێکی پێشکێش کرد لەژێر ناوی "میراتی مەعنەویی دوکتور قاسملوو لە بەردەم تێپەڕینی کات و گۆڕانی هەلومەرج"دا. بەڕێزیان باسی لەوە کرد کە دوکتور قاسملوو نوێنگەی دۆزی ڕەوای نەتەوەی خۆی بوو و بۆ ئەمڕۆ بۆ داهاتوو بووەتە سەرچاوەی شوناس و جینایەتی تێرۆرکردنی و ژیانی دوکتوور قاسملوو دینامیزمی خەباتە. ژیانی دوکتور قاسملوو خۆلاسەیەکی مەسەلەی کوردە بە گشتی و هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە لە ژیانی سیاسی دا ئەو پاڕامێترە بێ ڕەحمانە بگۆڕێت کە مەسەلەی کورد لەگەڵیان دەرگیرە .

دوکتور ئاسۆ تیشکی خستە سەر ئەوەی کە «دوکتور قاسملوو خەباتێکی فرە ڕەهەندی لە کەسایەتیی خۆیدا کۆ کردبۆوە. ئەو دێموکرات بوو، سەرکردە بوو پێشمەرگە بوو دیپلۆمات بوو. شەخسییەتی قاسملوو پردێکی پێوەندی بوو لەنێوان تەزاددەکانی دنیای کوردەواری و دونیای مۆدێڕن «.

لە دوابەشی سمینارەکەدا دوکتور هەژار ڕەحیمی باسێکی لەژێر ناوی «ڕەنگدانەوەی هزری دوکتور قاسملوو لەسەر بارودۆخی سیاسیی هەنووکەیی کورد» پێشکەش کرد. بەڕێزیان باسی لەوە کرد کە یادکردنەوەی دوکتور قاسملوو هەموو ساڵێک خاوەن گرینگیی خۆیەتی. تێرۆری دوکتور قاسملوو وەبیرهێنەرەوەی زوڵمێکە کە ویژدانی هەموومانی بریندار کردووە و پەڵەیەکی نەنگە بەنێوچاوانی کۆمەڵگەی مرۆیی و کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و دێموکراسیخوازی دنیا .

بەڕێزیان باسی لەوە کرد کە دوکتور قاسملوو کۆمەڵێک پرەنسیپ و بنەما و بەهای هێناوەتە نێو کایەی سیاسی کە بە چاوی جیهان‌شەمول سەیری دەکرێ و یادی قاسملوو وەبیرهێنانەوەی نەریتێکی شوڕشگێرییە. دوکتور قاسملوو مرۆڤێکی تەواو شوڕشگێرە کە چەمکەکانی بە ئینسانی کردووە و لە قالبی ئیدئۆلۆژیدا قەتیسی نەکردووەتەوە.

# ڕازی زیندوومانەوەی بیر و ئەندێشەکانی شەهید قاسملوو

**(پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوی گەشەی لاوانی کوردستان، یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵیادی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو)**

**خوێندکاران و لاوانی بەڕێز!**

٣٢ ساڵ پێش ئێستا و لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی، بەرانبەر بە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ی زایینی، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، لە ڕێبەرانی هەڵکەوتووی بزووتنەوەی سیاسیی کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، لەسەر مێزی وتووێژ لەلایەن دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە ڤییەنی پێتەختی وڵاتی ئۆتریش، هاوڕێ لەگەڵ دوو کەس لە هاوڕێیانی، کاک عەبدوڵڵا قادریئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئورووپا و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ، درانە بەر دەستڕێژ و تێرۆر کران.

دوکتور قاسملوو کە لە یەکەم ڕێبەرانی زانکۆدیتووی قۆناغی نوێی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستانە، لە نۆژەنکردنەوەی مەرامنامە و دارشتنەوەی قەوارەی حیزبی دێموکرات و هێنانە ئارای کۆمەڵێک ڕوانگە و بۆچوونی تازە بۆ نێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان، ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەبوو. لەگەڵ ئەوەیکە شەهید قاسملوو وەک ڕێبەرێکی ڕێئالیست، بە دروستی دەرکی بە واقعی سیاسیی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان دەکرد، بەڵام ڕاشکاوانە و بەبێ هیچ دڕدۆنگییەک کوردی بە نەتەوە و خاکە دابەشکراوەکەی بە نیشتمانێکی یەکپارچە دەزانی کە مافی وەسەریەککەوتنەوە و یەکگرتنەوەی هەیە. ئەوەندەی پێوەندیی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەبوو، دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەری سەرەکیترین هێزی ئەم بەشە لە کوردستان، هاوکات لەگەڵ ئەوەی هەموو هەوڵێکی ئەوە بوو کە گەلەکەی دوور لە شەڕ ڕابگرێ و ڕێگە چارەسەری ئاشتییانە بگرێتە بەر – کە هەر لەم پێناوەشدا گیانی بەخت کرد – وێڕای پشتبەستن بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵک و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێگای خەباتی بەرەنگاری و بەرگری لە بەرانبەر سیاسەتی هێرشی دژیگەلیانەی ڕێژیمی تاران بۆ سەر کوردستان گرتەبەر.

دوکتور قاسملوو یەکێک لەو دەگمەن ڕێبەرانەیە کە دوای سێ دەیە لە شەهیدبوونی، بیر و ئەندێشەکانی هەروا ڕێنیشاندەری خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەیەتی و ئەو نەخشە ڕێگایانەی کە ئەو بە لێزانی و شارەزایی لە سیاسەت و ناسینی واقعی کۆمەڵگە و میللەتەکەی، دایڕشتوون و گەڵاڵەی کردوون، ئێستاش کارپێکراو و وڵامدەر و پشت پێ ئەسپێردراون. دەکرێت ڕازی بە زیندوومانەوەی بیر و ئەندێشەکانی شەهید قاسملوو، لە لێکدانەوەی دروست و بە مێحوەر دانانی ویست و داخوازیی خەڵکی کوردستان و پشت بەستن بە هێزی خۆماڵی کورت بکرێتەوە. شەهید قاسملوو وەک مامۆستا و پێشەواکەی خۆی، قازی محەممەدی سەرۆککۆماری کوردستان، بۆ گەل ژیا و بۆ گەل مرد.

شەهید دوکتور قاسملوو کە هەمیشە هەوڵی ئەوە بوو پرسی میللەتە دابەشکراو و بەشخوراوەکەی بە نێونەتەوەیی بکا، لە دۆست پەیداکردن و دەرکەوتن لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا، هەر بە تەنیا نوێنەری حیزبەکەی خۆی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوو. ئەو هەر وەک لە کۆمارە مەزنەکەی کوردستان و پێشەوا قازی محەممەدەوە بۆ خۆی و حیزبەکەی بە میرات بەجێ مابوو، پشتیوانیی لە بزووتنەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانی بە ئەرکی خۆی و حیزبەکەی دەزانی. بۆیە کە ڕووی لە کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان دەکرد، نوێنەرێکی ڕاستەقینەی گشت میللەتی کورد و بزووتنەوە ڕەواکەی بوو. دۆستەکانی شەهید قاسملوو لە دەوڵەتان و کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکاندا تەنیا دۆست و پشتیوانی حیزبی دێموکرات نەبوون؛ ئەوان دۆست و پشتیوانی قەزییەی کورد و هەموو حیزب و لایەنە کوردستانییەکان بوون و هەموویان، دوای نەمانی شەهید دوکتور قاسملوو کە باسی کوردیان دەکرد، دانیان بەوەدا نا کە لە ڕێگای قاسملووەوە کوردیان ناسیوە و بۆ پشتیوانی لە کورد هان دراون.

زیاتر لە سێ دەیە بەسەر نەمانی دوکتور قاسملوودا تێدەپەڕێت و ئەگەر دوژمن توانیویەتی کورد لە وجودی فیزیکیی ئەو ڕێبەرە بێبەش بکات، بەڵام ئەندێشەکانی و ڕێبازەکەی هەروا بە زیندوویی ماونەتەوە و ڕێنیشاندەری خەبات و تێکۆشانی نەسڵەکانی داهاتووە.

سڵاو لە یاد و ناوی شەهید دوکتور قاسملوو و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەربەستیی کورد و کوردستان.

**٢١ی پووشپەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی**
**١٢ی ژوئیەی ٢٠٢١ی زایینی**

– ڕێکخراوی گەشەی لاوانی کوردستان
– یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان
– یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد

# ئێران ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا دەکا

**دیفێنس وان – کەریم سەجادپور**



و: کەماڵ حەسەنپوور

زۆرجار خاڵی وەرسووڕانی بەختی ڕێژیمە لێڵ و سەرەڕۆکان دیاری کراوە، بەڵام هەرگیز ناکرێ پێشبینی بکرێ. "هەڵبژاردن"ی ساختەی ئیبراهیم ڕەئیسی، مەلایەکی ناکاریزماتیکی توندڕەوی تەمەن ٦٠ ساڵە، وەک سەرکۆماری داهاتوو ئەگەری بوون بە ساتەوەختێکی ئەوتۆی هەیە، ئەگەرچی گرینگیی ئەو ڕووداوە لە داهاتوودا ئاشکرا دەبێ. ئاخۆ دەسنیشانکردنی ڕەئیسی وەک مێژووناسێک باسی کرد، زێدەڕۆیی ئاشکرای سیستەمێکی دیکتاتۆر دێنێتەوە یاد کە پاشماوەی ڕەوایی کۆماری ئیسلامی لەنێو برد و بووە هۆی تێکڕمانی؟ یان تەنیا دەبێتە قۆناخێکی نوێ لە تەمەنی حکوومەتی مەلایانە کە دژی پێشبینییەکانی چاکسازی و هەرەسهێنان وێستاوە و ڕێگا بەرەو بوون بە جێگرەوەی پارێزەرەکەی، ئایەتوڵڵا خامنەیی ٨٢ ساڵە، وەک ڕێبەری داهاتووی ئێران دەبڕێ؟

هەڵبژێرانی ڕەئیسی، بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان، لە ڕوانگەی وتووێژە ئەتۆمییەکانی دەگەڵ ئێران، هەستی تەنگەتاوبوونی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ کۆتاییهێنان بە مامەڵەکە پێش دەسبەکاربوونی بەڕێوەبەرایەتییەکی توندئاژۆتر لە ئێران پێش ٨ی مانگی ئووت بەرچاوتر دەکا. ئەگەرچی دەسەڵاتی ئێران لە دەستی سەرۆکی گەورە و سوپای پاسدارانەدا دەمێنێتەوە، سەرکۆماریی ڕەئیسی گەیشتن بە ئامانجی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ دانوستان، واتە مامەڵەیەکی "درێژ مەوداتر و بەهێزتر" دەگەڵ تاران ئاڵۆزتر دەکا.



بەڵام، بۆ زۆر کەس لە حەشیمەتی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، هەڵبژێرانی ڕەئیسی لە بەر هۆی جیا لە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران گرینگە. دوای ڕووداوی ١١ی سێپتامبری ٢٠١١، زانایان و داڕێژەرانی سیاسەت لەبارەی ئەوە کە ڕێگای ئاشتی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە ئورشەلیم یان لە بەغداوە تێدەپەڕێ مشتومڕیان بوو. ئەمڕۆ بۆ زۆر لە لیبراڵەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ئاشکرایە کە سیاسەتی تاران لە سیاسەتی بەیرووت، دیمەشق، بەغدا، سەنعا و بەولاوەتر لێک جیا ناکرێنەوە. ئەگەرچی دژوارییەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست گەلێک باوکی هەن، تا ئەوکاتە ئێران، یەکێک لە مەزنترین و دەوڵەمەندترین وڵاتەکانی ناوچە، لەژێر ڕێبەرایەتیی حکوومەتی مەلایان دایە کە چالاکانە بەشێکی بەرچاوی داهاتی وزەی خۆی بۆ پشتگیری و ڕاهێنانی میلیشیای چەکدار کە ملکەچی ئایدیۆلۆژییە بەرچاوتەنگ و شۆڕشگێڕانەکەیەتی تەرخان دەکا، ناوچەیەکی سەقامگیرتر، دڵفراوانتر و خۆشبژیوتر وەک خەونێکی دوورەدەست دەمێنێتەوە.

کەسایەتیی خەمۆک و ڕابردووی تاوانکارانەی ڕەئیسی، بیرهێنەرەوەی ئەو بۆچوونەی هانا ئارێنت لەبارەی سروشتی هیچ و پوچی بەدخوازییە. ئەو لە ٢٠١٧ بەولاوە بۆتە کەسێکی ناسیاو لە ئێران، کاتێک کە لە بەرانبەر ڕوحانی لە هەڵبژاردنی سەرکۆمارییدا خۆی بەربژێر کرد و یەک لەسەر سێی دەنگەکانی ڕوحانیی هێناوە و شکستی خوارد. ئەگەرچی مێدیای دەوڵەتی بەبێ بەڵگە پلەی ناوبراویان بۆ ئایەتوڵڵا بەرز کردۆتەوە، گرینگترین لێهاتووییەکەی ناوبراو ئەوەیە کە موریدێکی جێگای متمانەی خامنەییە، کە ئەوی وەک سەرۆکی مەزنترین دامەزراوەی ئایینیی ئێران و پاشان سەرۆکی دادوەری دیاری کرد.

بۆ گەلێک لە ئێرانییەکان، ڕەئیسی زۆرتر لەبەر ئاکارەکانی وەک یەکێک لەو چوار دادوەرانە ناسراوە کە سەرپەرستیی پرۆسەی ئەشکەنجە و ئێعدامی بەکۆمەڵی نزیکەی ٥٠٠٠ ئەندامی بەندکراوی گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێرانی، -لە ناویاندا ژن و منداڵ- لە هاوینی ١٩٨٨یان دەکرد. وەک ئەندامی تاقمێکی تاوانکار کە پلەکانی پێشکەوتن بە نیشاندانی توندوتیژیی بێبەزەییانە وەدەست دەهێنێ، ڕەئیسی، دادوەرێکی ئێعدامکار لە تەمەنی ٢٨ ساڵییەوە، بناغەی ئیعتیباری شۆڕشگێڕییەکەی پتەو کردووە.

ڕەئیسی دەڵێ کە ئەو تەنیا مەئموور بووە و فەرمانی جێبەجێ کردوون و وێدەچێ بۆ کارەساتە جەرگبڕەکانی نە پەژیوانە و نە لەبیری ماون. دایک و باوکێکی بەساڵداچوو کە چەند ساڵ لەوەپێش وتووێژم لەگەڵ کردن بە چاوی گریانەوە بۆیان گێڕامەوە کە چۆن ناچار کرابوون پارەی گوللەکانی کە کچەکەیان –خوێندکارێکی ٢١ ساڵەی پزیشکی– پێ کوشتبوون بدەن تا تەرمەکەی بۆ ناشتنێکی شیاو وەرگرنەوە. (ئەو شێوە "تێچووی گوللە"یە لەو ساڵانەی دواییدا گەیشتۆتە ٣٠٠٠ دۆلار.)

بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو، لە کاتی نیشاندانی ڕێوڕەسمی بەتوندی کۆنترۆڵکراوی هەڵبژاردنەکانی ئێران بە مێدیای جیهانی، چەند ڕۆژنامەوانی بیانی کە سەردانی تارانیان کردبوو ئەو جار باسی تێکەڵاوێک لە بێهەستی و توڕەییان کرد. ڕەنگبێ ڕاستەقینەترین دەربڕینی تووڕەیی جەماوەریی ئێرانییەکان، کە بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە ئێران ژیاون ئاشنایە، بێ ئانقەست لە لایەن ڕادیۆی نەتەوەیی هەمووانی (NPR) بڵاو بۆوە، کە هەواڵنێرەکەی لە پارکێکی تاران پرسیاری لە پیاوێکی بەساڵداچوو کرد کە ئاخۆ لایەنگری کام بەربژێرە. وەرگێڕی NPR جوابەکەی کەمێک نەرم کردەوە و ئیدیعای کرد کە گوتویەتی مەلاکان "بچنە جەهەننەم." ئەوانەی فارسی دەزانن گوێیان لە شتێکی گەلێک بێ ئەدەبانەتر بوو: "ئەو مەلایانە دەگێم. ئەوان ٤٠ ساڵە درۆیانمان لەگەڵ دەکەن! من دەنگ بە کیری خۆم دەدەم."

سەرەڕای هەراوهوریای مێدیا لەبارەی هەڵبژاردنی ئێران، ڕەئیسی، وەک سەرجەم سەرکۆمارەکانی ئێران، دەورێکی گەلێک کەمی لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتدا دەبێ. بە ڕێبەریی خامنەیی، شوناسی کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە دژایەتی ئەمریکا و ئیسرائیل دا کورت دەکرێتەوە و تاران درێژە بە دابینکردنی چەکوچۆڵ و دارایی بۆ بەکرێگیراوان و هاوپەیمانەکانی لە وڵاتە شکستخواردووەکان، لە نێویاندا سووریە، لوبنان، یەمەن، عێراق و ڤێنێزوئێلا، دەدا کە بە ڕواڵەت تەوەری بەرخۆدان پێکدێنن.

گەورەترین سوودوەرگران لە هەڵبژێرانی ڕەئیسی، دژبەرە دەرەکییەکانی ڕێژیمی ئێران و ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێرانن، بەرچاوترینیان پارتی کۆماری و دەوڵەتی ئیسرائیل. دەلیلەکان ئاشکران. وەزیری کاروباری دەرەوەی ئیسرائیل، یایر لاپید، لە تویتێکدا نووسی: "سەرکۆماری نوێی ئێران، کە بە قەسابی تاران ناسراوە، توندئاژۆیەکە کە بەرپرسیاری کوژرانی هەزاران ئێرانییە. ئەو بە خولیا ئەتۆمییەکانی ڕێژیم و کەمپەینی تێرۆرە جیهانییەکەی وەفادارە."

لەگەڵ ئەوەشدا هەڵبژێرانی ڕەئیسی وێناچێ توانایی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی ٢٠١٥، کە دۆناڵد ترامپ لە ٢٠١٨ جێی هێشت، بخاتە مەترسییەوە. چونکە خراپیی دۆخی ئابووری ئێران بێ هەڵگیرانی ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان چارەسەر نابێ. ڕێی تێدەچێ، ئەگەرچی مسۆگەر نییە، کە تاران پێش دەسبەکار بوونی ڕەئیسی لە ٨ی ئووت ڕێککەوتنەکە زیندوو بکاتەوە. ئەوە ڕێگا بە ڕێژیم دەدا تا کەمایەسییەکانی ڕێککەوتنەکە بخاتە ئەستۆی سەرکۆماری دەستلەکارکێشەرەوە، ڕوحانی، لە کاتێکدا کە ئیزن بە ڕەئیسی دەدا تا قازانجە ئابوورییەکانی هەڵگیرانی ئابلۆقەکان وەدەست بێنێ.

بەڵام، جگە لە گەڕانەوەی ڕێککەوتنی ٢٠١٥، هەڵبژێرانی ڕەئیسی دەرخەری خۆڕاگریی ئێران بەرانبەر بە حەزی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ ڕێککەوتنێکی دیکە لەمەڕ بەرنامەی مووشەکی و خولیا ناوچەییەکانی تارانە. ئەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی سەرهێشە بۆ بایدن: ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان بیهەوێ ئابلۆقەی نوێ بەسەر ئێراندا بسەپێنێ، تاران دەتوانێ بە دەستپێکردنەوەی چالاکییە ئەتۆمییەکان و هێرشی بەکرێگیراونی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست وەڵام بداتەوە، چونکە دەزانێ کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بەتەمای کەمکردنەوەی حزووری ناوچەیی ئەمریکایە.

باوەڕبەخۆبوونی زێدەڕۆیانە، پاژنەی ئاشیلی سەرجەم دیکتاتۆرانە؛ ئەو ویستە پۆڵایینەی کە سەردەمێک سووتەمەنی ڕێژیمە سەرەڕۆکان بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتیان بوو، بێ ئەملا و ئەولا دەبێتە هۆی چاوبرسیەتی و خۆ بە خاوەن ماف زانین. ئەگەرچی ویستی خامنەیی بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا بەهێز دەمێنێتەوە، ئەو تووشی تێکەڵاوێک لە نادڵنیا بوون و دڵنیایی لەڕادەبەدەر بووە: ئەو هێندە وریا بوو تا بزانێ کە جێگرەوەکەی شانسی بردنەوەی هەڵبژاردنێکی خاوەن کێبڕکێی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هێندە بڕوابەخۆ بوو تا پێی وابێ لەژێر بەرپرسیاریی سەرکەوتنێکی دەسکرد دەر دەچێ.

ساخڵەمیی خامنەیی. ئەو ٨٢ ساڵی تەمەنە و زۆر کەس دەزانێ شێرپەنجەی پرۆستاتی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هێندێک لەو پیاوە لاوترانە کە گریمانە دەکرا جێنشینی بن زۆرتر ژیاوە. ئەگەرچی لەوانەیە خامنەیی بیهەوێ ڕەئیسی جێگرەوەی بێ، دەستاودەستی دەسەڵات لە وڵاتانی دیکتاتۆردا لەخۆیدا شتێکی پێشبینی نەکراوە. نزمیی ئاستی خۆشەویستیی ڕەئیسی، کە لە کەمترین ڕێژەی بەشدارانی دەنگدانڕا دیارە، وێدەچێ کاتێک دەسبەکاربێ و وەک بەرپرسی ئابوورییەکی هەرەسهێناو بناسرێ کە ناتوانێ چارەسەری بکا و سەرکوتی کۆمەڵگەش چڕتر دەکا، لەوەش نزمتر بێ.

یەکێک لە هۆ سەرەکییەکانی مانەوەی خامنەیی، کە لە ١٩٨٩ بەولاوە دەسەڵاتی بەدەستەوە بووە، توانایی ناوبراو لە کەڵکوەرگرتن لە بنیاتە هەڵنەبژێردراوەکانی ئێران بۆ گەشەپێدانی دەسەڵاتی خۆی و هاوکات کەڵکوەرگرتن لە دامەزراوە "هەڵبژێردراوەکانی" ئێران بۆ دەرباز بوون لە وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریی بووە. ئەو دەتوانێ سەرکوتی سیاسی و قەڵاچۆکردن بە سوپای پاسداران بسپێرێ لە کاتێکدا کە سەرکۆماری ئێران وەک بەرپرسی شکستی ئابووری ئێران دەناسێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەندازیاریی هەڵبژێرانی قوتابیی خۆی، ڕەئیسی، کاری خامنەیی بۆ خستنە ئەستۆی شکستەکانی خۆی بۆ سەرکۆمار دژوار دەکا.

مەتەڵۆکێکی دیکە ئەوەیە کە ئاخۆ سوپای پاسداران، کە دەمێکە وەک بەهێزترین دامەزراوەی ئێران وە پێش مەلایان کەوتووە، درێژە بە ملکەچ بوون لە بەرانبەر مەلای بەساڵداچوو وەک فەرماندەرانی خۆی دەدا، یان هەوڵ دەدا بەئاشکرا کۆنترۆڵ بگرێتە دەست؟ بە لەبەرچاوگرتنی سیستەمی دەسەڵاتداریی لاوتر و کەمتر ئایینی، نموونەیەکی ئێرانیی ڤلادیمیر پوتین، کاربەدەستێکی سەربازیی یان هەواڵگریی کە ناسیۆنالیزمی فارسی بکاتە جێگرەوەی ناسیۆنالیزمی شیعی، زۆرتر وێدەچێ دەسەڵاتی جیلەکانی داهاتووی ئێران بەدەستەوە بگرێ تا پیرە مەلایەک. جۆرج ئۆروێڵ لە ڕۆمانی ١٩٨٤دا نووسیویەتی، "کاکڵەی دەسەڵاتی ئۆلیگارشی، خۆڕاگریی لە بەرانبەر ڕوانگەیەکی تایبەتی لەمەڕ دنیا و شێوەیەکی تایبەتی ژیانە کە مردووان بەسەر زیندووواندا سەپاندوویانە. تاقمێکی دەسەڵاتدار تا ئەو کاتە دەسەڵاتدارە کە بتوانێ جێگرەوکانی خۆی دەنیشان بکا." ئێرانییەکانی هەنووکەیی لەنێو ئەزموونی تێئۆکراتیکی ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خومەینی، باوکی شۆڕشی ١٩٧٩،دا دەژین کە پێی وابوو ئیسلام دەرمانی هەموو دەردانە و ئابووری "هی گوێدرێژانە." هەر وەک چۆن خامنەیی هەڵبژێردرا تا پارێزەری خەیاڵی خومەینی بێ، ئەویش ڕەئیسی وەک موریدێکی متمانەپێکراو دەبینێ کە عەبای خومەینی دەپۆشێ.

هەر دە ساڵ جارێک، جیلێکی نوێی بێهێوای ئێرانی دەگەنە ئەو ئاکامە کە کۆماری ئیسلامی ناکرێ بە سندووقی دەنگدان چاکسازیی تێدا بکرێ. لەجیاتی بمێننەوە و ژیانی خۆیان وەک بەرهەڵستکار بخەنە مەترسییەوە، ئەوانەی دەستڕۆیشتوویان هەیە وڵات جێدەهێڵن. وەزیری پێشووی زانست و تەکنەلۆژی جارێک بەراوردی کرد کە ڕاکردنی مێشکەکان ساڵانە زەرەری ١٥٠ میلیارد دۆلاری لە وڵات دەدا کە زیاتر لە داهاتی نەوتە. هەڵبژێرانی ڕەئیسی بیرهێنەرەوەی ئەوەیە کە خولیای ئێرانییان بۆ ژیانێکی باشتر لەگەڵ ڕێژیمێک کە ئێستا وێدەچی قابیلی چاکسازیی و تێکشکان نەبێ یەک ناگرنەوە. تا ئەو کاتەی هێزە ئەمنیەتییەکانی ئێران یەکگرتوو بمێننەوە و ئامادە بن خەڵک کۆمەڵکوژ بکەن و کۆمەڵگەی ئێران نایەکگرتوو بێ و نەیهەوێ بە کۆمەڵ گیان بەخت بکا، خاڵە وەرسووڕانەکان بەردەوام بەقازانجی ڕێژیم دەبن.

# میدیا و ڕاگەیاندن
# ئەرک و چارەنووسیان لە ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکاندا



هیوا بابایی

لە سەردەمانی کۆنەوە تا ئێستا ڕاگەیاندن ڕۆڵی سەرەکیی گێڕاوە لە کۆکردنەوەی خەڵک بە دەور بیرۆکەکانەوە،بەتایبەت لە کاتی شەڕدا. پێشتر زانایانی ئایینی بە بەشارەتدانی بەهەشت و گوێڕایەڵی لە پێناو ئەمری پاشادا خەڵکیان بۆ مەیدانی شەڕ ڕادەکێشا،لە دنیای ئەمڕۆدا بە گشتی میدیاکان ئەم ئەرکەیان وەئەستۆ گرتووە. ڕەنگە کارکردی میدیا لە شەڕەکاندا بۆ زۆر کۆن بگەڕێتەوە، بەڵام لە چاخی نوێدا و بۆ یەکەم جار میدیای نوێ لە شەڕی یەکەمی جیهانی شوێنپێی خۆی کردەوە. پاش دەستپێکی شەڕ و ئەو خەسارە گەورەیەی وا لێی کەوتەوە، دەوڵەتان بە سازکردنی فیلم و بڵاوکردنەوەی وێنە لە مەیدانەکانی شەڕ هەوڵەکانیان بۆ ڕاکێشانی خەڵک و گۆڕینی ئاکامی شەڕ بە سوودی خۆیان پەرە پێدا. بۆ نموونە ناوەندێکی دەوڵەتی لە ئاڵمان بە ناوی (BUFA) ساز کرا کە ئەرکی ئەوە بوو وێنەی ئازا و نەترس لە سەربازی ئاڵمانی بڵاو بکاتەوە و وەرەی خەڵکی پێ بباتە سەرەوە و بە نیشاندانی کاریکاتۆر و هەواڵ و وێنە هەوڵی ئەوە بدا کە هێزی سەربازیی بریتانیا، فەڕانسە و ڕووسیە بە هێزێکی لاواز و شکست خواردوو بێنێتە پێش چاوان،لە بەرەی بەرانبەردا بریتانیا بەڕێوەبەرایەتییەکی بچووکی بە ناوی دەفتەری ڕاگەیاندنی شەڕ (دابڵیو پی بی) دامەزراند و هەوڵی سەرەکیشی ئەوە بوو کە سیمایەکی شەڕئاشۆ و خوێنڕێژ لە دوژمن (ئاڵمان) بڵاو بکاتەوە.

شەڕی دووهەمی جیهانییش بە هەمان شێوە بوو بە مەیدانی تەبلیغ و پڕوپاگەندای دەوڵەتان و ئەزموونی سەرکەوتووی شەڕی یەکەم کارێکی کرد کە ئەم ئامرازە لە شەڕی دووهەمدا وەکوو چەکێکی کاریگەرتر لە بەرنامە و داڕشتنەکانی وڵاتان بەرانبەر بە یەک دەکار بکرێ. ڕادیۆ وەکوو ئامرازێک کە پێوەندیی نێوان خەڵک و دەوڵەتی ئاسان دەکردەوە ڕۆڵێکی کاریگەری لەم سەردەمەدا هەبوو. لە دەستپێکی شەڕی دووهەمی جیهانیدا ئینگلیز لە بواری بڵاوکردنەوەی بەرنامەی ڕادیۆیی بۆ نەتەوەکانی دیکە جگە لە ئاڵمان ڕکەبەرێکی نەبوو. لەو سەردەمەدا سانسۆڕ و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و پڕوپاگەندای دەوڵەتان بەرانبەر بە یەک پتر بەرچاو بوو. پاش تەواوبوونی شەڕ و دەسپێکی سەردەمی شەڕی سارد کە زیاتر لە چل ساڵی خایاند و دنیا بە سەر دوو جەمسەری شەرق و غەرب دابەش کرا، شایەتی بکێش بکێشی دوو زلهێزی ئەو سەردەمە، واتە ئەمریکا و سۆڤییەتین کە دروستبوونی هاوپەیمانەتییە نێونەتەوەییەکان و کۆکردنەوەی وڵاتان بە دەوری دوو بیرۆکەی جیاوازی لێکەوتەوە. لەو سەردەمەدا جگە لە چەکوچۆڵ و ئامرازەکانی شەڕ زۆر شتی کە گرینگیان پەیدا کرد و ئەوەی کە کام بلووک دەسەڵاتی یەکەمە لە دنیادا بوو بە نوقڵی نێو هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکان و شەڕی ئەو دوو وڵاتەش لە مەیدانی فیزیکیەوە گوازرایەوە بۆ مەیدانی میدیا، وەرزش، زانست، هونەر و...؛ بەڵام ئەوەی کە لە ئاکامدا بوو بە هۆکاری سەرکەوتنی بلووکی غەرب ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی ڕاگەیاندن بوو. لە ئێستاشدا دەبینین کە میدیاکان ئامرازێکی تایبەتن بۆ گواستنەوەی بیروبۆچوون بۆ نێو کۆمەڵگە. وەکوو نموونەیەکی هەستپێکراو و نزیک لەم سەردەمەدا بیرۆکەی هاوبەشی کۆماری ئیسلامی و داعشە کە وەکوو دوو دەستی یەک جەستە وان. کۆماری ئیسلامی بە تەبلیغاتێکی زۆر هەوڵی ئەوە دەدا کە خۆی بە وڵاتێکی خاوەن دەسەڵات و ڕێز لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ئێران پێشان بدا و ڕەواییەت و خۆشەویستیی نەبووی بە زەبری ترس و دەسەڵاتی میدیا بۆ خۆی دروست بکا. داعشیش کە بە کەلکوەرگرتن لە ئامرازی میدیا توانیی هێزێکی بەدەر لە توانای ڕاستەقینەی خۆی پێشان بدا و بەوە لە سەرەتادا سەرکەوتنێکی بەرچاو بۆخۆی دەستەبەر بکا.

**میدیا**: کۆ وشەی (مێدیۆم)ـە بە واتای ئەو ئامرازەی کە هەوڵی ڕاگەیاندن، ئاگادارکردنەوە و ڕوونکردنەوە و هەر چەشنە کاری هاوشێوەی ئەوانە دەدا و لە دنیای ئەمڕۆشدا وەکوو دەسەڵاتی چوارەم و ڕوکنێکی دێموکراسی دەناسرێ و باسکێکی بەهێزە بۆ دەسەڵاتی حاکم یان ئەو ڕێکخراو و ئۆپۆزیسیۆنانەی وا لە بازنەی دەسەڵاتی حکوومەتدا نین. ئەگەر بمانەوێ میدیاکان دەستەبەندی بکەین ڕەنگە شێوەیەکی گشتی و ئاسان دابەشکردنی میدیا بە سەر میدیای دەسەڵات و میدیای ناحکوومی بێ. میدیای دەسەڵات دەنگی بیروبۆچوونی دەوڵەت،کۆمپانیا،بیرۆکە ئایینی و ئیدۆلۆژیکەکانە و ئاکامیان وەدیهاتنی ئامانجەکانی دەسەڵاتە. بۆ نموونە میدیا و چاپەمەنییەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە دەیان تەلەڤیزیۆنی نێوخۆیی و ئاسمانی و ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی دی –لە سۆسیال مێدیاش– هەوڵ دەدەن سیمای دزێوی کۆماری ئیسلامی لە پێش چاوی خەڵک جوان بکەن. بەڵام پێچەوانەی خواست و چاوەڕوانیی دەسەڵات خەڵک لەو جۆرە میدیانە ڕوو وەردەگێڕن و متمانەی پێناکەن. نموونەی بەر چاو بۆ ئەم ئیدیعایە ڕوومالی پرسی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی سەرۆککۆماری لە وڵات بوو کە هەموو هەوڵی میدیا حکوومەتییەکان بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگ کەمترین شوێنەواریشی نەبوو.



میدیای حکوومەتی ناتوانێ دەنگی خەڵک بێ لەنێو دەسەڵاتدا و تەعبیر لە بەرژەوەندیی خەڵک بکا. هەر بەو هۆیەوە خاوەنی پێگە و متمانەیەک لەنێو خەڵکدا نییە و لە بیروڕای گشتیدا بەهەند وەرناگیرێ. لە تەنیشت میدیای دەسەڵاتدا ئێمە جۆرە میدیایەکی دیکەشمان هەبێ کە ئەگەرچی دەکرێ پێی بگوترێ ناحکوومی، بەڵام بەشێک لەوانیش –بە تایبەت لە وڵاتە نادێموکراتیکەکاندا– بە زۆر هۆ و لە ڕێگەی زۆر ڕایەڵەوە بە بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتەوە دەبەسترێنەوە. ئەوەی دیکەش کە دەمێنێتەوە ئەو میدیاگەلەن کە دەنگی ڕێکخراو و ئۆپۆزیسیۆنەکانن و دوور لە قازانجی دەسەڵات هەوڵی دەرخستنی ڕاستییەکان و لەقاودانی سیاسەتەکانی دەسەڵات و شیکردنەوەی مەبەستەکانی حکوومەت دەدەن. ئەم میدیایانە جێی سەرنج و متمانەی خەڵکن و هەروەها ئامرازێکی کاریگەرن بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لە میدیای حکوومەتییەوە بە پێچەوانە پیشان دەدرێن. هەڵبەت ئەم میدیا و ڕاگەیاندانەش تا ئەو کاتە جێی سەرنج و متمانەن کە زمانحاڵی خەڵک و ئاوێنەی ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگە بن.

### میدیا لە ئێراندا

میدیا لە ئێران بە تەواوی لەژێر دەسەڵاتی ڕێژیم دایە و شتێک بە ناو میدیای سەربەخۆ یان ناحکوومی بوونی نییە یان بەهۆی سانسۆڕ و خۆسانسۆڕکردنەوە کارایيەکی ئەوتۆیان نییە. هەموو میدیا و چاپەمەنییەکان لە ئێران دەبێ لە لایەن وەزارەتی فەرهەنگ و ئێرشادی ئیسلامییەوە ئیزنی کار و دەرچوونیان پێبدرێ و بەرپرسی دەنگ و ڕەنگی میللیش! ڕاستەوخۆ لە لایەن خامنەییەوە هەڵدەبژێردرێ. ئەرکی سەرەکیشی ئەوەیە بە هەموو شێوەیەک بەرژەوەندیی ڕێژیمی ئێران و شەخسی خامنەیی و بازنەی دەسەڵاتەکەی بپارێزێ و شەقام و بیروڕای گشتی لەو پێناوەدا ئاراستە بکا. بۆ چاودێری لە ڕەوت و کردەوەی دەنگ و ڕەنگی میللییش! سەرەڕای ئەو کارکردە، ناوەندێکیش بە ناو "شوڕای چاودێری بە سەر دەنگ و ڕەنگ" دانراوە کە ئەرکی سانسۆڕ و بەرنامەداڕشتن بۆ میدیای گشتیی وڵاتی لەئەستۆیە.

ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبیش لەو بابەتە بە دوورنین و جیا لە وەزارەتی فەرهەنگ، فەرمانگە و ڕێکخراوی دیکەش ئەرکی چاودێری بەسەر چاپەمەنییان وەئەستۆیە کە گرینگترینیان (شوڕای چاودێری بە سەر چاپەمەنی)یـە و لە لایەکی دیکەش دادگایەکی تایبەت بۆ چاپەمەنی کراوەتەوە کە سزای لادان و هەڵەکان دیاری دەکا، بێڕێزی بە باوەڕە پیرۆزەکان و کەسایەتییە گرینگەکانی ڕێژیم،هەڵسووکەوت دژ بە ئەمنییەتی نێوخۆ و بڵاوکردنەوەی درۆ ئەو تۆمەت و تاوانگەلەن کە ئەگەر بدرێتە پاڵ هەر چاپەمەنی و بڵاوکراوەیەک ئاکامەکەی داخستن و ڕاگرتنی کار و چالاکییەکانیەتی. لە تەنیشت ئەم هەموو بەربەستانە دادسەرای فەرهەنگ و ڕەسانە و دادگای ئینقلابیش بۆ تاوانی گەورەتر دێنە مەیدانەوە.

ئینتێرنێت و سۆسیال مێدیا نوێترین شوێنێکە کە ڕێژیمی ئێران پەلی بۆ هاویشتووە، بەو هۆیە کە لەلایەن خەڵکەوە وەکوو بەدیلێک بۆ بۆشایی ڕاگەیاندن و ئاگاداری لە هەواڵ و زانیاری و پێوەندیی لەگەڵ دنیای دەرەوە کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران لێرەشدا بە دروستکردنی پۆلیسی فەتا، فیلتێرینگی مەبەستدار، دەسڕێژی سایبێری و دەسبەسەرکردنی چالاکانی دنیای ئینتێرنێت و خاوەن کاناڵ و گرووپەکانی نێو سۆسیال مێدیا دەرفەتی چالاکی لەو بەشەشی سنووردار کردووە و هەر ئەو کارانەش بووە بە هۆکاری ئەوەی کە ئێران لە ڕیزبەندی ئازادیی بەیان و میدیادا لە پلەکانی ئاخر و هاوشانی کۆرەی باکوور و چین و وڵاتە دواکەوتەکانی دنیادا جێ بگرێ.

تایبەتمەندی هاوبەشی وڵاتانی دیکتاتۆر ئەوەیە کە میدیاکان دەپاڵێون و ئەوەی بەرژەوەندیی خۆیانی تێدا نەبێت لە ڕوانگەی ئەوانەوە نەبوونی چاکترە. ئاراستەی میدیاکان لە هەموو وڵاتانی دیکتاتۆردا یەک شتە: نابێت ڕاستییەکان خەڵک بیزانن! یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی میدیا لە ئێراندا ئەوەیە کە هەموو زلهێزەکانی دنیا دژ بە خەڵکی ئێران و دوژمنی ئەوان نیشان بدا و تەنیا ڕێگای مان و دەربازبوونیان لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی ببینێتەو. نوێترین پیلانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە میدیا و دنیای مەجازی بیرۆکەی دروستکردنی "ئینتێرنێتی میللی"یە کە دیاریی ڕێژیمی چین و ڕووسیە بۆ خەڵکی ئێرانە و ئامانجی یەکجاریشی دەستگرتنە بە سەر ئەو چەکەی کە یارمەتیدەری پەلهاویشتن و نەخنکانی ڕووداوەکانی ٨٨، ٩٦ و ٩٨ لەسەر شەقامەکانی ئێرانە و دەیانەوێ بەوە دوابزمار لە تابووتی ئازادی گەیاندن لە ئێران بدرێ. ئاکامی هەموو ئەم کارانەش پاراستنی بەرژەوەندی چینێکی تایبەتی کۆمەڵگەیە کە بە زەبری سەرکوت و پارە بە سەر زۆرینەی خەڵکی ئێراندا حوکم دەکەن و تەنیا ڕێگەچارە بۆ دەرچوون لەم نگریسی و نەهامەتییە خەباتی یەکگرتووانە و یەکڕیزیی هەموو پێکهاتەکان بە دژی ئەم حکوومەتە دیکتاتۆڕ و دژیگەلییەیە.

## داخستنی پەروەندەی ڤییەن پەڵەی شەرم و شوورەیيە بە نێوچاوی دەوڵەتی ئوتریشەوە




**(ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٣٢هەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری د.قاسملوو و هاوڕێیانی)**

**هاونیشتمانیانی بەڕێز!**
**کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان!**

هەروەک ئاگادارن، ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ (بەرانبەر بە ١٣ی جوولای ٢٠٢١ی زایینی)، ٣٢ ساڵ بە سەر تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکێک لە شوێندانەرترین ڕێبەرانی مێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان تێدەپەڕێ.

لە وەها ڕۆژێکدا دوکتور قاسملوو کە بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسیی ئاشتیانە بۆ پرسی کورد لە کوردستانی ئێران سەردانی شاری ڤییەن، پێتەختی ئوتریشی کردبوو، لەسەر مێزی وتووێژ و لەلایەن دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە درایە بەر دەستڕێژ و وێڕای عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و فازڵ ڕەسووڵ کەسایەتیی سیاسیی خەڵکی کوردستانی عێراق شەهید بوون.

لەو تاوانە تیرۆریستییە قیزەونەدا ڕێژیمی ئێران بە شێوەیەکی دوور لە هەموو پرەنسیپە سیاسی و مرۆیی و دیپلۆماتیکەکان کەڵکی خراپی لە نیازپاکیی و ئاشتیخوازیی دوکتور قاسملوو و بزووتنەوەی ڕەوای کورد و عورف و ڕێساکانی دیپلۆماسی و دیالۆگ وەرگرت و لە نێو جەرگەی وڵاتێکی ئورووپاییدا بە شێوەیەکی دڕندانە دەستی بۆ ئەنجامدانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە قیزەونە برد.

لەو نێوانەدا هەڵوێستی دەوڵەتی ئوتریش وەکوو وڵاتێکی ئورووپایی کە بە ڕواڵەت لە کێشە نێودەوڵەتییەکاندا بێلایەنیی هەڵبژاردووە، چ پێش تیرۆرەکە و چ لە دوای کارەساتەکە و داڵدەدان و بەڕێکردنەوەی تیرۆریستەکان بۆ ئێران، ئاشکرا ڕێخۆشکەری بەڕێوەچوون و سەرپۆشدانان لەسەر تیرۆرەکە بووە و لەو کاتەوە هەتا ئێستاش داخستنی دۆسیەی ئەو تیرۆرە لە بەرانبەر ساتوسەودا ئابووری و سیاسییەکانیان لەگەڵ ڕێژیمی تیرۆریستیی ئێران، پەڵەیەکی شەرم و شوورەیی بە نێوچاوی دەوڵەتی ئوتریشەوە بووە.

هەڵسوکەوتی دەوڵەتی ئوتریش لە ڕاستیدا هاندەرێک بۆ درێژەدانی تیرۆری نەیارانی ڕێژیمی ئێران لە ئورووپاشدا بوو. وەک لە دۆسیەی دادگاییکردنی تاوانبارانی تیرۆری میکۆنۆسدا دەرکەوت، تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانیشی بەشێک لە پیلانی پاکتاوی نەیارانی ڕێژیم بوو کە ڕێبەر و سەرکۆمار و بەرپرسانی باڵای ڕێژیم تێیدا بڕیاردەری سەرەکی بوون و لە زەرفییەتی دەزگای دیپلۆماسی بۆ سەرخستن و ئەنجامدانی ئەو تیرۆرە کەڵکاژۆ وەرگیرا.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ٣٢هەمین ساڵوەگەڕی ئەو تاوانە تیرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کە یەکێک لە ڕێبەرانی هەڵکەوتووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی کردە ئامانج، یادی دوکتور قاسملوو و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و گیانبەختکردووانی دەستی تیرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران بەرز ڕادەگرێت و پێ لەسەر درێژەدانی ئامانجە مرۆییەکانیان دادەگرێتەوە.

هەروەها داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان و ئۆگرانی ئاشتی و ئازادی و مافە ڕەواکانی گەلانی ستەملێکراو دەکەین بەتایبەتی لە قۆناغی ئێستادا کە وڵاتانی ئورووپایی سەرقاڵی دانوستان لەگەڵ لە کۆماری ئیسلامین، دیاریکردنی ئیبراهیم ڕەئیسی یەکێک لە سیما ناسراوەکانی تاوان و کۆمەڵکوژیی ئەو ڕێژیمە وەکوو سەرکۆماری ئێران بە پەیامێکی جیددی بۆ درێژەدانی سیاسەتی کوشتار و تیرۆر و زەبروزەنگ وەربگرن و بە وەگەڕخستنی دۆسیەی تیرۆرەکانی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات و لە پێش هەموویان تیرۆری دوکتور قاسملوو، هەم یارمەتیدەری بەڕێوەچوونی دادپەروەری بن و هەم شکست بە هەوڵەکانی ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری ئێران بۆ درێژەدانی ئەو چەشنە سیاسەتانە و زاڵکردنی کەشی تیرۆر و تۆقان بەسەر کۆمەڵگای مرۆییدا بهێنن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢١ی پووشپەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی**
**١٢ی جولای ٢٠٢١ی زایینی**

## هەگبەی شاخ و شۆڕش





برایم چووکەڵی

ساڵەهای ساڵە گەلی کورد لە پێناو وەدەستهێنانی ماف وئازادییەکانیدا خەبات دەکا و لەو پێناوەدا مێژووییەکی پڕ لە شانازی و پڕ حەماسە و خوێنی هەیە. نەتەوەیەک کە هەم خاک و هەم خەڵکەکەی دابەش کراوە و هەم بە درێژایی مێژوو هەوڵی تواندنەوە و نەهێشتنی شوناسی نەتەوەیی دراوە، بەڵام نەکەوتووە و بە خەبات و خوێن بەرگریی لە ناسنامەی خۆی کردووە.

خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستانی ئێران ڕەنگدانەوەی ئەو هەمووە زوڵم و زۆرە و زەبروزەنگەیە کە لە مێژە بەسەر گەلەکەماندا سەپاوە. لە ٧٠ ساڵ لەوە پێشەوە قورسایی و ڕێبەری ئەو بزووتنەوە لە ئەستۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانە و لەو ماوەیەدا بە سەدان و هەزاران ڕۆڵەی فیداکار گیانی خۆیان بە بارەگای ئازادیی خاک و نیشتمان بەخشیوە کە «عیزەت حەسەنپوور» یەکێک لەوانە.

ساڵی ١٣٤١ هەتاوی لەو کاتەدا کە ڕێژیمی پاشایەتی سێبەری شومی بەتەواوی بەسەر ئێراندا کێشابوو، شەهید عێزەت حەسەنپوور لە گوندی «نەرویَ»ی هەورامان چاوی بە دنیای پڕ لە کوێرەوەی کردەوە. وانەکانی قوتابخانەی تا قۆناغی دواناوەندی خوێند و لەو سەروبەندەدا بوو کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت و ڕێژیمی پاشایەتی لە زبڵدانی مێژوو هاویشترا. زۆری نەکێشا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی تازە بە دەسەلات گەیشتوو ویست و داخوازییەکانی تەواوی چین و توێژەکانی خەڵکی ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی پێشێل کرد و وەڵامی ویست و داخوازی خەڵکی بە ئاور و ئاسن دایەوە. لەو کاتەدا کە حیزبی دیموکرات بە کردەوە لە مەیداندا دژی ئەم دیکتاتۆرییە ڕاوەستا و لاوانی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە، عیزەتیش وێرای زۆریەک لە لاوانی ئەو ئاو و خاکە نەیتوانی لە ئاست زوڵم و زۆری ڕێژیمی ئاخوندی دەرحەق بە گەلەکەی چاو هەڵنەبرێ. بۆ ئەم مەبەستە قۆڵی خەباتی هەڵماڵی و ساڵی ١٣٥٨ لە ڕیزی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتدا دەستی بە تێکۆشانی سیاسیی خۆی کرد.

هێشتا ماوەیەکی کورت لە پێشمەرگایەتی ناوبراو تێنەپەری کە کۆماری ئیسلامی هێرشی بۆ سەر ناوچەی هەورامان دەست پێ کرد، هەر بۆیەش بڕیاری دا چەکی پێشمەرگایەتی لەشان و دیفاع لە ئاو خاک و زێدی خۆی بکا و وێرای چەند کەس لە هاوسەنگەرانی لە ناوچەی هەورامان وەک هەڵۆیەکی سەربەرز پێش بە پەلاماردەران بگرێ. دوژمن بە چەکی جۆراوجۆر و هێزی زۆر و بە پشتیوانیی هیلی کوپتێر پەلاماری «سەرکۆ»یان دا، بەڵام کوڕی وەک عیزەت کە بە سەدانیان لە مەیداندا بوون، زەبری کاریگەریان لێ وەشاندن و هێزی دوژمنیان سەرەوخوار لە بەرزاییەکانی سەرکۆ پاک کردەوە. شەڕەکانی تاش و سەرکۆ، کەللەقەندی باسی ئەو داستانانە دەکەن کە عیزەتی کوڕی دێموکرات حەماسەی تێدا خوڵقاندووە و ئیستاش هەروا وەک یادگاری خەڵکی ئەو مەڵبەندە باسی لێوە دەکەن.

عیزەت زۆر زوو بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی.ئەو پێشمەرگەیەکی ڕوح سووک، لەسەرەخۆ و بە ئەخلاق بوو. لەنێو خەڵکی ناوچەشدا خۆشەویست بوو و لە ماوەیەکی کورتدا جێگەی خۆی لە نێو ڕیزی پێشمەرگەکان دا کردەوەو وەک پێشمەرگەیەکی بە ئیمان و دڵسۆزو خاوەن بیروباوەڕ ناسرا. ئەو لە بەڕێوەبردنی کارە حیزبی و پێئەسپێردراوەکانیدا جیددی و ڕێکوپێک بوو. نموونەی پێشمەرگەی خاوەن نەزم و دیسیپلین بوو، لەهێرشی بەربڵاوی کۆنەپەرەستی بۆسەر شاری نەوسود تەنیا عیزەت و پەلێک پێشمەرگە وێرای هێزی بەرگری دەرسێکی لەبیر نەکراویان بە هێزی بەکرێگیراوی کۆماری ئیسلامی دا کە لەو لاپەرە زێرینانەن کە ئەو لە تۆمار کردنیدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو.

شەهید عیزەت بە لێوەشاوەیی هەموو پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕی. لە جێگری پەل، سەرپەل وفەرماندەری لک و ساڵی ١٣٦٧ وەک جێگری هێزی شاهۆ و دواتریش وەک فەرماندەری ئەو هێزە قارەمانە دیاری کرا. ئەو ساڵی ١٣٧٠ بوو بە فەرماندەری هێزی بێستوون و لەو مەڵبەندەش ئەوەی لە توانایدا بوو بۆ حیزب و نەتەوەکەی کردی. ئەو نەک هەر پێشمەرگەیەکی ئازا و فەرماندەیەکی بەوەج ، بەڵکوو کادرێکی لێهاتووی سیاسیش بوو. سەرتەنگیسەر، بێساران، گەلێن، دەرەکەولەی گەلێن، هەوراوی تەنگیسەر، بەرزاییەکانی ئاڵمانەی مەریوان سەرشیوی مەریوان، کوڕەمریەم وکۆسالان بوونە مەیدانی خەبات و شایەتی بۆ ئازایەتی و قارەمانەتینواندنی شەهید عیزەت حەسەنپوور دەدەن. شەڕە بەناوبانگەکانی نەوسوود، تونێلی دووئاو، کەللەقەندی، شۆشمێ، کاگوژە، قەڵاگا، ناوشاری پاوە عیزەتیان لەنێو کورەی خەباتدا قاڵ کرد و کردبوویان بە یەکێک لە فەرماندە فیداکارەکانی حیزبی دیموکرات.

شەهید عیزەت لە دالاهۆ و بەمۆش زۆر قارەمانەتیی نواندو هەروەک چاوەڕوان دەکرا زۆر زوو خۆی نیشان دا و لەبەر لێهاتوویی و ئازایەتی لەم بەرپرسایەتییەشدا سەربڵیند و ڕووسوور و سەرکەوتوو هاتە دەر. لە عەمەلیاتەکانی ناوچەی هێزی بێستوون فیداکاریی لە خۆی نیشان دا و سەلماندی کە لە هەموو شوێنێک دژی زۆرداران بە ورەیەو ئازایانە بەگژ داگیرکەراندا دەچێتەوە.

بەداخەوە ڕۆژی ٣٠ گەلاوێژی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی شەهید عیزەت لە گەل دوو هاوسەنگەی دیکەی کەوتنە سەر مین و گیانی پاکیان پێشکەش بە گەلەکەیان کرد.

ڕوحیان شاد و سەنگەری خەباتیان ئاوەدان.

# بینای ژمارە پێنج

# Linke Bahngasse, wien


ڕەزا دانشجوو

ئێرە شاری "ڤییەن"ە، شاری موسیقا و گۆرانی، شاری کافە و قاوەخانەکان، شاری دیالۆگ و لێکتێگەیشتن، شاری پێکەوەژیان. دەڵێن "ڤییەن" هەمیشە بەخەبەرە، شەوەکانی لە ڕۆژ زیندووترن، لێرە خەوتن و بێخەبەری بێمانایە!

### بینای ژمارە پێنج

ئێرە شە قامی linke Bahngasseـە، شەقامێکی کۆن لە دڵی شاری ڤییەندا. بە دڵنیاییەوە ڕووداوی تاڵ و شیرینی زۆری بە خۆیەوە دیوە، بەڵام ڕەنگە هیچ کامیان بە تاڵی کارەساتی ئەورۆ نەبن. لەنێو بینای ژمارە پێنجی ئەم شەقامەدا تراژیدیایەک بەڕێوەیە. ئەورۆ دوور لە چاوی کامێراکان، ڕۆژنامەنووس و تەنانەت هاوڕێیان حێزبی، کەسێک تەواوی ژیانی سەرانسەر خەبات و ڕزگاریخوازیی خۆی کردووەتەوە ئابڕووی ئاشتی و پێکەوەژیان. ئەورۆ شەقام ئاڕامتر لە هەمیشەیە، تەنانەت باڵندەکانی ئەم شەقامەش ئەورۆ بێدەنگن، دەڵێی پێشووتر ئاگادار کراونەتەوە کە قەرارە چ ڕوو بدا. میوانەکان بێ مانەوە لە پشت دەرگای بیناکە، زۆر خێرا دەگەنە نهۆمی سێهەم، شوێنی مەبەست. سێ کەسن. بەڕواڵەت لە میوان دەچن، مرۆڤ چۆن دەتوانێ بزانێ ئەوانە بەڕاستی میوانن! خانەخوێ بە ڕووی خۆش بەخێرهاتنی میوانەکان دەکا. لەنێو کوردەواریدا میوان ڕێزی زۆرە، تەنانەت ئەگەر دوژمن بێت. مام جەلال پێچەوانەی دانیشتنەکانی پێشوو ئەم جارەیان لەگەڵ نییە. ***"ئێمە باشترمان زانی ئاغای تاڵەبانی بەشدار نەبێ، بەهۆی زاربڵاویی، ڕەنگە نەتوانێ نهێنیی کۆبوونەوەکان بەباشی ڕاگرێ."*** قەرارە ئەمورۆ درێژەی باسی دانیشتنەکانی ڕابردوو بێت.




### ڤییەن شاری موسیقا و گۆرانی

"ڤییەن" شاری موسیقایە، شاری گۆرانی، شاری ئۆرکێسترا بەناوبانگەکانی دونیا، دەڵێن ئێرە پێتەختی موسیقای جیهانە. لە هەموو شوێنێک دەنگی ئاواز و گۆرانی دێ، دەنگی ساز و مۆسیقی. گۆشە گۆشەی ئەم شارە بیرەوەریی گەورەپیاوانی مۆسیقای پێوە دیارە. تاریک و ڕوونی ژیانی بەشێک لە مێژووی موسیقای کلاسیکی دونیا. ئێستا بێتهۆوێن دوای چەندین ساڵ کوێرەوەری بۆ گەیشتن بە بەرزترین پێگەی مۆسیقایی بەتەواوی توانای بیستنی لەدەست داوە و ئێتر ناتوانێ گوێی لە شاکارەکانی خۆی بێت. ئۆپێرای "شمشاڵی سێحراوی"ی موتزارت دڵی هەر ئەویندارێک دەهەژێنێ، تەنانەت ئەگەر هیچ هۆگرییەکیشی بە مۆسیقا نەبێ...

### بینای ژمارە پێنج

باسەکە گەرمتر لە پێشوو بەردەوامە. خانەخوێ بە چەند پێشنیاری ڕوون هاتووە. دەیەوێ باسەکە بە ئاکامێکی ڕوون بگەیەنێ. قەرارە بناغەی داهاتوویەکی ڕوون لێرەوە دابمەزرێ. ***"نەسڵی ئێمە نەسڵی دێمۆکراسی و خودموختارییە..."*** ئەوە باشترین هەڵ بۆ شاندی میوانە ئەگەر لەدووی ئاشتی و تەبایی بگەڕێ و ئەگەر پێوشوێنی پێکەوەژیان کەوتبێ... ئەگەر گوێیەک بۆ بیستن هەبێ، بەڵام کەسێک کە نوێنەرایەتیی خودا دەکا، کەی بە مرۆڤبوون ڕازی دەبێت!

***"ئێستا ئەگەر دواتر کەسێک هات و داوای سەربەخۆیی بۆ کوردستان کرد یا ویستی سۆسیالیزم لە کوردستان دابمەزرێنێ، پێوەندیی بە منەوە نییە..."***

ویست و داخوازییەکانی ئەم گەڵە بە تیرۆرکردنی من (خانە خوێ) قەت کۆتایی نایە، بەڵکوو ڕادیکاڵتر لە ڕابردوو بەردەوام دەبێ، نەسڵی داهاتوو بەباشی ئەزانێ کە ئێوە جێگە لە زمانی زۆر لە هیچ زمانێک تێناگەن.

**"ئەگەر داخوازییەکانی ئێمە جێبەجێ بکرێن، نە تەنیا هیچ گرفتێک بۆ یەکپارچەیی ئێران پێش نایە، تەنانەت ئەوەدەبێتە هۆی نزیکبوونەوە لە کوردەکانی عێراق و تورکیەش..."**. ڕەنگە هیچ کەس وا بە وردیی ئەو نەخشەڕێگەیە نەکیشابێ، نەک هەر بۆ ئەم ڕێژیمە، بەڵکوو بۆ تەواوی ئەوانەی کە باس لە ئێرانی نێو خەونەکان دەکەن... فێدراسیۆنێکی گەورە تا دەرەوەی سنوورەکان!

خانەخوێ نایهەوێ هیچ پرسیارێک بێوەڵام بمێنێتەوە، نە بۆ ئەمرۆ، نە بۆ مێژوو، بەڵام مرۆڤ چۆن دەتوانێ تاقمێک شوێنیستی سوێندخۆری دوژمنایەتیت تێبگەیەنێ کە گەورەترین خەباتیان دژی کۆماری ئیسلامییش لێدانی ئاڵای شێروخۆر لە سەر جانتەکەیانە! خۆ ڕەنگە ئەوان لەو میوانە داگیرکەرانەش ناتێگەیشتووشتر بن.

### ڤییەن شاری کافە و قاوەخانەکان

کافە شۆنێکە بۆ دانیشتن و حەسانەوە، لە هەمان کاتدا بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا، کافەکان ساڵانێکە بوونەتە بەشێک لە کولتووری ئەم شارە، ڕەنگە بتوانی هەر کەسێک لەو کافانەدا بدۆزییەوە، لە نووسەرە و فەیلەسووف ڕاب بگرە هەتا ڕووناکبیر و سیاسەتمەدار و... .

لە کافە سێنتراڵ، ترۆتسکی بێوچان خەریکی نووسینە بۆ بێ ئابڕووکردنی پڕوپاگەندەی تێزارەکان، چەند ساڵ دوای دوورخستنەوەی زۆرەملێی بە فەرمانی دیکتاتۆری تێزار. ترۆتسکی ئێستاش بێدەنگ نەبووە. لە باوەڕی ترۆتسکیدا قەڵەم دەتوانێ ڕێگر بێ بەرامبەر بە دەزگای زۆر و درۆ و تیرۆر! کۆ بوونەوەتەوە و گوێیان بۆ گرتووە. دەڵێ: ***"خەوتن دەرفەتێکە بۆ ڕزگار بوون لە گرفتەکانی بەئاگابوون".*** وا دیارە ئەو کەسانەی لە دەورووبەری دانیشتوون باش لێی تێناگەن، زۆر بە سەیری چاوی لێ دەکەن . فرۆید لە سەر ئەو باوەرەیە کە: ***"زۆربەی خەڵک هیچ هۆگرییەکیان بە ئازادی نییە، چونکە ئازادی پێویستی بە بەرپرسیارێتی هەیە و زۆرینەی خەڵک لەو بەرپرسیارێتییە دەترسن."***

### بینای ژمارە پێنج

***"ئێمە هیچ کات باسمان لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی نەکردووە بەو شێوەیە کە بڵێین لە فلان ڕۆژدا دەڕووخێ، بەڵام خەرێکی خەباتین و ئێوەش باش دەزانن ئەگەر کەسێک لە مەیداندا مابێ ئێمەین..."*** بە دڵنیایەوە میوانەکان! ئەوە باش دەزانن، باشتر لەهەر شتێکیتر. ئامانجی سەردانەکەی ئەوان هەر بۆ ئەوەیە...! لە سەرەوەی لیستی ئەو کەسانەی کە دوای تێپەڕینی دە ساڵ لە دەسەڵاتی کۆماری ئێسلامی بە بەرەوامی خەریکی تێکۆشان و خەبات دژی ڕێژیمن، ناوی بەڕیزتانە. خەبات لە شاخەکان و دیپلۆماسیی لە دانیشتنەکان. ڕاست دەفەرموون جەنابی خانەخوێ کە کەس لە مەیدانی خەباتدا نەماوە و قورسایی ئەم خەباتە هەر لەسەر شانی کوردەکان قورسایی دەکا... میوانەکانیش زۆر باش ئەوە دەزانن، خۆ پێشووتر گوتم ئامانجی سەردانەکەیان هەر ئەوەیە، هاتوون ئەمەش یەکلا کەنەوە...

### ڤییەن شاری پێکەوەژیان

چارڵز ئێمێرسۆن نووسەری کتێبی"١٩١٣-جیهان پێش شەڕی گەورە" لەبارەی "ڤییەن"ەوە دەڵێ: ***"حکومەتی ناوەندی هیچکات دەسەڵاتێکی زۆری نەبوو و تا ڕادەیەکیش کەمتەرخەم بوو . ئەگەر لە ئورووپا لە شوێنێک بۆ خۆشاردنەوە دەگەڕێن کە لە هەمان کاتدا بتوانن لەگەڵ خەڵکانێکی زۆر پێوەندی بگرن، ڤییەن باشترین بژاردەیە."*** لێرە هەموو جۆر کەسێک و هەموو جۆرە بیروڕایەک ڕێگەپێدراوە، لێرە دەتوانی ڕابردووی کەسانێک بدۆزییەوە کە مێژوو تێدا ماوە.

وەک ئێستالین کە ئەویش وەک ترۆتسکی بە هۆی دژایەتیی تێزار لە ڕووسیە دوور خراوەتەوە و خەریکی درێژەی خەباتی شۆڕشگێڕانەیە. مرۆڤ چۆن بزانێ دواتر دەبێتە جەلادێک بکوژتر و خوێنخۆرتر لە تێزارەکان کە تەنانەت دوای دوورخستنەوەی ترۆتسکی! دیسانەکەش دەستبەرداری نابێ هەتا لەو سەری دونیا، لە مێکزیکۆ لە خوێنی خۆی نەگەوزێنێ...

کەمێک دوورتر لاوێکی لاوازی کەم تەمەن کە بە ئامانجی خوێندنەوەی وانەی نەققاشی لە زانکۆی هونەرە جوانەکانەوە هاتووەتە ڤییەن و خەریکی بیرکردنەوەیە. ڕەنگە بەجێی نەققاشی، بیەوێ سەرلەنوێ نەخشەی دنیا بکێشێتەوە. هەر بەڕاست هیتلێر و شێوەکاری و ڕەنگ و تابلۆ....؟

لە باشووری ڤییەن "یوسیپ برۆز" لە کۆمپانیای دایملێر خەریکی کارە. ئەو زۆرتر لە کارێکی باشتر دەگەڕێ بۆوەی پارەی زیاتری هەبێ و بەشی خۆش ڕابواردنەکانی بکا. کێ دەزانێ قە ڕارە دواتر ببێ بە مارشاڵ تیتۆ، ڕێبەری کۆمۆنیستی یوگسلاڤیا و باس لە چینی چەوساوەی هەژار بکا...!

### بینای ژمارە پێنج

دەنگی فیشەک دێ، دەنگی تێنەگەیشتن، دەنگی کۆنەپەرستی. بۆنی خوێن دێ، بۆنی بێئابڕوویی جەماعەتی تاریکیپەرست.

کێ بوو دەیگوت ئەوانە میوانن، بۆ ئاشتی هاتوون، بۆ تەبایی و ژیان. خۆ من گوتم ئەوانە لە میوان ناچن! کێ بوو دەیگوت ئێرە شاری مۆسیقایە، شاری دیالۆگ، شاری ڕاوێژ و لێکتێگەیشتن، شاری پێکەوەژیانە؟ چ ڕووی دا کە لە بری سەمفۆنیای بێتهۆوێن و شمشاڵە سێحراوییەکەی موتزارت دەنگی گوللە دێ؟ کێ بوو دەیگوت ڤییەن هیچ کات خەو لە چاوانی نایە، هەمیشە ڕووناک و زیندوویە، کێ بوو؟ هەر هەمووی درۆ بوو؟

ڕاستی کی دەڵێ یەلدا درێژترین شەوی ساڵە؟ کێ دەڵێ درێژترین ڕۆژانی ساڵ ڕۆژەکانی پووشپەڕن؟ من دەڵێم یەلدا شەو نییە ڕۆژە و ڕۆژی لەدایکبوونی ئاشتییە. پێچەوانەوە ڕۆژانی پووشپەڕ شەون، شەوانێکی ئەنگوستەچاو، درێژ و بێبەیانی... .

### دانووب جێژوانی چۆڵ

ئێرە شوێنی پێکگەیشتنە، شۆنێک بۆ دوورکەوتنەوە لە دنیای خەم و ژان، بۆ یەکبوون و پێکەوەژیان. گرینگ نییە چەند ساڵ بی، تازەلاو، وەنێوکەوتوو یان پیر، ژن یان پیاو، گرینگ نییە هەڵگری کام ناسنامە و پاسپۆرت بی، یان خاوەنی کام زمان و ئایین، دارا یا نەدار، تەنیا دەبێ ئەویندار بیت. دڵنیابە لێرە کەسێک دەدۆزییەوە کە چاوەڕوانی تۆ بێ، نەک هەر ئەمشەو، تەواوی ئەو شەوانەی کە خۆشەویستی بە درێژایی دانووب سنوورە دەسکردەکان دەبڕێ و دەگەڕێتەوە سەرچاوەی ڕاستەقینە، بۆ شوێنی لەدایکبوونی. شەوەزەنگە و جێژوان چۆڵ... .

# قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە

## (بۆنە و چالاکییەکان بەبۆنەی سی‌ودوو ساڵەی تێرۆری د. قاسملوو)

لە سی‌ودوو ساڵەی تێرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی بە دەست تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کۆمەڵە کۆڕیاد، وێبینار و ڕێوڕەسمێک بەڕێوەچوون:

**فەرانسە**

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی فەرانسە ڕۆژی یەکشەممە، ٢٠ی پووشپەڕ بە مەبەستی بەرزڕاگرتنی یاد و ئامانجە پیرۆزەکانی دوکتور قاسملووی ڕێبەر و هاوڕێیانی لەسەر مەزاری شەهیدانی ڤییەن لە گۆڕستانی پێرلاشێز کۆ بوونەوە و چەپکەگوڵی ڕێز و ئەمەگناسییان لەسەر مەزاری شەهیدان دانا. لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا، سەردانی مەزاری شەهیدان د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی کرا و تاجەگوڵی ڕێز و ئەمەگناسی لەسەر مەزاریان داندرا.



**دانمارک**

ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەرانی چەند حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی کورد و فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە دانمارک، ڕۆژی سێشەممە، ٢٢ی پووشپەڕ کۆڕیادێکیان بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهید د. قاسملووی نەمر و هاوڕێیانی پێکهێنا.

خوێندنەوەی پەیامەکانی کۆمیتەی حیزب لە ڤییەن، یەکیەتیی دێموکراتی کوردی سووریە، پارتی سوسیالیستی کوردستان ـ باکوور، فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە دانمارک و ناوەندی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و خوێندنەوەی پەخشانێکی شێرکۆ بێکەس لە پەسنی د. قاسملوودا چەند بڕگەیەکی ئەم کۆڕیادە بوون.



**ئۆتریش**

لە بەرنامەیەکی هاوبەشی کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، لە شاری ڤییەن و لەبەر دەرگای ئەو باڵەخانەیەی کە ٣٢ ساڵ لەمەوبەر د. قاسملووی لێ شەهید کرا، خۆپێشاندانی دوو لایەنی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو.

لەو خۆپێشاندانەدا کە ڕۆژی سێشەممە، ٢٢ی پووشپەڕ بەڕێوە چوو، د. جەزا ساڵحی وەک نوێنەری هەر دوو کۆمیتەی حیزبی دێموکرات پەیامێکی پێشکێش کرد و بەڕێز حەمەکەریم، نوێنەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و هەروەها بەڕێز دانا، نوێنەری مەڵبەندی کوردی لە شاری ڤییەن وتاریان خوێندەوە. دواتر چەپکەگوڵی ڕێز و ئەمەگناسی لە شەهیدانی ڤییەن لەسەر مۆنۆمێنتی شەهیدان دانرا.



**ئاڵمان**

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٠ی پووشپەڕ، بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری هامبۆرگ، ئاکسیۆنێک لە بەردەم کۆنسوڵخانەی ڕێژیمی ئێران لەو شارە بەڕێوە چوو.

لەو ئاکسیۆنەدا پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئالمان خوێندارییەوە و بەشداران بە خوێندنەوەی سروود و بەرزکردنەوەی دروشم لە دژی کۆماری ئیسلامی یاد و بیرەوەریی شەهیدانیان بەرز ڕاگرت.



**بریتانیا**

ڕۆژی سێشەممە، ٢٢ی پووشپەڕ سەدان ئەندام و لایەنگر و دۆستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵوەگەڕی تێرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە شار و شارۆچکەکانی وڵاتی بریتانیاوە خۆیان گەیاندە بەردەم باڵوێزخانەی ڕێژیم لە شاری لەندەن.

لەم خۆپێشاندانەدا بۆ ڕیسواکردنی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی دروشمی دژ بە کۆماری ئیسلامی بەرز کرایەوە، هەروەها کۆمەڵێک پەیامی سیاسی خوێندرانەوە و چەند سروود و پەخشانێک پێشکێش کران.



**فینلاند**

ڕۆژی شەممە، ٢٦ی پووشپەڕ بە بەشداریی ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵێکی بەرچاو میوان و نوێنەرایەتی لایەنە سیاسیە کوردستانییەکان وێبینارێک بۆ کاک مادێح ئەحمەدی، ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهات. لەو وێبینارەدا پەیامی کومیتەی فینلاند خوێندرایەوە و کۆرگێری وێبینارەکە لەسەر ڕۆڵ و پێگەی شەهید دوکتور قاسملوو و هەروەها کاریگەرییەکانی لەسەر قۆناخە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی خەڵکی کوردستان قسەی کرد.

کۆرگێر بە ئاماژەدان بە دەور و نەخشی کاریگەری دوکتور قاسملوو لە پاش کۆنفرانس و کۆنگرەی ٣ی حیزب و ساخکردنەوەی تەشکیلاتی ئەم حیزبە و دارشتنەوەی سەردەمیانەی حیزب، باسی لە ڕۆڵی بنیاتنەری شەهید قاسملوو لە سەربەخۆیی سیاسی و دەوربینینی لە مەیدانە سیاسی و دیپلۆماسی و تەشکیلاتییەکاندا کرد و ئەو ئاکامەی لە باسەکەی وەرگرت لە نەمر قاسملوو یەکێک لە بزوێنەرە سەرکییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بووە کە لە ئاستی کوردستان و ئێران و جیهان توانیویەتی خوێندنەوەیەکی واقعیانەی بۆ ڕووداوەکان هەبێ و هەوڵ بدا ئەم بزووتنەوەیە بە ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانە بە ئەنجام بگەیەنێ.




**نۆرویژ**

ڕۆژی سێشەممە، ٢٢ی پووشپەڕ لەلایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژەوە وێبینارێک بۆ بەڕێز خالید حەسەن‌پوور، ئەندامی ڕێبەریی حیزب پێکهات. لەو وێبینارەدا پەیامی کۆمیتەی نۆرویژ بەو بۆنەیە خوێندرایەوە و پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی لاوان و ژنانی دێموکرات لە وڵاتی نۆرویژ پێشکێش کرا.

بڕگەی سەرەکی وێبینارەکەش تەرخان کرابوو بۆ باسێک لە سەر کەسایەتیی دوکتور قاسملووی نەمر و ڕۆڵی ئەو نەمرە لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردا، کە لە لایەن بەڕێز خالید حەسەنپوورەوە قسەی لەسەر کرا.

چەمکەکانی دێموکراسی، مافی دیاری کردنی چارەنووس، دیفاع لە مافی ژنان، گرینگی دان بە لاوان، لێک گرێدانی خەباتی نەتەوایەتی و دابین کردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و ... لەو خاڵانە بوون کە ڕێزدار حەسەن پوور وەک میراتی بە نرخی شەهیدی سەرکردە، ئاماژەی پێ کردن.

نێو ئاخنی وێبینارەکەش کۆمەڵێک سروود و شێعر و پەخشان بوون.



**بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب**

کۆمیسیونی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی دووشەممە، ٢١ی پووشپەڕ، سێمینارێکی بۆ بەڕێزان عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و سمایل شەرەفی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بۆ باس لەسەر بیر و ئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو ڕێکخست.

لەو سمینارەدا کاک عومەر باڵەکی پەرژایە سەر لێکەوتەکانی تێرۆری دوکتور قاسملوو لە کوردستان و بە ئاماژە بە ورەی بەرزی پێشمەرگەکان و بەردەوامیی خەبات و تێکۆشان و بەرگریی خەڵک، تیشکی خستە سەر ئەوەی کە بەپێچەوانەی خەیاڵی دوژمنان و تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی، ئەو هاوپێوەندییە سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتییەی لە نێوان خەڵک وپێشمەرگەدا و هەروەها ئەو هەست وبڕوابەخۆبوونەی هێزی پێشمەرگە لەژێر کاریگەریی بیری قاسملوودا هەیانبوو، ئامانجەکانی دوژمنی لە نسکۆ پێهێنان بە حیزبی دێموکرات مایەپووچ کردەوە.

لە بڕگەی دووهەمی سێمینارەکەدا کاک سمایل شەرەفی باسێکی تێر و تەسەلی لەسەر قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات پێش تێرۆر و پاش تێرۆری دوکتور قاسملوو کرد و گوتی: ئەگەرچی دوژمن پێی‌وابوو کە بە تێرۆری کەسایەتییەکی وەکوو قاسملوو بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات خۆ ناگرێ و تووشی شکان و نسکۆ دەبێ، بەڵام بە پێچەوانەوە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ڕەوای گەلی کورد لەسەر ڕێنماییەکانی ڕێبەری مەزنمان و بە گیانبازیی و گیانفیدایی ڕۆڵەکانییەوە زیاتر لە جاران بوو بە چقڵی چاوی دوژمنان و هیوای خەڵکی کوردستان.



**نێوخۆی وڵات**

لە نێوخۆی وڵات و لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بە چالاکیی تەبلیغی جینایەتەکانی ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کرد و لەگەڵ شەهیدانی ڤییەن پەیمانی درێژەدانی خەبات و ئامانجیان نوێ کردەوە. بەشێک لەو شارانە و لەو شوێنانەی چالاکیی تەبلیغییان تێدا کراوە و بە دروشم و تراکت و وێنەکانی د. قاسملوو ڕازانەوە، بریتی بوون لە: پیرانشار، ورمێ، سنە، دێولان، چەخماخدەرەی لەیلاخ، قەسری شیرین، جوانڕۆ، بۆکان، دیواندەرە و... .

---

# دارسمە

### دارسمە دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

## بەعبەع و مەعمەع و ئالزایمێری مێژوو

ئەوەندە پێکەنیوم سکم دێشێ و دڵیشم لەگەڵیدا لەژێڵڵا دێ. هەر بەخۆم پێناکەنم، بەڵکوو بە ئێوەش. بە هەموو لایەک پێدەکەنم. بەڵام بۆ ئەوەی پشتم تێنەکەن و واز لە خوێندنەوەی ئەم چەند دێڕە نەهێنن، تەنیا باسی خۆم دەکەم و دەڵێم بە خۆم پێدەکەنم.

ئەوەندە پێکەنیووم دڵم ژان دەکا، بەڵام خێرا وەک گۆزێک ئاوی سارد سارد، ساردێکی وەک سەهۆڵاوم پیدا بکەن لە پێکەنین و مێکەنین دەکەوم. چاو لە تەلەڤیزیۆن دەکەم. بە دەسکی بێتەلی تەلەفزیۆن ئەم کاناڵ و ئەو کاناڵ دەکەم، هەموویان وێنەی بێ‌ئاویی پارێزگای خووزستانی باشووری خۆرئاوای ئێران دەگوازنەوە. وێنەی سێ گەنجی کوژراوی خۆپێشاندان و زەویی شەقار شەقار و گامێشگەلی لە تینووان خنکاو پێشان دەدەن و جارناجار سەرێک بە بن کڵەی وشکی سی‌وسێ پردی ئیسفەهاندا دەکەن.

دوگمەی "کاناڵگۆڕ"ەکە لەسەر شاشەی هەواڵی تەلەڤیزیۆنێک ڕادەگرم. قسەی خۆمان بێت، زیاتر وێنەی تەڕوبڕی بێژەری هەواڵان سەرنجی ڕاکێشاوم. لەسەر ئەم بێ‌ئاوییەڕا با کەمێک سەیری ئەم بەژنە ڕێکوپێکە بکەم. خۆ کەسیش لۆمەم ناکات. ئەو خەریکی خوێندنەوەی هەواڵە و منیش گوێم داوەتێ و تێوەڕاماوم. لەوەتەی پێشکەشکارانی تەلەڤیزیۆن زۆربەیان ژنن، ئیدی بیانوو بەدەست هاوسەرانەوە نەماوە و ئەوکاتەی سەیری ژنی سەر ڕووبەری تەلەڤیزیۆن دەکەین، خۆیانمان لێ مۆڕ ناکەنەوە. هەواڵە و تەواو.

ڕۆژێک گوێ نەدەمە هەواڵان دنیام لێ وێکدێ. چۆن دەبێ نەزانین نرخی زێڕ و نەوت و پارە و دراوان چیان لێ‌هاتەوە؟ چۆن دەبێ نەزانین ئەمڕۆ لە دەوروبەری خۆمان چەند ئۆتۆمبێل خۆیان پێکداداوە؟ چون دەبێ نەزانین سەرکردانمان ئەمڕۆ چند هەنگاو بەرەو ڕزگاربوونمان هەنگاویان ناوە؟ چۆن دەبێ نەزانین بۆ بەیانی تینی هەتاو چەند پلەیە و خێرایی با چەندە؟ بۆ دەبێ نەزانین دیسان بوومەلەرزە لەکوێی داوە و... .

دادەی ئەم "کاناڵگۆڕ"ەم بۆ باوێنەوە. ئەمەش دەگۆڕم. ژنەتیوە هەیەتەیە! تۆخوا ئەمە هەواڵە؟ لەترسی هەواڵی بێ‌ئاوی ئەم کەناڵ و ئەو کاناڵ دەکەم. خۆ بەسەر هەواڵی"نان"یشدا کەوتم. تازە پێم‌خۆش نییە لەسەر تەلەڤیزیۆن چاوم بەم ژنەتیوە بکەوێتەوە. تۆ خۆا بۆ ئەم هەواڵەی خوێندەوە. تازە لەپێش چاوم کەوت. لەمەودوا ئەو ژنە تەڕوبڕ و ڕێکوپێک و جوان‌چاک و دەنگخۆشەی پێشوو نییە، وەڵاهی ئەمجار دایکی منداڵانیش خۆیم لێ مۆڕ نەکاتەوە، هەر دەیگۆڕم. هەر وەک ژنیش ناچێ دەڵێی نێرەمووکە. بەم هەواڵە جوانەی هەر بەیەکجاری نێوکم کەوت. تۆ خوا ئەمە هەواڵ بوو؟ دڵێت لەمەودوا یەک نانی "بەربەری" بە هەزار و ٨٠٠ تمەن و یک نانی سەنگەک بە ٣ هەزار تمەنە.

ئەوە چل و چەند ساڵی تەواوە خوومان بەم هەواڵانە گرتووە. هەزار خۆزگەم بەو کاتەی تازە لە بیستنی هەواڵان گەرم دادەهاتین. ئەودەم زۆر خۆش بوو. ئەم ئینترنێت و مینترنێت و سەتەلایت و مەتەلایت و شتە نەبوو. تەنیا لە ڕادیۆوە گوێمان لە هەواڵان دەبوو و دوو ڕۆژ دواتریش ڕۆژنامە لە تارانەوە بە گورگەلۆقە دەگەیشتنە ئەم شارانەی ئێمە.

ئینقلاب کرا. گوتیان "دیو چو بیرون رود فرشته درآید". گوتیان بۆنی گوڵ و سوێسنیش دێ. هەر ئەوەندەی پێ‌نەچوو فریشتەیەکمان لێ دەرکەوت کۆڵێک ڕیشی هەبوو. بە ژن و بە پیاوی دەگوت "می‌کونەم". دەستی بە کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵک کرد و بە هەزارانی لەسەر دەستی ئەم سەرۆکۆمارە نوێیەمان گوللەباران کرد. ]ڕەبیی شێخ و موشایەخ دەستی بە عومریەوە بگرن و شای نوورانی ئاگاداری بێ، ئەم سەرۆکۆمارە نوێیەمان ئەوکات قۆڵی بۆ کوشتنی ئەو کەسانە هەڵماڵیبوو، فێری "بەع بەع ومەع مەع" نەدەبوون.[

ئەرێوەڵا فریشتە شەدەڕەش و ڕیش‌پان و مڕچومۆنەکە، باسی ئاو و کارەباشی کرد و بەوانیشی گوت "می‌کونەم". گوتی "ئاو و کاربا هەر بەلاش می‌کونەم" منیش هەر دەمگوت بەع بەع و مەع مەع. من یانی ئەو منەی لەم نووسینەدا نوێنەری نزیکەی هەمووتانم، وردە وردە لە بەع بەع و مەع مەع کەوتم. بەڵام فریشتە ڕیش پانە مڕچ و مۆنەکە ئێستاش شەو و ڕۆژ دەنگی لە گوێمدا دەزرینگێتەوە. ئاوی ماڵان وشک دەبێ و ئەو لە گوێچکەمدا دەڵێ "می‌کونەم"، کارەبا دەبڕێ و ئەو هەر لە گوچێکەمدا دەڵێ "می‌کونەم". خەڵکی خوزستان و بەلووچستان بۆ قومێک ئاو دەحەواوە هەڵدەچن و ئەو لەگوێچکەمدا دەنگی دەزرینگێتەوە و بەردەوام دەڵێ "می‌کونەم".

پاش چل ساڵ من لە بەع بەع و مەع مەع کەوتووم و وردە وردە زمانم گۆ دەکا و فێرە قسە دەبم و فریشتە ڕیشپانەکەش کەوتووتە ژێر خاک و جێگرێکی یەک دەستی لە دوای خۆی جێ‌هێشتووە. ئیدی ئەمەیان لێمان بووەتە دێوی یەکدەست و وەک ئەوەی پێش خۆی باسی "می‌کونەم" ناکا و وەک فریشتەش ناچێ و تازە پاش پەنجاساڵێک منی هێناوەتە سەر ئەم بڕوایە، ئەمە نەک فرشتە نییە بەڵکوو دێوێکی جوانە، ئەوی پێش خۆی دێوێکی جوان و ئەوەی بەرلە هەردووکیان یانی ئەوی بەر لە شۆڕشە سەقەتەکە جوانترین دێو بوو.

منیش لە جیاتی بۆنی گوڵی سووسەن و یاسەمەن بۆنی خوین دەکەم. ئەویش نەک بۆنی خوێنی ئەو مەڕ و چێڵانەی چەن ڕۆژ لەمەوبەر بۆ قوربانی سەریان بڕین.

لە کۆتاییدا تووشی نەخۆشیی گوێزرینگانەوە بوومە و بەردەوام ئەم ڕستەیەی تێدا دەزرینگێتەوە: "مەن آب و بەرق ڕا مەجانی می‌کونەم". منیش بە هیوای ڕزگاربوونی مێژوو لە نەخۆشیی "لەبیر کردن (ئالزایمیر)" بەدەم بیستنی ئەم ڕستەیە بیر لە مانای وشەی فرەڕەهەندی "می‌کونەم" و مانای قووڵی بەع بەع و مەع مەع دەکەمەوە.

درێژەی لاپەڕەی ٢

## میراتی مەعنەویی دوکتور قاسملوو لەبەردەم تێپەڕینی کات و گۆڕانی هەلومەرجدا

پێویستییەکانی خەبات بۆ ئازادی گەلی خۆیەوە بوو.

ئەم پرەنسیپە کارییەی دوایی دەمانکێشێتە نێو ئەو لایەنە لە میراتی مەعنەویی نەگۆڕی دوکتور قاسملوو کە خیسڵەتی نێوەرۆکی هەیە. لێرەدا گرینگترین پرەنسیپ کە بەرجەستە دەبێتەوە و بناخە و پێوەری بەشی زۆری سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەردەمی دوکتور قاسملوو و لەدوای دوکتور قاسملووشە، سەربەخۆیی سیاسییە. بایەخێک کە لەگەڵ ئەوە کە باجی زۆر قورسی لەبواری ناجێگیریی هەلومەرجی تێکۆشان و تەسکبوونەوەی مەیدانی خەبات بۆ دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکڕات لێ کەوتۆتەوە، هەمیشە لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو دەسکەوت و سەرمایانە بووە کە پاراستنیان بۆ ئەو حیزبە لە ئەولەوییەتدا بووە.

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، سەربەخۆیی بڕیاردانی سیاسی دەبووە هۆی ئەوە کە سەرەڕای مەوقعیەتێکی جوغرافی و فیکری کە حیزبی دێموکڕاتی تێدا هەڵکەوتبوو، لە جیهانی دووجەمسەریی ئەوسادا، بەلەبەرچاوگرتنی کەمایەسییە دەروونییەکانی هەردووکی ئەم جەمسەرانە لە ڕۆئیای یەکسانیی مرۆڤ و دێموکراسیدا و لەوەش گرینگتر بێمەیلیان بۆ پشتیوانی لە خەباتی کورد، دوکتور قاسملوو بەکردەوە بێلایەنییەکی چالاک و نەبەستراوەییەکی مانادار بگرێتەبەر. قاسملوو لەگەڵ ئەوە کە بۆخۆی مارکسیست بوو و حیزبەکەشی وەک حیزبێکی چەپ و دژە ئیمپریالیستی پێناسە دەکرد، هەم نەقدێکی ڕووک و ئاشکرای سۆسیالیزمی مەوجوودی کرد و -لە سۆنگەی سیاسییەوە- لە دەرگای سۆسیال دێموکڕاسیی ئورووپای دا، هەم بەبێ دوودڵی داگیرکاریی سۆڤیەتی بۆ چێکۆسلۆڤاکی (١٩٦٨) و گرتنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران (١٩٧٩)ی مەحکووم کرد.

بەڵام ئەسڵی سەربەخۆیی سیاسی بۆ دوکتور قاسملوو کارکردێکی زۆر فراوانتر لەمەشی هەبوو. ئەو هەوڵی دەدا لە بەستەرێکی مێژوویی‌دا پێداگری لەسەر سروشتی قائیم بە زاتی مەسەلەی کورد (وشەکان هی ئێمەن)، نەک تەنیا بۆ ئێستا و ئاینده بەڵکوو لە ڕابردووشدا بکا. بەم چەشنەیە کە لە بەرامبەر ئەو شۆڤێنیستانەی بزوتنەوەی کورد (لێرەدا کۆماری کوردستان و بزوتنەوەی چەکدارانەی ٤٧-٤٦)یان بە دروستکراوی بێگانە دادەنا، دوکتور قاسملوو دەیگوت هیچ بێگانەیەک ناتوانێ بزووتنەوەیەکی دەیان و سەدان هەزار کەسی دروست بکا، ئەگەر ئەو بزووتنەوەیە زەمینەی عەینیی خۆی نەبێ (بڕوانە نامیلکەی "واقعیەتی گەلانی ئێران و ئەفسانەی م. ماکان"). ئەو لەبارەی سروشتی بزوتنەوەی کورد لە ئێران و کاریگەریی ئاگربەسی نێوان ئێران و عیراق، ئەو بزوتنەوەیە وەک بزوتنەوەیەکی ڕەسەن و سەربەخۆ دەناسێنێ و چارەنووسی ئەم دووانە (پرسی کورد و کێشەی نێوان دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان یان هی ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ دنیای دەرەوە) لێک جیا دەکاتەوە (وتووێژی لەگەڵ ڕۆژنامەی تایمزی لەندەن).

لەگەڵ ئەوە کە قاسملوو پێی وابوو نابێ خەباتی کورد بە ئاجێندای ململانە دەوڵەتییەکانەوە ببەسترێتەوە، لەو باوەڕەدا بوو کە بزوتنەوەی گەلێکی ژێردەستە مافی ڕەوای خۆیەتی داوای هاوکاری و پشتیوانی لە هەر گۆشەیەکی ئەم دنیایە بکا (تەنانەت لە پێتەختی "ئیمپریالیزمی جیهانی" کە سەفەر بۆ وێی بۆ حەوتوویەک پاش شەهید بوونی ڕێک خرابوو)، بەڵام دیسان بەلەبەرچاوگرتنی نابەستراوەیی و دووری لە پاشکۆیەتی: "ئێمە حەز دەکەین [هێزی دەرەکی] یارمەتیمان بکا، بەڵام ئەو وەختە حیسابمان ڕۆیشتووە کە پێمان وابێ دەبێ هێزێکی دەرەکی ئازادمان بکا". (کۆچێرا).

دوکتور قاسملوو ئەسڵی سەربەخۆیی و بەپاشکۆنەبوونی لە ئاستی نێوخۆیی وڵاتان و لەپێوەندی لەگەڵ دینامیزمی دەروونیی بزوتنەوەی کورد و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیشدا جێبەجێ دەکرد. لەبارەی پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا، ئەو پێی وابوو وەرگرتنی هاوکاری لەو دەوڵەتانە لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە تەنیا ئەو وەختە ڕەوایە کە بە قیمەتی زیان گەیاندن بە بەرژەوەندیی کوردی پارچەی دیکەی کوردستان تەواو نەبێ. لەئاستی بزوتنەوەی کوردیشدا، لەگەڵ ئەوە کە قاسملوو ئەمانەتدارترین سەفیری هەموو کورد لە دنیای دەرەوەدا بوو (ئێستاش دۆستە هەرە دیار و وەفادارەکانی کورد ئەوانەن کە کوردیان لە ڕێگای قاسملووەوە ناسیوە)، وێڕای کۆتایی‌هێنان بە پاشکۆیەتیی ئەودەمی حیزبی دێموکڕات بە بزوتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان، لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دەبێ بزوتنەوەی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و نابێ هێزی هیچ پارچەیەکی کوردستان دەست لە کاروباری پارچەکانی دیکە وەربدا.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئاستی ئێران، دوکتور قاسملوو حیزبی دێموکڕاتی لە پاشکۆیەتیی پرۆسە سیاسییە زاڵەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش (ئەودەم حیزبی توودە) دەرهێنا. لەگەڵ ئەوە کە ئەو بەردەوام کاری بۆ دروستکردنی یەکگرتنی کارای کورد و "هێزە دێموکڕات و پێشکەوتنخوازەکان"ی ئێران دەکرد، پێی وابوو بزوتنەوەی کورد لە ئێران دەبێ دەستی بۆ هەر جۆرە ئیبتکاری عەمەلێک کە تایبەت بێ بە چارەسەری پرسی کورد لە ئێران ئاوەڵا بێ. کاتێک ڕۆژنامەوانی گۆڤاری "الیوم السابع" لەپێوەندی لەگەڵ هاتنەدەری حیزبی دێموکڕات لە شووڕای میللیی موقاوەمەتدا پێی دەڵێ مادام ئێستا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی موزاکرە ناکەن بۆچی لەسەر ئەو بابەتە لەگەڵ موجاهیدنی خەلق بە کێشە چوون، دوکتور قاسملوو دەڵێ مەسەلە موزاکرە نییە، مەسەلە ئەسڵێکی بنەڕەتییە کە بریتییە لە سەربەخۆیی بڕیاردانی ئێمە. ئەو دەستئاوەڵاییە کە دوکتور قاسملوو بۆ بزوتنەوەی کورد لە ئێرانی بە ڕەوا دەزانی بێ‌متمانەیی یان کەم متمانەیی وی بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەردەخست. لەوەش گرینگتر نیشاندەری ئەوە بوو کە لە باوەڕی ویدا کورد گەلێکی خاوەن مافی دیاریکردنی چارەنووس بوو و بەشداری لە پرۆسە سیاسییە سەراسەرییەکاندا نەدەبوو بە مانای ئەستاندنەوەی هەقی بڕیاردانی ئازادانە لەو گەلە بێ.

# تیرۆری د. قاسملوو و بۆنبەستی دیپلۆماسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست



شۆڕش شاباز

هەندی ڕەهەند و لایەنی تیۆری و سیاسی لە دنیای سیاسەتدا هەیە کە گرێدراوی جۆری ئاوەز و بیرکردنەوەی کەسانێکە کە نەکە هەر داهێنەری ئەو بۆچوونانەن، بەڵکوو بۆ پڕاکتیزەکردنی ئەو ئاوەزانەش هەنگاوی گرینگ و بەکردەوەیان هەڵێناوەتەوە.

هەموو کاتێک کۆمەڵگەکان دەکەونە ژێر کاریگەریی ڕەوتی هزریی خاوەنانی ئاوەز و مەیلەو نوێخوازی ڕێیان بڕیوە. کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکانیش کە لە ئێستادا یاسامەند و سەقامگیر بوون، ئاکامی کاریگەریی ئاوەزە پێشکەوتووەکانن. ئەوجۆرە پێشکەوتنانەی ئەمرۆ بەرچاو دەکەون بۆ ئەو بەستێنە زەینییانەی ئەم کۆمەڵگەیانە و شێوەی شوێندانەریی بیروڕای گشتی لەسەر بنەمای تێهزرینی یەک بە یەکی ئەندامانی ئەوان کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە. هەروەها بیرمەندگەلێک لە ناخی ئەم کۆمەڵگەیانە هەڵکەوتوون کە نەک هەر شەقام، بەڵکوو کۆمەڵگەی خۆیان و تەنانەت کۆمەڵگەی مرۆییشیان بەرەو ئیدەئالەکان ڕێنوێنی کردووە. دیارە ئەم گۆڕانکارییانە لە ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگەکاندا قوربانییشی وەرگرتووە کە چاخی ڕێنێسانسی ئورووپا لەم بارەیەوە زۆر نموونەمان پێشان دەدەن. د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، بیرمەندی گەورەی کورد مەبەستی ئەم نووسینەیە.

ئەو لە "کورتە باسێک لە سەر سۆسیالیزم"دا تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە لە کوردستاندا پیشەسازیی سەرمایەداری هەر بوونی نییە هەتا لەدژی ئەو بزووتنەوەیەکی پڕۆلیتاری سەر هەڵبدا. ئەو هەر لەو پێوەندییەدا دەپڕژێتە سەر ئەوە کە کورد لە ئێراندا بەدەر لە پرسی نەتەوایەتی نابێ ماف و پرسگەلی دیکەی وەک پرسی ژنان، کرێکاران و لاوان و پرسەکانی دیکەی کۆمەڵ پشتگوێ بخا. ئەو پێداگرە کە حیزبی دێموکرات بەبێ ئاوردانەوە لەو پرس و بابەتانە ناتوانێ ڕەوتی خەباتەکەی لە تەواوەتیی خۆیدا بباتە پێشێ.

ئەگەرچی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەردی بناغەی دامەزرانییەوە ناسناوی دێموکراتی بۆ خۆی هەڵبژارد و ئەو ناسناوە دەربڕ و لەخۆگری زۆر چەمک و مانایە، ئەویش لە ناوچەیەکدا کە لەلایەن یەکیەتیی سۆڤییەتەوە بەهۆی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە داگیر کرابوو؛ بەڵام سەرنجڕاکێش ئەوەی کە باس و تیۆرییە بنگەییەکانی حیزبی دەسەڵاتداری یەکیەتیی سۆڤییەت تەنانەت لەوکاتەشدا نەیتوانی کاریگەریی تەواوی لەسەر ڕێبازی فکریی حیزبی دێموکراتی کوردستان دابنێ و بیری چەپ لە هەناوی حیزبی دێموکراتدا خۆماڵی کرا.

ڕەهەندێکی دیکەی ئەم باسە مێتۆدی دێموکراتیک لە حیزبی دێموکرات دایە کە هاوکات وەک لە ڕوحی مەرامنامەی حیزبەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە پشتگیری لە دۆزی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی دیکەی کوردستانی بە ئەرکی خۆی دادەنێ. بۆ ئەمەش هەنگاوی بەکردەوەی نا و ئەم دیپلۆماسییەی د. قاسملوو لە ڕۆژئاوا بۆ ناساندنی پرسی کوردی گرتە بەر تەکڕەهەند و تایبەت بە پرسی کورد لە ئێران نەبوو. ئەو پێشتریش لە "کوردستان و کورد"دا پێشانی دابوو کە کورد یەک نەتەوە و کوردستان یەک نیشتمانە. ئەوەش وایکرد کە فرانسوا و دانیەل میتەران کە لە هاوڕێیانی سۆسیالیستی د. قاسملوو بوون لە دەیەکانی دواتردا ڕۆڵی زۆر ئەرێنی و بنیاتنەر لە ڕەوشی سیاسیی باشووری کوردستاندا بگێڕن.

ڕەهەندی دیکەی بیر و ئاوەزی د. قاسملوو گرتنەبەری پێوەندیی دیپلۆماتیکی کاریگەر بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و لەگەڵ ئەو وڵاتانە بوو کە دەسەڵاتی بەشێک لە خاکی کوردانیان پاوان کردبوو. ڕێکخستنی دانوستانەکان لەنێوان حیزبی بەعس -سەدام حوسێن- و بزووتنەوەی کورد -یەکیەتیی نیشتمانی و پارتی دێموکراتی کوردستان- بەشێک لە ئیبتیکارەکانی د. قاسملوو بوو. هاوتەریب لەگەڵ پرسی وتووێژ، د. قاسملوو کات و وزەیەکی زۆری بۆ پێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری ڕێژیم و کەسایەتییەکانی شوێندانەر لە بزووتنەوە دادەنا و دروستکردنی بەرەیەکی بەهێز لەدژی حکوومەتی ناوەندی لە هەر دوو قۆناغی دەسەڵاتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی لە بەرنامە سەرەکییەکانی نەمر قاسملوو بوو کە هەوڵی بۆ دەدا.

باوەڕی بەکردەوە بە دیپلۆماسی و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لەلایەن د. قاسملوو کە سەرکردایەتیی حیزبێکی چەکدار و شۆڕشگێڕی لە مەیدانی خەبات بۆ مافە ڕەواکانی گەلی کورددا دەکرد، یەک لە خاڵە بەرچاوەکانی کەسایەتیی ئەو نەمرەیە. کەسایەتیی تێکنۆکرات و کاریزماتیکی قاسملوو بۆ شوێندانان لەسەر پرسە جۆراوجۆرەکان لە بیاڤی دیپلۆماتیک، پێوەندیی نێودەوڵەتی و تەشکیلاتی لە حیزبەکەی خۆیدا لە زۆر بواردا دەسکەوتی زۆری هەبوو و هەیبەت و هەیمەنەیەکی تایبەتیی پێ بەخشیبوو. هاوکات چۆنیەتیی خەبات دژی ئەو ڕێژیمەی د. قاسملوو وزە و ئاوەزی خۆی و حیزبەکەی بۆ تەرخان کردبوو جێگەی تێڕامانە. د. قاسملوو هەوڵی دەدا دنیابینی و جۆری بیرکردنەوە و تێڕامانی ڕێبەرانی ڕێژیم بۆ لای پرسە جیهانییەکان و یەک لەوان پرسی مافە نەتەوایەتییەکان بگۆڕێ.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زۆر کەسایەتی بۆ ڕچەشکێنی و گۆڕانخولقێنی لە کۆمەڵگەی خۆیاندا سەریان هەڵداوە کە بە ڕاشکاوییەوە دەتوانین بڵێین د. قاسملوو دیارترین و سەرتۆپی شوێندانەرترین کەسێتییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە کە جیا لەوەی ئالاهەڵگری خەباتی نەتەوەکەی خۆی بوو، کەچی بۆ چرکەساتێکیش سەرنجی لەسەر خەباتی نەتەوەکانی دی بۆ ئازادی و ڕزگاری و مافە مرۆییە جیهانداگرەکان لا نەچوو. هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین کە تێرۆری ئەو کەسایەتییە مەزنە و حەزفی فیزیکیی د. قاسملوو لە ڕاستیدا تێرۆری دیپلۆماسی و ڕووخاندنی پردی پێوەندیی نێوان ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کۆمەڵگەی جیهانی بوو، ئامانج لەوەش ئەوە بوو ڕەوتی گۆڕانکارییەکان و بەرەوپێشچوونی نەتەوەکان ڕۆژهەڵات نەگرێتەوە. لەخۆڕا نییە کە قۆناغی دوای تێرۆری د. قاسملوو، زەمەنی پتر ڕۆچوون لە سڕبوون و پاشکەوتوویە و چەندە لەو بڕگە مێژووییەدا بۆ تێپەڕین لەو دۆخە بۆشایی کەسایەتیی تەکنۆکرات، دیپلۆمات و کاریزماتیکی وەک د. قاسملوو هەست پێ دەکرێ.



د. قاسملوو وتەیەکی بەنرخی هەیە کە دەڵێ: "هەر گەلێک ئازادیی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا." ئەم وتەیەی د. قاسملوو لەسەر ئەو کۆمەڵگەیانە کە باسیان کرا و لە ئێستادا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە عەزرەتەوە چاویان تێ بڕیون تەواو ڕاستە، چونکی بەها و تێچووی دۆخی ئێستایان (پێشکەوتن و ماف و ئازادییەکانیان) داوە. ژیان و پێگەیشتنی د. قاسملوو لەو کۆمەڵگەیانە و لە نیزیکەوە بینینی ڕەوتی ئازادی و دێموکراسی‌خوازیی ئەم نەتەوانە هەوێنی گوورانی هزر پێشکەوتووەکان لە مێشک و دڵ و دەروونی نەمریاندا بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای نسکۆی کۆمار و لێکترازانی ڕیزەکانی و پەرش‌وبڵاویی هێزەکانی لە ماوەی چارەگە سەدەی دوای ڕووخانی کۆمار، لەسەر دەستی بیرمەندێکی گەورەی وەک. د قاسملوو دادەڕێژرێتەوە و دەبووژێتەوە. د. قاسملوو لە بارودۆخێکدا ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی گرتە دەست کە شەپۆلی چەپ دنیای بەسەر دوو جەمسەری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا دابەش کردبوو. ئەگەرچی لەو قۆناغەدا خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوە بندەستەکان لە تیورییی چەپ بژیوی وەردەگرت و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش وەک حیزبێکی پێشکەوتووی نەتەوەیەکی بندەست و مافخواز لەو چوارچێوەیەدا پێناسە دەکرا؛ بەڵام د. قاسملوو هۆوییەتێکی دیکەی بە حیزبی دێموکرات و خەباتی نەتەوەی کورد لە ئێران بەخشی. د. قاسملوو کە لە ماوەی ژیان و خوێندنی باڵای لە ئورووپای ڕۆژهەڵاتدا ڕەوشی سیاسیی نیزامە سیاسییەکانی ئەم بلۆکەی لە نیزیکەوە بینیبوو، هەوڵی دا بە دەربڕینی سێنتێزێک لە چەپ -ڕیئال سۆسیالیزم- پێناسە بکا و شوناسێک بە حیزبەکەی ببەخشێ کە هەڵگری تیۆریی خۆماڵی‌کراو بێت.

لەگەڵ لەدایکبوونی لە ژینگەیەکی سیاسیی تایبەت -لە وڵاتێکدا کە ڕێژیمی پاشایەتی حوکم دەکا- گرتنەبەری تیۆریی دێموکراسی و تێپەڕین لە فکرییەتی دیکتاتۆری لە وڵاتێکدا کە نوقمی سەرەڕۆیی و ئیستبدادی مێژوویی بوو، بووە هۆی گەشە و هەڵدانی و ئەوە دەبێ بە پێشکەوتنێکی هەرە مۆدێرن و ئەورۆیی دابندرێ.

ئەم ئاوانگاردییە فکرییە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمەوە هاوهەنگاو لەگەڵ ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆنێک کە بەرەبەرە لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئێستا -لەو بڕگە مێژووییەدا- پڕاکتیزە دەبێ، کەچی لەلایەن وڵاتانی زلهێزی بڕیاربەدەستەوە بەهەند وەرناگیرێ، وەک چۆن بینیمان پشتی کۆماری کوردستان لە عەرز دەدرێ.

ڕەوتی دێموکراسی‌خوازیی حیزبی دێموکرات دوای کۆماری کوردستان و لە قۆناغی خەباتی نهێنیی ئەم حیزبەشدا پێ‌بەپێی گۆڕانکارییەکان دێتە پێشێ و پاش ئەوەی د. قاسملوو ڕێبەریی حیزب دەگرێتە ئەستۆ؛ ڕەهەندی جیاواز دەگرێتە خۆی. د. قاسملوو دوگماتیزمی ڕیئال سۆسیالیزم شوێنی لەسەر دانانێ و خەسڵەتی میللی-دێموکراتیک دەبەخشێتە حیزبی دێموکرات. هەوێنی بیرکردنەوەی د. قاسملوو سەنتێزێکە لە بیری چەپی ئاوێتەکراو بە خواستی میللی دێموکراتیک بۆ گەلی کورد. ئەو کاتەش کە ڕەوتی گۆڕانکارییەکان شۆڕش دژی دەسەڵاتی پاشایەتیی لێ دەکەوێتەوە، حیزبی دێموکرات خەباتی ئاشکرای خۆی بە میتینگەکەی مەهاباد دەست پێ دەکاتەوە و جێ‌کەوتنی بنەما فکرییەکانی قاسملوو پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ.

دوکتور قاسملوو بەدەر لەو بایەخ و گرینگییەی بە پرسی کورد لە ئێرانی دەدا،

# ڕۆڵی ئافرەت لە گوتنەوەی بەیتە فۆلکلۆرییەکاندا

## (ژن لە پانتایی هونەری گۆرانیدا)


سابات حەمید



ژن بە گشتی لە پانتایی گۆرانیی کوردیدا، ڕوخسارێکی لێڵی هەیە. یان ئەوەتا تەنیا لە گۆشەنیگای پیاوەوە باسی کراوە و پەسن و تاریف یان زەمی کراوە، یان ئەگەر خۆیشی ویستوویەتی جاروبارە ناخی خۆی بخاتە ڕوو، ئەوا دواجار ئەو دەربڕینەشی هەر لە هێلانەی سینەیدا ماوەتەوە و هۆنراوە و گۆرانییەکەشی هەر پیاو چڕیوێتەوە. وەک هەموو ئەو بەشانە لە حەیران و بەیتەکان کە پیاوان دەیانڵێنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ژن هۆنیویاننەتەوە و بە "کیژ دەڵێ..." دەست پێ دەکەن. جا بۆ تێگەیشتن لە هەموو لایەنەکان و هۆکارەکانی ئەو بزربوونەی دەنگی ژن لە فۆلکلۆری ئێمەدا، ناچارین زۆر بگەڕێینەوە دواوە و لە پێشداش ئاوڕێک لە کولتووری گەلان بدەینەوە بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ تەنیا لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریی ئێمەدا وا بە سووک و بێ بایەخییەوە سەیری ژن کراوە یان لە نێو گەلانی دیکەشدا ئەو ڕەوتە هەر وابووە؟ با بزانین ئەو سووک ڕوانینە لە ژنان، بەرهەمی ژیان و ژیاری نوێیە، یان نەخێر ڕەگ و پنجی لە بنەبانی مێژوو دایە؟

ویل دۆرانت لە کتێبی چێژەکانی فەلسەفەدا ئاوا باسی ژن دەکا: "ئەرەستۆ گوتوویەتی ژن، بۆیە ژنە چونکە پیاو نییە. ئەفلاتون شوکرانەبژێری خودایە کە بە ژنی نەخوڵقاندووە. یەکێکی تر پێی وایە باسکردن لە ژن وەک ئەوە وایە باسی کێم و چڵک و چەپەڵی بریناں بکەی". بەڵگەی مێژوویی و مرۆناسی زۆرن لەسەر ئەوەی سەردەمانێک ژنەکان لە دەسەڵاتدا بوون و تەنانەت حاڵەتێکی خوایانەشیان هەبووە. ئەو پەیکەرانەی لەسەردەمانی پێش مێژوو دۆزراونەتەوە و تێیاندا پەیکەرەکان لە شێوەی ئافرەت دروست کراون و مرۆڤەکان پەرستوویانن، ئەوە دەردەخەن کە ڕوانگەی مرۆڤەکان بۆ ژن لە سەردەمی ژیانی مرۆڤی کەونارادا ڕوانگەیەکی پیرۆز بووە. سەید محەمەد عەلی سەجادی توێژەری زانکۆی شەهید بەهەشتیی تاران لە وتارێکیدا بە ناوی "زن و هبوگ" کە لە لاپەڕە ١٧٣ ی ژمارە ٥٧ی گۆڤاری توێژینەوەی زانستە مرۆییەکاندا بڵاوی کردووەتەوە، لەو بارەیەوە دەڵێ: "بوونی ئەو خاتوو خوا (خواژن)ـانەی کە سەردەمانێکی زۆر دەسەڵاتیان بەسەر جیهانی بیر و هزری مرۆڤەکاندا هەبووە، ناهێڵێ حاشا بکەین لەو ڕاستییەی کە سەردەمانێک ژن دەسەڵاتدار و پادشا بوون... و توێژنەوەکان سەلماندوویانە کە یەکەمین خانووەکان ژن دروستیان کردوون. یەکەم تۆو و دانەوێڵە ژن چاندوویەتی و یەکەم جلوبەرگەکان بەرهەمی پیشەی دەباغی و چنین و دوورینی ئەوان بووە و تەنانەت هەوڕگەری (دروستکردنی گڵێنە)ش داهێنانی ئەوان بووە... و زۆربەی هەرە زۆری کەوناراناسەکانیش پێیان وایە یەکەم وەرزێرەکان ژن بوون."

مرۆڤ چەندە لە سەردەمی ئۆستوورەکانەوە دوورتر دەکەوێتەوە و ژیانی سەرزەوی کۆنتر دەبێ، دەسەڵاتی ژنیش کەمتر دەبێتەوە. توێژینەوەکان وایان دەرخستووە کە لە پێشدا ژن بەشێک لە دەسەڵاتی خۆی لەگەڵ پیاواندا دابەش دەکا. بەڵام کە شارستانییەتەکان دادەمەزرێن، بەهۆی ئەوەوە کە ناچار دەبن هێزی سەربازیی بەردەوام دامەزرێنن، وردە وردە ئەو دەسەڵاتە لە ژن دەستێنرێتەوە و ئیتر پیاوان دەبنە مەیداندار و ئەوجار ئەوە پیاوانن تەنانەت چۆنیەتیی بیرکردنەوەکانیش دیاری دەکەن. ئیتر لەمەودوا مرۆڤەکان کە لە زەوییەوە سەر بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕن و پێگەیەکی ئاسمانی بەخودا دەبەخشن، بەشوێن کەسێکدا دەگەڕێن کە تاوانی چارەڕەشی و مەینەتییەکانی بخەنە ئەستۆی و لێرەشدا لە ژن باشتریان وەگیر ناکەوێ. ئەو دەسەڵاتدارەی کە ئیتر دەسەڵاتێکی نەماوە. کە پێشتر ژن بەسەرچاوەی ژیان و تەنانەت گۆی زەویش بە مێینە و سەرچاوەی ژیان سەیر دەکرا و وەک زەویی دایک ناوی دەبردرا، ئیتر ئەمجارەیان هەموو ئەو شتانە پێچەوانە بوونەوە.

خەڵکی یونانی کۆنیش هەر بەسووک سەیری ژنیان کردووە و سووکیان لێ ڕوانیون. بۆ وێنە لە ئیلیادە و ئۆدیسەی هۆمێردا زۆر بە دەگمەن باسی ژنان دەکرێ و هەر کاتێکیش باسی ژنان کراوە، ئەوە وەک هۆکاری داگیرسانی بڵێسەی شەڕەکان و ئێرەیی پێبردن باسی ژنی کردووە، یان وەک کۆیلە و ئاژەڵ و دەستکەوتەکانی شەڕ.

شاعیرێکی یونانی کە ٨٠٠ ساڵ بەر لە زایین ژیاوە، سەرەتای هەموو نەهامەتی و چارەڕەشییەکانی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ پەیدابوونی یەکەم ژن بە ناوی پاندۆرا. سوزان مولیر ئۆکین لە کتێبی "ژن لە فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژاوادا" بەو جۆرە تیشک دەخاتە سەر بۆچوونەکانی هەسیود: "لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم ژن لەسەر زەوی ئیدی چارەڕەشیی مرۆڤیش دەستی پێ کرد. تۆرەمەی ژنان کە سەرچاوەی مەرگ و تێداچوونن، لە پاندۆرا کەوتووەتەوە کە ڕەگەز و نەژادێکی پیس و چەپەڵی هەبوو.. و مخابن بوونی ژن بۆ زاوزێ و مانەوەی تۆرەمە و ماڵداری پێویستە. ئەو خوێنەری بەرهەمەکانیشی وریا دەکاتەوە کە متمانە بە ژنان نەکەن". یان پریکلێسی سیاسەتمەداری یونانی لە ئامۆژگارییەکانیدا ئاوا باسی ژن دەکا: فەزیلەتی ژنێتی کە کەسایەتیی سروشتیی ژن پێک دێنێ، وا هەڵدەگرێ ژنان کەمتر قسە بکەن، جا قسەکانیان چاک بن یان خراپ.

باشترین بەڵگە بۆ تێگەیشتن لە پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کۆنی مرۆییدا، ئەو پەند و ئیدیۆمانەن کە زار بە زار گەیشتوونەتە ئەمڕۆ. بۆ وێنە لە ئێرانی کۆندا گوتوویانە: "باشترین ژن، ئەو ژنەیە کە هێشتا لە دایک نەبووە." یان لە نێو عەرەباندا گوتوویانە: "گۆڕ باشترین زاوایە بۆ ئافرەت". یان ئەوەتا ئیدیۆمێکی چینی هەیە کە دەڵێ: " کە چوویتە لای ژنان، قەمچییەکەت لەبیر نەچێ". لە کوردەوارییەکەی خۆشماندا بەردەوام شتی لەو جۆرە گوتراوە: "ژن ئەقڵی لە کۆشی دایە، هەر هەستێتە سەر پێ، لێی بەردەبێتەوە"، یان "ژن قژی درێژە و ئەقڵی کورتە". ئەوە لە ئایینی ئیسلامیشدا بە دوو ژن حیسابی پیاوێکیان بۆ دەکرێ، هەم لە مەسەلەی میرات و هەمیش لە شایەتیداندا. ئەحمەدی بەحری لە گەنجی سەربەمۆردا دەنووسێ: ژن لە مێژوودا هەوراز و نشێوێکی زۆری پێواوە. زەمانێک بەرپرسی ماڵ بووە، زەمانێک دەسەڵاتی خۆی پەرە پێداوە و دەورانی "مێ وەجاغی" پێک هێناوە. دوایە بە هێندێک هۆ وردە وردە ئەم دەسەڵاتەی لە دەست داوە و دەورانی "نێر وەجاغی" دەستی پێکردووە و ئیتر خۆی پێ نەگیراوەتەوە. ڕۆژ بە ڕۆژ پتر کەڵک و بایەخی خۆی لە دەست داوە و تەنانەت وای لێهاتووە، بوونی مایەی سەرشۆڕی بووە و زیندەبەگۆڕیان کردووە.

خۆی ئەگەرچی لە نێو پەند و ئیدیۆمە کوردییەکاندا زۆر ئیدیۆمی واش دەست دەکەون کە نیشانەی بایەخدانن بە ژنان، بەڵام بە ڕوویەکەی دیکەیدا ئەوانیش کە لێکیان دەدەیتەوە، دەبینی دیسان ڕواڵەتەکەی وا دەنوێنێ کە ڕێزی لە ژن گرتووە. بۆ وێنە دەڵێن:" ژن کۆڵەکەی ماڵە، یان ژن و ماڵیان گوتووە". لە هەر دوو ئیدیۆمەکەدا کە لێی ورد دەبیتەوە، ژن بە ماڵەوە گرێ دراوەتەوە. لە یەکەمیاندا بە کۆڵەکە شوبهێنراوە. خۆی دیارە کۆڵەکە نەبێت ماڵ دەڕمێ، بەڵام کۆڵەکە بە لایەکی دیکەدا ڕەمزی چەق بەستن و چەقینە لە شوێنێک. ڕەمزی نەبزووتن و بێ جووڵەییە لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو قورساییەکەشی لەسەرە. لە ئیدیۆمەکەی دیکەشدا "ژن و ماڵیان گوتووە"، دیسان قەتیس کردنەوەی ژنی تێدایە لە چوارچێوەی ماڵدا. هەر ئەو شتەی هەتا ئێستاش بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگە شەرقییەکان بەدەستییەوە دەناڵێنن و بەو هۆیەوە ژن هەر نەیتوانیوە سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت و لە ئاکامی چاولەدەستبوون و بەستراوەیی ئابوورییەکەیەوە بەشێکی هەرە زۆری مافە ئینسانییەکان پێشێل دەکرێ. دەی لەو کۆمەڵگەیەدا کە بەو جۆرە لە ژن بڕوانێ و پێی وابێ بێدەنگبوون، حیجاب و شەرمی ژنە، ئیتر تواناکانی ژن چۆن دەپشکوێن و چۆن گەشە دەکەن؟ ئیتر چۆن کۆمەڵگاکەمان لە توانا شاراوەکانی ئەو بەشەی خۆی بەهرەمەند دەبێت، کە هەر خۆی ڕێگەی پێ نادا گەشە بکات.

عەزیز وەلیانی لە کتێبی ژیلەمۆدا ئاوا باسی ئافرەتی کوردەواری دەکات: سەرباری قەرقەشی و سەخڵەتیی ژیان لە لایەن باب و برایانی کە لە ژێر کارتێکردنی فەرهەنگی تایبەتی عەشیرەتن، بێ حورمەتیان پێ کراوە، گوێیان نەداوەتە ویست و دڵخوازی ئەو، بە کەمیان زانیوە، بە خۆیاندا شکاندۆتەوە، کەسایەتی و غرووریان لە ژێر پێ ناوە، شەڕیان پێ داکووژاندووە، بە بەرخوێنیان داوە، لەسەر لانکێ دەسنیشان کراوە، بۆتە بن پشکی برایان، بە زۆر بە مل کەسێکیان دابڕیوە، جا چ زەبەلاح و ڕەزاگران بێ و چ پەککەوتە و ئیختیار.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانە بەو دەرەنجامە دەگەین کە ئەو بەشە لە کۆمەڵگای کوردەواریمان، تەنانەت ئەگەر زۆر بەتوانا و بەهرەمەند و داهێنەریش بێت، ئەوەندەی کۆسپ و لەمپەر لەبەردەم دایە کە ڕێگەی دەرکەوتنی پێ نادات و لە ئاکامدا کۆمەڵگاکەش لێ بێبەش دەبێ.

# بۆ گزینگی بەربەیان...
# «قاسملوو»

## پێکهاتەیەکی سوور

لەو شێعرەدا باران دەبارێ پاش ئەوینی من
دوای باسی ڕوانی خەنجەر و مێژووی برینی من

هەورێك بەری هەر ڕستەیەك دەگرێ بەیانی زوو
هێند تەم دەکا واتا کە تۆ هەر لێڵ دەبینی من

هەر میسرەعێك تەرمێك لە جوانی بۆتە میوانی
هەر بەیتێ ڕووداوێك لە ئێستای ئاورینی من

لەو شێعرەدا فیلمێك نیشان دەدرێ بە سەبکی ژان
فیلمێك لە دەنگی خوێن و ڕاوێژی خەمینی من

پیاوێك کە سەردێڕی هەموو شاخێك بوو ناوی ئەو
خەڵتانی گورگە بۆیە هەروا گەرمە شینی من

هەر مەم دەخوێنێ خوێنی خۆی بۆ کۆترەکانی باخ
پرسیارە لەو ڕستانەدا کوا یایە زینی من

لەو شێعرەدا سمکۆڵ دەکا بێدەنگی بۆ تاوێك
پاشان دەبێتە کات و مەودای ڕاپەڕینی من

ئێوەش وەرن بەو شێعرەدا با ببنە مێژووی خوێن
ئەی خوێنەرانی تەرمی شاخێك پڕ لە ژینی من

***

## دژی تەنیایی با

نەدەبوو ئەمن و شەو و زامی بەیان تەنیا کەی
نەدەبوو بەرگی یەکی سووڕەتی ژان تەنیا کەی

نێردراوی ئەوی باڵندە و کۆچی سوورم
نەدەبوو داری خەوم کاتی خەزان تەنیا کەی

ناوی تۆ گڕ بوو لە من بەربوو، خودا شیبایەك
با بسووتێ، کەسەکەی کاتی بەیان، تەنیاکەی...

کە هەتاوێکی لە نێو زارەوە گوت شەو ڕۆیی
کوا دەبێ مەشغەڵی وا تاکوو نەمان تەنیا کەی

دێڕی هەر ڕۆژێ بە یادێکەوە داگیرساوە
لاپەڕەی من دەبوو تۆ بۆ گڕەکان تەنیا کەی؟

دێتە پەیڤین بە نەبوونت دڵی بێ ئۆقرە بەڵێ
ئەو دەمەی شاعیری شێعرێکی جوان تەنیا کەی

***

## ڕووداوێك لە چاوتدا ڕوودەدا... خوێناوی

کۆچی کرد لەو چاوەدا، وێنەی ئەوەی تاقانە بوو
ئەو بەهارەی بۆ خەزانی ژانی من، هێلانە بوو

ڕۆژ دەبوو بەو باخە، سەد مانگی لە ناخدا دەبووە دەف
شەو بە یادی؛ کۆڕی تەنیاییم چ دەروێشانە بوو

پڕ لە ڕووداوی بزە و کۆستی خەم و مەستی هەواڵ
دێڕی بڕوای شاخەکان، چیرۆکی سەد ئەفسانە بوو

ئاوری نووسی، لەسەر وەرزێکی بێ ناسنامەوە
کاتی لوورەی بەستەڵەك، ڕاوێژی نەورۆزانە بوو

ببووە پێشەنگی هەموو تەنیاییەکانی باڵی مەل
ببووە ڕێبواری ئەو ئایینەی لەسەر جامانە بوو

ئەی وڵاتی شۆڕەکات! یارێك لە دڵ ڕابگرە وا
کاتی تینوێتیت؛ هەموو باسێکی دەریایانە بوو

من دەبێ بیهۆنمەوە، کۆچێك بە زاراوەی چیا
من دەبێ بینووسمەوە چاوێك؛ وڵاتێك وانە بوو

ڕابوون ڕۆژهەڵات

# KURDI STAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:803 22 July 2021

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312


## بەر لە ماڵاوایی

# لە کانیی بیری قاسملووەوە

**دژایەتی لەگەڵ تێرۆریزم**

«ئەو بزووتنەوانەی بە ڕێگای دێموکراتیدا دەڕۆن و لایەنگری و پشتیوانیی خەڵکیان لەگەڵە، پێویستییەکیان بە پەنابردن بۆ تێرۆریزم نییە. لەگەڵ ئەوەی خومەینی چەندین جار دژی ئێمە لە شێوەکانی تێرۆریستی کەڵکی وەرگرتووە، بەڵام حیزبی ئێمە قەت پەنای بۆ وەها کارهایەک نەبردووە. ئێمە تەنیا حیزبی ئێران بووین کە بە بارمتەگرتنمان لە سەفارەتی ئامریکا (ساڵی ١٣٥٨) مەحکووم کرد. ئێمە هەمیشە تەیارەڕفاندن و بۆمبدانانەوەمان مەحکووم کردووە. تێرۆریزم سیاسەتی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامییە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم ڕێژیمە بەرانبەر بە داوای ڕەوای خەڵک هیچ وڵامێکی پێ نییە جیا لە سەرکوت... ئەگەر ڕۆژهەڵات بە سەرچاوەی تێرۆریزم دەژمێردرێ، لە بەر ئەوەیە کە زیاتر لە هەر ناوچەیەکی دیکە، ناوەندی ناکۆکی و پێکدانانی ئیستراتژیکی، سیاسی، ئابووری، ئایینی و نەتەوایەتییە. تا ئەم ناکۆکییانە لە بەین نەچن، تێرۆریزم ڕیشەکێش ناکرێ. تا ئەوکات خەبات دژی تێرۆریزم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نەتەنیا لەگەڵ دەستە و تاقم، بەڵکوو زیاتر لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە هانیان دەدەن دەبێ بکرێ. هیچ گومان لەوەدا نییە کە ڕێژیمی خومەینی لە سەرەوەی ئەو دەوڵەتانە دایە».

**هەوڵدان بۆ بەنێونەتەوەییکردنی مەسەلەی کورد**

مەسەلەی کورد لە هەموو ئەبعادی خۆیدا بەو شێوەیە کە هەیە. لە واقعیدا کێشەی چەندین میلیۆن کوردە کە دەبێ مەترەح بکرێ. ویستەکانمان ڕەوا، ئینسانی و درووستن. پێم وایە ئەگەر بەم شێوەیە لە مەسەلەکە بڕوانین و بچینە پێشێ، سەرکەوتنمان زیاتر دەبێ. موهیمییش ئەوەیە کە پەیامەکانی خۆمان کە ڕوا و دیموکراتیکن لە دەرەوە بە باشی وەربگێردرێ. دەبێ بە هەموو ئەو کەسانە کە گوێیان لە قسەکانی ئێمەیە، بڵێین کە داوای کورد زۆر سادە و ڕەوایە. کورد مافی نەتەوەیی خۆی دەوێ کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی ئادەمیزاددا هاتووە و شتێکی زیادی نیە. بۆیە داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس، مەسەلەیەکی نێوخۆیی نیە. زۆر دەوڵەتان وەک دەوڵەتی ئێران کە باسی کورد دەکرێ، دەڵێن؛ ئەوە مەسەلەیەکی نێوخۆییە و کەس حەقی نیە دەستی تێوەر بدات. کەوابوو ئێستا کە ئێمە داوای خودموختاری دەکەین، مەسەلەیەکی نێوخۆیی نییە و بەشێکە لە مافی ئادەمیزاد. بۆیەش ئەو دەوڵەت و ڕێکخراو و شەخسییەتانە کە خۆیان بە لایەنگری مافی ئینسان دەزانن، پێویستە لە داوا ڕەواکانی کورد پشتیوانی بکەن».

**باوەڕمەندبوون بە مەسەلەی ژنان**

لە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئێمەدا، دەبێ جێگایەکی تایبەتی بدرێ بە ژنان. وەک دەزانن حیزبی ئێمە مافی بەرابەریی تەواو لەگەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێ. بەڵام دانانی ماف لەگەڵ پیادەکردنی ئەو مافە لە کۆمەڵدا مەودایەکی زۆریان لە بەیندا هەیە. دەبێ ئەو مەودایە بەرەبەرە لەبەین بچێ. بە بیروڕای حیزبی ئێمە هەرچی ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوتووترە و بزووتنەوەکە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتن نزیکترە». هەروەها شەهید دوکتور قاسملوو لەم بارەوە دەڵێ؛ «هەرچی ژنان لە بزووتنەوەی کوردستاندا زیاتر و چالاکتر بەشداربن، ئەوەندە بزووتنەوەی کوردستان سەرکەوتووترە».

**تێکەڵکردنی ئەخلاق و سیاسەت**

ئێمە بێئوسوولی و جنێوفرۆشی لە سیاسەتدا ڕەت دەکەینەوە، بۆ جێگرکردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا تێدەکۆشین و یەکەم حیزبی ئێرانی بووین کە ئەخلاقمان واریدی سیاسەت کردوە.

**واقعبینیی سیاسی**

با ئیعتراف بکەین کە لە تاریخی میللەتەکەماندا کورد سیاسەتەکەی ئەوە بووە، یا هەموو شتێک یا هیچ شتێک، نەتیجەکەی بۆتە چی؟! بۆتە «هیچ». لە سیاسەتدا زۆر جار هەیە دوو هەنگاو دەچیە پێش، شتێک وەردەگری، لە پاشان دیسان خەبات دەکەی بۆ شتێکی دیکە، ئەوە سیاسەتە. ناویان ناوە هونەری مومکین. سیاسەت هونەری مومکینە. لە سیاسەتدا ڕەش و سپی نیە!، هەموو شتێک و هیچ شتێک، هەرکەس ئاوا سیاسەت بکا سەرناکەوێ.

**مافی دیاریکردنی چارەنووس**

ئەگەر خودموختارییەکی ڕاستەقینەمان دەست کەوت بەو مانەیەیە کە «مافی چارەنووس»، جێبەجێ کراوە. مەسەلە ئەوە نییە کە ئێمە نوێنەرێکمان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکاندا هەبێ و ئاڵای تایبەتی و دراوی خۆمان هەبێ. هەر ئێستا زۆر میللەت ئەوانەیان هەیە – بەتایبەت لە ئافریقا کە پێشتر داگیرکرابوون و ئێستا ئازاد کراون – بەڵام هیچ هەست بەوە ناکەن مافی دانانی چارەنووسیان هەیە. مەبەستم ئەوەیە کە بوونی شکڵی ڕواڵەتیی سەربەخۆیی یان ئیستقلال، مانای ئەوە نیە کە میللەتەکە مافی دانانی چارەنووسی دەست کەوتبێ. عەکسی ئەوەش هەر ڕاستە.» بە گشتی لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەوەیە کە «خەڵک هەست بەوە بکات کە حاکمە بەسەر چارەنووسی خۆیدا...

# کۆچی دوایی هونەرمەند جافر زەلکەیی بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ

هونەرمەند جافر زەلکەیی، شمشاڵژەنی بەتوانا و ناوداری خەڵکی مەریوان ڕۆژی پێنجشەممە ٢٤ی پووشپەڕی، لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا و بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆ لە ڕێگەی مەریوان _ سنە کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا جافر هەر لە بنەماڵەوە خولیای هونەری مۆسیقا و بەتایبەت شمشاڵ، ئامێری ڕەسەنی کوردی بوو و بە هاوکاری و پاڵپشتیی براکانی پەرەی بە هۆنینەوەی شمشاڵ دا و بەردەوام مایەوە. لە ئەزموونەکانی هونەرمەندانی ناوچەی مەریوان وەک «حەمەوەستای کانیسانان»، «ئەحمەد زەلکەیی»، «حەمە پیرسەفایی»، «فایەق نژماری»، «مەحموود سیاناوی» و پاشان سنوورەکان تێدەپەڕێنێ تادەگاتە خزمەتی مامۆستای پایەبەرزی گەلەکەمان «قالە مەڕە».

هونەرمەند جافرزەلکەیی لە چەندین فێستیواڵی هونەری لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا بەشداریی کردووە و چەندین خەڵات و ڕێزنامەی هونەریی پێبەخشراوە.


تەرمی ئەو بەڕێزە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٤ی پووشپەڕ لەسەر دەست و شانی ئاپۆڕای خەڵکی شاری مەریوان و هەورامان لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بە خوێندەوەی



شێعر و پەیامی سەرەخۆشیی ڕێکخراوە مەدەنی و ئەدەبیەکانی کوردستان و ژەنینی چەند کۆپلەیەک شمشاڵ لەلایەن شاگردەکانیەوە ئەسپەردەی خاکی پیرۆزی کوردستان کرا.

شایانی باسە کە جاددەکانی کوردستان بە هۆی ناستانداربوون و پێڕانەگەیشتنی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ساڵانە بە هەزاران کەسی خەڵکی ئەو ناوچانە دەکەنە قوربانی و بە «جاددەکانی مەرگ» ناوبانگیان ڕۆیشتووە.

# بڵاوبوونەوەی «ستران»ی عەلی ئۆڵفەتی




"ستران"، کۆمەڵە شێعری عەلی ئۆڵفەتیی، شاعیری کرماشانیی چاپ و بڵاو بوویەوە.

عەلی ئۆڵفەتیی شاعێر و نووسەری کرماشانی خاوەنی چەند بەرهەمی چاپکراوی ئەدەبی و ڕەخنەگرانەیە. ناوبراو خەڵکی گوندی "نقارەکووب"ی سەر بە شاری سەرپێڵ لە پارێزگای کرماشانە و، بەرهەمەکانی لە چەندین فێستیواڵ و کێبەرکێی ئەدەبیدا خەڵاتی باشترین بەرهەمیان وەرگرتووە.

"سانە ناو"، "گەرمەشین"، "گیان"، "سزیان وەفر گەرمیێان"، "سرووێت باشوور"، "لە چیمەنە ڕێیەو چیمنە ڕێیەو" بەشێکن لە بەرهەمەکانی ئۆڵفەتی. هەروەها شێعرەکانی ناوبراو بوونەتە گۆرانی و لە زاری ناسر ڕەزازی و حوسێن سەفامەنشەوە تێکەڵ بە مووسیقای دڵڕفێنی کوردی بوون.

# سەرکەوتنی منداڵانی کورد لە ئۆلەمپیادی «هونەر و وەرزش»ی ئامریکا

سێ منداڵی کورد لە شەشەمین ئۆلەمپیادی «هونەر و وەرزش»ی ئامریکا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

«سۆگوڵ فەتاحی» تەمەن ١٢ ساڵان خەڵکی کرماشان، «ڕاستین جافری» تەمەن ٨ ساڵ خەڵکی «لوڕستان» و «هەستی عابدی» ٩ ساڵان خەڵکی «بۆکان» توانیویانە لە شەشەمین کێبڕکێیەکانی ئۆلەمپیادی «هونەر و وەرزش» کە لە «واشنگتۆن»ی ئامریکا بەڕێوە چووە خەڵات وەدەست بێنن. ئەو ئۆلەمپیادە ساڵی ٢٠٢٠ لە «واشنگتۆن» بەڕێوە چووە و ئەو منداڵانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ناردنی نەقاشی لەو کێبڕکێیانەدا بەشدارییان کردبوو.

هاوکات کچە کورد بە ناوی ئەژین قادری لە پارێزگای سنە ڕیکۆردی کێبەرکێیەکانی ڕاکردنی کچانی ئێرانی تێپەڕاند و پلەی یەکەمی لەو بوارەدا مسۆگەر کرد.

لە کێبەرکێیەکانی ڕاکردنی کچانی تازەلاوی ئێراندا کە ١٨٦ وەرزشکار لە هەموو پارێزگاکانی ئێرانەوە تییدا بەشداربوون و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە «شاری کورد» لە پارێزگای چوار مەحاڵ و بەختیاریی بەڕێوە چوو، ئەژین قادری لە پارێزگای سنە توانی بە تێپەڕاندنی ڕیکۆردی پێشووتری ڕاکردنی ئێران، ڕیکۆردی تازەی ئەو ڕشتە وەرزشییە بۆ خۆی مسۆگەر بکا و پلەی یەکەم وەدەست بێنێ.



# پەردەلادان لەسەر کتێبی «مێژووی ئەردەڵان»



کتێبی مێژووی ئەردەڵان لە نووسینی مەستوورە ئەردەڵان کە چاپی یەکەمی دەگەڕێتەوە بۆ ١٧٠ ساڵ لەمەوپێش، لە ڕێوڕەسمێکدا لە شاری سنە پەردەی لەسەر لادرا.

کتێبی تەواوی مێژووی ئەردەڵان لە نووسینی مەستوورە ئەردەڵان بە چاپ و ڕاستکردنەوەی نوێی جەماڵ ئەحمەد ئایین یەکێک لە لێکۆڵەرانی کوردستان شەوی چوارشەممە، ٢٣ی پووشپەڕ بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک لە ئەدیبان و مامۆستایان و هۆگرانی فەرهەنگ و مێژوو لە عیمارەتی خەسراوا پەردەی لەسەر لادرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا جگە لە هۆگرانی کولتوور و مێژووی کوردستان، کەسایەتیگەلێکی بەناوبانگ وەکوو هادی زیائەدینی، بیژەن زوڵفەقارنەسەب، سیمین چایچی، ماجد مەردۆخ ڕۆحانی ئامادە بوون.

جەمال ئەحمەدی ئایین کە کاری ڕاستکردنەوەی ئەو کتێبەی لە ئەستۆ بووە، لەو ڕێوڕەسمەدا گوتی: ئەو کتێبە پێشتر لە ساڵی ١٣٢٨ لەلایەن ناسر ئازادپوورەوە لە چاپ دراوە و منیش دواتر لە ساڵی ١٣٨٤ ئەو کتێبەم کە ڕووداوەکانی تا ساڵی ١٢٥٠ی تێدا هاتبوو، ئامادەی چاپ کردەوە و ئێستاش بە یارمەتیی مەنسوور ئەردەڵان یەکێک لە نەوەکانی خەسرەوخانی ئەردەڵان نوسخەیەکی تەواوتر لەو کتێبەم لەچاپ داوەتەوە.